# شەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

91

ئادار 2013



خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**چنوور نامیق**

chnur.namq@yahoo.com

0750 362 32 63

دەستەی نووسیاری:

**یوسف لەتیف**

**سەباح ئیسماعیل**

**جومعە جەباری**

بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

هەڵەگری

**کوردستان کەیفی**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد

دەزگای شەفەق

کوردستان – کەرکووک

شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری


ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەیەکی مەعریفی و شیکارییە ڕەخنەگر وەک خوێنەرێکی زیرەکی دەق بەسەر جەستەی دەقەکە دەیکات بە مەبەستی خستنە ڕووی خەسڵەتە باش و خراپەکانی لە ڕووی هونەرییەوە.

د. عادل گەرمیانی

---

گرینگترین خاڵ لە ڕۆمانی کوردیدا نەبوونی جیاوازیی زمانە لە نێوان گێڕانەوە و نووسین و حیواری سەردەم و حیواری کۆن و رابردوو و تێکەڵکردنی ئەم جۆرە حیوارانە.

سەردار جاف

---

زمانی فروغ زۆر سادە و نزیکە لە پەخشان. نزیکترین زمانە لە زمانی ئاخاوتنەوە. ئەم سادەییە هەم لە هەڵبژاردنی وشە و هەم لە رستە بەندییە شیعرییەکان و هەم لە بەکاربردنی هەڵبەستدا بەرچاو دەکەوێت.

سویدا

---

ئەدەب بە گشتی موڵکی مرۆڤە یان جوانترە بڵێین هەڵقووڵاوی خەیاڵی مرۆڤە... جا مرۆڤ پیاو بێت یان ئافرەت لای من جیاوازیی نییە، من لەگەڵ پۆلینکاریدا نیم.

ڕۆژ هەڵەبجەیی

# پێڕست


ڕۆمان سەردەمێکی میللەتێک دەخوێنێتەوە . سەروتار. یوسف لەتیف ........ 3

تایبەت بە جەمال بابان. فایل ........ 5

شاعیرە سەعلووکەکانی عێراق .لێکۆڵینەوە .غەفوور ساڵح ........ 48

خەسڵەتەکانی ڕەخنە. لێکۆڵینەوە. د. عادل گەرمیانی ........ 64

جەلی و پرسیاری شیعر؟. لێکۆڵینەوە. د. هاوژین صلێوە ........ 70

ئیدیۆم و شتی تر لە (زەردەمار). لێکۆڵینەوە. سەردار جاف ........ 73

مەنسووری یاقووتی نووسەری کوردی، کوردی نەنووس. وتار. مەحموود عومەر حەمە ........ 80

زمانی شیعری فروغ. وتار. سویدا . لە فارسییەوە: رزگار جەباری ........ 84

جیت تایل. ناساندن. عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ ........ 90

لەگەڵ ڕۆژ هەڵەبجەیی. چاوپێکەوتن ........ 97

ژنبوون......!. شیعر. دانا عەسکەر ........ 101

لە کەناری سوێریدا . شیعر. بورهان ئەحمەد ........ 104

شیعر لە رۆحم دەردەکەم. شیعر. ستار ئەحمەد عەبدوڕەحمان ........ 107

نزاکانی جیابوونەوە. شیعری وەرگەڕاو. نزار قەبانی. لە عەرەبییەوە: سازان کەریم ........ 109

گەڵاکان چۆن هەڵدەوەرن؟. چیرۆک. نەشمیل کرمانج ........ 112

سپانەی چیرۆک و پەنجا هۆنراوەی تاکدێریی تر. کورتە چیرۆک. عەباس عەبدوڵڵا یووسف ........ 119

شاییی جنۆکە. چیرۆک. عوسمان دەروێش ........ 125

جووڵەی بە بەردبوو. چیرۆک. ئەسعەد عەزیز محەمەد ........ 133

پیاسەیەکی دوور و درێژ بۆ هەتا هەتا . چیرۆکی وەرگێڕاو. کورت ڤۆنێگات. ........ 137

یوسف لەتیف

# ڕۆمان سەردەمێکی میللەتێک دەخوێنێتەوە



هەڵبەت ئەدەب بە هەموو ژانرەکانیەوە هێندە دابڕاو و پچڕاو نین لە یەکترییەوە مەودا و نێوانیان هێجگار کەمە، زۆرجاران هێندە کەم دەبێتەوە سێبەری ئەوانی تریشی تیا بەدی دەکرێت. ئەوەی لەم نووسینەدا گرینگە کەی و کێ ڕۆمان دەنووسێ و بۆچی هەوادارانی ژانرەکانی تر بە تایبەت شیعر، پانتاییەکی زیاتری گرتووە و کەمتر بەلای ڕۆماندا دەچن.

هەڵبەت لای ئێمە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوییەوە، لە هەر نسکۆ و هەڵکشانێکدا لاوانمان پڕی پێ دەبەن و هەیانە هەر زۆر زوو شیعر وەلاوە دەنێ و هەشە لای دەبێتە خەمێکی گەورە و لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ دەبێت هەشە تا مردن یەخەی شیعر بەر نادا و جگە لە لێخنکردنی ئاوی سازگاری شیعر هیچی تری لێ ناوەشێتەوە.

ڕۆمان بە پێچەوانەی شیعرەوە، لە کۆتاییەکانی تەمەندا زیاتر دەنووسرێت، ڕۆماننووس دەبێت قاڵبووی دنیا و چمک و مەوداکانی ژیان بێت، دەبێت زیاتر عەمباری زانیاریی جودا

جودای کۆ کردبێتەوە و ئەوسا دەتوانێ رۆمان بنووسێ، هەڵبەتە ئێمە باسی رۆمانی گەورە دەکەین نا ئەوەی هاوڕێیەک رۆمانێکی خۆی دەدا بە یەکێک بۆی هەڵسەنگێنێ، پاش ماوەیەک هەڵسەنگێنەر عوزرخوایی دەکا کە نەک هەر نەیتوانیوە بیخوێنێتەوە بگرە رەشنووسەکەشی بزر کردووە. کەچی نووسەری ڕۆمانەکە دڵی دەداتەوە و دەڵێ قەیدی چییە یەکی تر دەنووسێت. هەڵبەت رۆمان نووسین لای ئەو بەڕێزە ئاوخواردنەوەیە دەنا شتی وا گەورە چلۆن وا بەبێ بایەخ بەڕێ دەکرێ، رۆمانی گەورە خوێندنەوەیەکی سەراپاگیری میللەتێکت پێ دەبەخشێت لەوێوە ئاشنایی بە کولتوور و عادات و سیستەمی حوکم و شتە باوەکانی ناو کۆمەڵ و بێ دادی و نایەکسانیی لێ دەخوێنیتەوە، بەفری پامۆک مەودای پەنجا ساڵی تورکیات دەداتێ بە هەموو ئەرکۆلۆجیای ئەو میللەتەوە، عەلا ئەسوانی لە رۆمانی عیمارەی یەعقوبیاندا پێت دەڵێت سیستەمی حوکمی میسر ڕزیوە و بەرهەمی ئەو گەندەڵییە شۆڕشی پێچەوانەیە و، بەسەر ئەو سیستەمەدا و هەروەها پێشت دەڵێ کێ لە دوایەوە حوکم دەکا و لێی نائومێدە. کە شۆڕش هێشتا دەستی پێ نەکردووە، ئەوەیە ئیمکانیەتی نووسەر ئەوەیە رۆمان، ئەوەیە مەودای عەقڵی نووسەر، کە جگە لە فەنتازیا و هونەرکاریی رۆمان مێژوویەکی دواتر داهاتووت پێ دەبەخشێ.



فایل

# تایبەت بە جەمال بابان

- چیرۆک
- دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان



## پێشەکی

ئەو چیرۆک و دیمەنی ڕۆژانەیەی کە لە دوو توێی ئەم بەرگەدا ئەیانخوێنیتەوە، تەمەنی هەندێکیان ئەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو، ئەوانی تریش وردە وردە بەرەو خوار بوونەتەوە و نزیک کەوتوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەریەکە دەیەها ساڵی بەسەرا تێپەڕیوە.

جا هەرچەند چیرۆکەکان مەرجی چیرۆک و تەکنیکی نوێیان تیا نییە، بەڵام بەسەرکردنەوەی جارانیش هەر خۆشە. جگە لەوەی هەڵسوکەوت و ژیان و ڕابواردنی ئەو سەردەمەش پیشان ئەدا.

بۆ وێنە بەرەی ئەمڕۆ سرکە و ترشیات گرتنەوەی لە ماڵی خۆیاندا نەدیوە، بەڵکو ئەو شتانە یەکسەر لە بازاڕ ئەکڕن، کەوابوو بە کوپە ترشیاتەکەی باجی حەلاوا بۆیان دەردەکەوێ، کە سیستەمی ژیانی پەنجا شەستساڵ لەمەوبەر چەند قورس و گران بووە.

باقیی چیرۆکەکان و دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان هەریەکە پەند و دەرسێکە، ئەگەر مرۆ بەوردی بیانخوێنێتەوە، بێگومان سوودیان لێ وەرئەگرێ، بێجگە لە زاخاوی مێشک بەقسەی خۆشی لای خۆمان و هەندەران ئینجا فرمێسکێک بۆ هەڵەبجەی شەهید لە ڕێیی عەبابەیلێوە و کۆتاییەکەی (ئاهەنگەکانی تەمەن) کە هەریەکە لەوانیش نرخی خۆی هەیە.

دڵنیام هەر یەکێکیان کەم یا زۆر تەزوویەک بە دەزوولەکانی مێشکی خوێنەردا ئەهێنن. منیش بەخۆشی ئەو ئاواتەوە پێشکەشم کردن.

## چیرۆک

### ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت*

ڕۆژ، ڕۆژێکی هاوین بوو دەمەونیوەڕۆ، سەپان وەرزێر جووتیارەکان گشت بۆ پشووی نیوەڕۆ بەرەو ماڵ ئەگەڕانەوە، هەموو سەروریش تۆزاوی، سنگ داچەقاو و تووکن، ئارەق بە خوێ ئاوکی لەشەوە جۆگەلەی ئەبەست بەوناو تووک و تۆزەدا قوڕاوی ڕائەدا.

ئەو ساڵەش ماشەڵڵا خەرمانەکانیان خەرمان نەبوون، هەریەکە کێوێک بوون بۆ خۆیان بۆیە خاوەنەکانیان هەرچەند پیایانا ئەڕوانین، لە جیاتیی ئاهێک هەزار ئاهیان تێ ئەگەڕا و کوڵ و کۆی لەشیان دائەمردەوە و هەموو ماندووبوونەکەیان لە بیر ئەچووەوە بە جۆرێک بسکەی سمێڵیان ئەهات، چۆن نایەت ئەوانێک ساڵ دوانزەی مانگ خەریک بن ڕەنج بدەن، بەروبوومی تێکۆشانەکەیان ئاوا بە پوختەیی بۆ بێتە بەرهەم.

ئا لەم کاتەدا بوو، کە لە پڕ لەناو دێدا بوو بەهەرا، ئەوەندەی نەبرد هەر کەسێکم ئەدی لە ماڵ دەرئەپەڕی و هەموو ڕایان ئەکرد بەرەو خوار، کەس سەرکەسی نەئەپەرژا، لە هەریەکێکێشم ئەپرسی ئەوە چییە، لەوە زیاتر کە بە دەم ڕاکردنەوە ئەیانوت: قەوما، ئیتر کەس وەڵامێکی تری نەئەدایەوە. کە سەرنجم دا بەرەو خوارەوە سەیرم کرد قەڵەباڵغییەکی زۆر لای مزگەوتەوەیە. منیش لەگەڵ حەسەی هاوڕێمدا بە ڕاکردن شۆڕ بووینەوە بەرەو مزگەوت کە گەیشتینە پێشەوە وەک منداڵێکی سەرەڕۆ دڕم بە خەڵکەکە دا و چوومە پێشەوە، بەڵام چیم دی: ئەبینم وا لاشەی مام

* ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت: نزا یاخود دۆعایەکە ژن ئەیکات و دەستی ئەدا بە سنگی خۆیا بۆ ئەوەی دۆعاکەی گیرابێت. کۆتەرە بنەدارە کە ئەیسووتێنن.

کەریمی شـوان لەسـەر بەردەنوێژەکانی مـزگەوتەکە درێژ کراوە هەمـوو گـیانی خـڵـتانی خـوێنە، منداڵەکـانی خـۆی و زۆریش لە خـەڵکی دێیـەکە شـین و ڕۆڕۆیانە بە دیاریەوە. کـە ئەمـەم دی لەوێدا لەپێش هەموو شتێکا بە پیرەوەچوونی گاگەل و سواری کەرەکانم کەوتەوە بیر، ئەمویست بچم هەر لەوێدا دەستی مام کەریم ماچ کەم تاکو ئەویش هەر وەک جاری جاران بزەکە بیگرێ ئێمەش بڕۆین پەلاماری کەرەکان بدەین سـواریان بین و دەست بکەین بە غـارغـارینەکەی خـۆمـان بەڵام هەیهـوو.. هەیهـوو.. ئاش لە خـەیاڵێک و ئاشـەوان لە خـەیاڵێک، کەر لە کـوێ کەوتووە کوندە لە کوێ دڕاوە؟ خـوڕ خـوڕ ئـاو بەهەردوو چاومـا هاتە خـوارەوە و مـنیش وەک ئەوانی تـر دەسـتم کـرد بـە گـریان، گریانێکی وا گەیشتە بانگ هەڵدان. ناڵە و گرمـەیەکی بەهێز هێنامیـەوە هۆش خـۆم، بەبێ هەست ڕام کردە ئەولاوە سـەیرم کرد دار و پەردووی باڵەخانەکەی ماڵی میمکە لەیلێ. کە لەیلێ بێوەژنیان پێ ئەوت بەرامبەری مـزگەوتەکە لەگەڵ گەردەلوولێک لە تەپوتۆزا چوو بە ئاسمـانا، نەخێر ئەوەندەی نەبرد خانووەکەش هەرەسی هێنا، حسەی هاوڕێم کە لەگەڵما بوو ڕای کرد بزانێ چییە، ئەوەندەم زانی شتێک لە بەردەمی ئەویشا دای بەزەویا منـاڵەکەی هەپروون بە هەپروون کرد، تـاکو دیوارێکی مـزگەوتیـشی لەگەڵا هێنایە خـوارەوە. ئیـتر هـەر کەسـە کە لەوێدا بوو باڵی لێ پەیدا بوو تەنهـا من نەبێ کە لە شـوێنی خۆما حەپەسـابووم ئاگام لە خۆم بڕابوو تا لە پڕ یەکێک پەلی گرتم و توند ڕای کێشام وتی:

– غـەزەب چی ئەکەی لێـرە ڕاکـە تا گولله تۆپێکت بەر نەکـەوتووە چاوت لێ بـوو حسـەی لەیلێ بێوەی چی لێ کرد؟ منیش هەر بڕوام نەکرد هیچی لێ هاتبێ یاخود بە عـەقڵی مناڵی دڵخـۆشـیی خۆمم ئەدایەوە کە خوا چاکی ئەکاتەوە یاخود پەرییەکان ڕزگاریان کردووە تا لێم پرسی:

– توخوا مام فەرەج گیان حسە چی لێ هات تۆ بڵێی مردبێت؟.

دەسـتم بە مـام فـەرەجەوە بوو کە ئەو بە هەڵەداوان ئـەڕۆیشت و منیشـی کێش ئـەکرد بە شـوێن خـۆیا من هێـشـتـا پرسـیـارەکەم تەواو نەکردبـوو، ئەوەندەم زانی گرمـەیەکی تر لەو پـەڕ ئاواییـیەوە هات، یەکێکی تریش لای دار و شەخسـەکەی پیر مـحەمەدەوە. لەگەڵ هەر گرمەیەکیشا مـام فەرەج منی خپ ئەدا بە عـەردا و خـۆشی لـە پەوروو خـۆی مـەلاس ئەدا، کە تەقە نەئەمـا هەڵئـەسـتاینەوە و مام فەرەج بە دوای خـۆیا کێشی ئەکردم، دیشـداشـەکەم لەبەر پێم ئەگیـرا لەوەدا بوو بە دەما بکەوم بەوەی باش بوو پەلم بە پەلی مامەوە بوو. خێرا خێراش لێم ئەپرسی.

– مامە گیان ئەمە چییە و بۆ وا ئەکەن، کێ مام کەریمی وا لێ کرد؟

ئەویش بە دەم هەنسکەبڕکێ و لۆقەوە ڕای ئەکێشام و ئەیوت:

– بڕۆ چەنەباز وەختی ئەم زۆربڵێییـیە نییـە بێدەنگ بە. تا گەیانمیـە نزیک مـاڵی خـۆمـان، لەوێدا سـەیرم کـرد وا دایکم بـە سـەری قـوتی و بەپێی پەتی هـەمـوو گـیـانی ئەلەرزی ڕوو پـەشـۆکـاو و قژ ئاڵۆزکاو بەرەو ڕوومـان هـات، کە چاوی بە من کـەوت وەک شـێت پەلاماری دام گـەلێک بە سـاقە و بەقـوربـانی مـام فەرەج بوو ئیـتـر دەستی ڕاپسکانم و بەڕاکردن بەرەو گا بەردەکانی ئەودیو ئاوایی

فڕاندمی و خێرا خێراش ئەیوت:

– ڕاکە بەقوربانت بم وریابە نەکەوی ئنجا ئەیدا بە ڕانی خۆیا و ئەیوت.

– ئەی هاوار ئەم قیامەتە چییە و بۆچی شەڕ ئەئاوا لەبەر قاپی خۆمانا داوێنی گرتین. کە گەیشتینە پێشەوە سەیرم کرد هەر خەڵکی دێیەکە بوو ئەوانیش ملیان ئەنا بۆ ئەو ناوە و لەوێ خۆیان ئەشاردەوە.

منیش زۆر حەزم ئەکرد کە هەر هیچ نەبێ شتێک تێ بگەم خێرا خێرا لە دایکمم ئەپرسی:

– دایە گیان ئەمە چییە بۆچی پێم ناڵێیت، توخوا چییە؟ بۆچی لە هەر کەسێکیش ئەپرسم پێم ناڵێن؟ ئەویش لە وەڵاما ئەیوت:

– ڕۆڵە چوزانم خوا لە ناوی دەمیان کوتێ، نانی هارییە گرتوویانە بەدەمیانەوە. ئنجا سەری بەرز ئەکردەوە بۆ ئاسمان و ئەیوت:

– خوایە لە باڵیان دەی، خوایە ئەمە قبووڵ نەکەیت. ئنجا خوڕ خوڕ ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە و ئەیوت:

– نازانم ئەو داماوەی باوکیشت چی بەسەر هاتووە؟ ئەڵێن گرتوویانە و لەگەڵ (مەعموورەکانی تری ناحیە)دا کەلەپچەیان کردوون و بردوویانن بۆ شار. دایکم لەم قسانەدا بوو لە پڕ گرمەگرم پەیدا بووەوە، ئەمجارە بەرز، زۆر بەرز واتا بە ئاسمانەوە، کە سەرمان هەڵبڕی دوو فڕۆکەی لووت تیژمان دی کە ئەهاتن و ئەچوون، وەک واشە لە ڕاستی دێییەکەدا نزم ئەبوونەوە وەک سنگەخشکێ بکەن لەو کاتەدا هەریەکە شتێکیان بەرئەدایەوە هەڵئەسانەوە، لەگەڵ ئەو شتانە ئەیاندا بە زەویدا ئەبوو بە ناڵە و گرمە و ئەو شوێنەی بەریان ئەکەوتن هەرەسیان ئەهێنا و ئاگر و تەپوتۆز ئەچوون بە ئاسمانا، بەم جۆرە فڕۆکەکانیش شەش حەوت سووڕ هاتن و چوون هەرچی بای غەزەب و ئاگری ڕق و کینەیەک کە لە ورگیانا بوو بەریان دایەوە و بە ئارەزووی خۆیان ئەو ناوەیان تەخت کرد ئەوسا ڕۆیشتن.

نەخێر تاوێکی نەبرد، ئێمە هەر لەناو تاشە بەردەکانا بووین ئەوەندەمان زانی ئەمجار چوار فڕۆکە هاتنە سەر ئێمە، چەند سووڕیان بە سەرمانا خولانەوە و ئاگربارانیان کردین بەڵام هەرکەسە خۆی دایە بن بەردێک بەوەی باش بوو، ئۆخەی کە کەس بەرنەکەوت، دوای ساتێک کە هیچ مەترسی نەما ئەوەندەم زانی میمکە لەیلیی دایکی حسە کە ئێمەی لە دوورەوە بەدی کرد بەرەو ڕوومان هات منیش کە دیم بە دایکم وت:

– دایە گیان ئەزانی حسەش لە بەردەمی مزگەوتا کوژرا. دایکم کە ئەمەی بیست ئیتر کەوتە ڕوومەت ڕنینەوەی خۆی و دەستی پێ کرد: ئەی دەستی شکاوم ڕۆڵە، ئەی دایکت کوێر بێ ڕۆڵە، بەڵام باش بوو زوو بڕییەوە کە دی وا میمکە نزیکمان بووەوە ئەوەندەی پێ وتم:

– ڕۆڵە نەکەی باسی بکەیت لای دایکی بەهیچ جۆرێک. وا دیارە نەیزانیوە، با قسەکە لە ئێمەوە

بڵاو نەبێتەوە لەم کاتەدا میمکە بە ڕوویەکی خۆش و دەمی بەپێکەنینەوە لێمان نزیک بووەوەو وتی:

– وا کـوڕگـەل لێـیـان ڕاپـەڕین، مـەترسن پشت بـەخـوا تەفـروتوونـایان ئەکـەن و هـەمـوویان هەڵئەفڕێنن. ئەمەی وت و ئێمەی بەجێ هێشت.

بەڵام ئێستاش لە یادمە کە چۆن ڕۆیشتنێک ئەڕۆیشت وەک بڵێی ڕممەی پێی ئەهات ئەوەندە بە غیرەت و گورج و گۆڵانە دوور کەوتەوە تاکو ئەو هەواڵەی پێیەتی بە خەڵکەکەی تریشی بگەیەنێت.

کە دوور کەوتەوە لێمان دایکم لەبەر خۆیەوە ئەیوت:

– هەناسە ساردە وا دیارە ئاگای لە هیچ نییە، داماوە ئاخۆ پێ بزانی چی بکات؟

منیش وتم:

– بەخوا سا باڵەخانەکەشیان هەر لە بەرچاوی خۆم هەرەسی هێنا.

بەڵام توخوا دایە ڕۆڵەکانی خۆیان کێن و چییان کردووە؟

– وەڵام نەبوو.

کات گەیشتە دەمەوعەسر. منیش تێنووم بوو، برسیم بوو، ماندوو بووم. ئەوەندە پەلیان ڕاکێشا بووم و خـۆم دابوو بە عـەردا و ڕام کردبوو هێزم لەبەر براببوو. دایکم بردمـیـە سـەر کـانـیـیـەکـەی خـواری خـوارەوە لەوێ تێروپڕ ئاوم خواردەوە و لەو ناوەدا ماینەوە تا دنیا تاریک بوو، ئەوسا هەر کەسـە بـەبێ دەنگ، بە ماتەماتە یا بە سکەخشکێ بە دوای مام فەرەجدا کـە پێشـمـان کـەوتبوو گەڕاینەوە بەڵام لە ڕێگاش هەر بیرم لە پارچەیەک نان ئەکردەوە کە بیخۆم و ئاهێکم تێ گەڕێ.

شـەو من لە مـاندووییـەتیـدا دوای ئەوەی چیم بەردەست کـەوت لە نانی جـۆی ڕەش و ڕەق و دۆی ترش خواردم و زوو بۆی نوستم. تا لەوسەرەوە لە دەنگەدەنگ و قسەکردن بە ئاگا هاتم کە هەستام سـەیرم کـرد دنیـا ڕوونە، مـام فـەرەج و ئەفـرۆزی ژنی و دوو کـوڕی هەرزەکـاریش کـە هەریەکـەی تفەنگێک بە شانەوە و ناوقەدیان لە فیشەکا زەرد ئەچووەوە دانیشتبوون. گوێم لێ بوو مام فەرەج بە دایکمی ئەوت:

– کچی خۆم نەڵێیت غـەریبـەم لەم دێیەدا و مێردەکەم دیار نییە یاخود بێ کەسم. ئەوەتا ئێمە هاتووین بۆ ئاگاداریی تۆ و کوڕەکەت لە دوێنێوە بەجێمان نەهێشتوون و بەجێشـتـان نایەڵین. دایکیشم چای بۆ دەم کردبوون و نانی خستبوونە بەردەمیـان، خێراخێرا چای یەک ڕەنگی بۆ تێ ئەکردن و ئەیوت:

– لالە فـەرەج گیـان من ئافـرەتم هیـچم لە دەست نایە لەوە زیاتر کـە دوعـای خـێر بکەم بۆ ئەو قارەمانانەی کە ئەمجارەش فریامان کەوتنەوە، خوایان لەگەڵ بێت ئێوە و ئەوان خۆش بن، هەموو لایەک سەلامەت بن مـن خەمی هیچم نییە. ئنجا سەرو جگەرەی بۆ داگیرساندن و داینێ ئەوسا لە مام فەرەجی پرسی:

– ئەرێ مـامە گیـان ئەم بەزمـەی دوێنێ لەسـەر چی بوو ڕاستـە ئەڵێن ئەوەی ئەم ئومـەتە وا بەقڕ

ئەدا حاجییە و گوایە دەستی بە قوڵفی کەعبەوە گرتووە، ئەگینا باشە ئەم خوانەناسانە چییان ئەوێ لەم هەژارانە و بۆ وا ئەکەن؟

مام فەرەجیش دوای ئەوەی دەستێکی بە ڕیشە ماش و برنجییەکەیا هێنا جگەرەیەکی تری بەوی پێشوو داگیرسان و نەفەسێکی لێ داو وتی:

– ئەرێ وەڵڵا حاجییە یاخوا ئاهی ئێمە بە دەردێک بچێت کەس لاشەکەشی نەناسێتەوە و بە کۆتەرە بێت، ئنجا پشوویەکی داو دەستی پێ کردەوە:

– ئەرێ کچی خۆم چییان ئەوێ؟ هاتوون تالانمان بکەن دێیەکەمان داگیر بکەن و بیسووتێنن و پەت پەتی دنیاش بە خۆمان بکەن، دایکیشم ژنێکی گەلێک لە خواترس و بەباوەڕ بوو وتی:

– جا مامە گیان خوا ئەمە قبووڵ ئەکات و ڕەوای حەقە؟ مام فەرەج سەری دانەواند وەک بیر لە کارێکی قووڵ بکاتەوە، جگەرەکەی هەوا دایە پشت خۆیەوەو وتی:

– دایکەکەم ئێمە لە (قالوا بلی)وە ژیانمان لەسەر ئەم خاکەیە کە لە باو و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێ ماوە بۆ پاراستنی هەر بستێکی خوێنێک ڕژاوە، کەوا بوو ئەبێ گۆڕی هەمووشمانیش هەر لێرەدا بێت، چۆن هەروا بە ئاسانی ئەیدەین بەدەستەوە، ئنجا ڕووی کردە یەکێک لە تفەنگچییەکان کە کوڕێکی چوارشانەی گەنم ڕەنگ بوو وتی:

– توخوا کاکەڕەش ئا بۆی بگێڕەرەوە.

منیش لە ئەنجامی ئەم دەمەتەقێ و قسانە تەواو خەوم لێ زڕا، بۆیە لەناو جێگەکەمدا ڕاست بوومەوە، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەواڵی ئەم هەرا و بگرەکە بووم یاخود گوێ قوڵاخ بووم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە دوێنێوە وەک مار لە مێشکما گینگڵیان ئەخوارد هەر ئەمکرد و کەسێک نەبوو وەڵامم بداتەوە.

کاکە ڕەش دەستی کرد بە باخەڵیا پارچەیەک کاغەزی ژاکاوی بچووکی دەرهێنا کە چوار قەد کرابوو وتی:

– دوێنێ ئەم نووسراوەمان لە بنکەکەی نزیک شارەوە بۆ هات تیایا نووسراوە کە (هەموو دانیشتوانی دێیەکە و مامۆستا فەرهاد ئاگادار بکەن کە تا زوو بۆی دەرچن درەنگە چونکە وەک زانیومانە سبەینێ هێزێکی گەورەی دوژمن دێنە سەرتان، کەس نەمێنێتەوە ئیتر هەر بژی کوردستان).

منیش کە ئەمەم بیست بێ پەروا ڕووم کردە دایکم و بە پەرۆشەوە لێم پرسی:

– دایە گیان باوکم چی کردووە وا گرتوویانە، توخوا هیچیان لێ کردووە؟ کاکە ڕەش وەڵامی دامەوە وتی:

– نە باوکەکەم نەء، نە گرتوویانە و نە کەسیش ئەتوانێ بیگرێ، ئەو مەچەک و بازووانە خۆش بن لە دوایەوە کەس ناتوانێ تاڵێک موو لە سمێڵی بکاتەوە، ئنجا قومێکی لە چایەکەی بەردەمی دا و

به کەوچکەکە تۆزێکی تر شەکرەکەی ناوی تێک دا. لە دواییدا سەری هەڵبڕییەوەو وتی:

– خۆتان ئەزانن کەریم سەلیمی خوا لێخۆشبوو شوان بوو بەیانییان زوو وڵاخەکانی پێش خۆی ئەدا لە ڕۆخی ڕێگاکە ئەیلەوەڕاندن کە سەیر ئەکات ئەبینێ وا لە دوورەوە هێزی دوژمن قەتاریان بەستووە بەرەو دێیەکەمان دێن، کە ئەیانبینێ ئەویش ڕەشەوڵاخ ئەداتە پێش خۆی و بە پەلە لێیان ئەخوڕێ بۆ ناو دێ، تا ئەگاتە سەر یاڵەکە، لەوێ دوژمن لە دوورەوە هەستی پێ ئەکەن ڕەنگ هەیە لە ترسی گیانی خۆیان تارماییی وڵاخەکانیش هەر بەزەلام تێگەیشتبن، دەست ئەکەن بە دەستڕێژ، زۆری وڵاخەکان ئەکوژن و کەریمیش ئەپێکن. بەڵام هەرچۆنێک بێت کەریم بە پەلکوتان و سکەخشکێ و خۆکێشکردن، بەو هەموو برینەوە خۆی ئەگەیەنێتە ناو ئاوایی، تا ئەگاتە بەر مزگەوت لەو کاتەدا ئێمە هەموو لەوێ بووین، هەرچۆنێک بوو بە هەناسکەبڕکێ و ئیشارەت شتێکی تێ گەیاندین و ئیتر گیانی پاکی بە خاک سپارد، ئێمەش زانیمان دنیا چ باسە کەوتینە خۆمان.

منیش لەم کاتەدا دیسانەوە بە خەیاڵ فڕیمەوە بۆ لای مام کەریم، بۆ ئەوساکەی کە گاڵۆکەکەی هەڵئەسووڕان لە گاگەلەکە و فیکەیەکی بۆ ئەکردن، هەموویانی گل ئەدایەوە مۆڵیان ئەخوارد لە بەردەستیا، ئنجا دەستی ئەکرد بەهۆرە بە دیاریانەوە و ئێمەش چۆن مەراییمان ئەکرد تاکو ڕێمان بدا سواری کەر بین. کاتێک هاتمەوە سەر خۆم گوێم لە کاکە ڕەش بوو ئەیوت.

– هەرچەند کاغەزەکە درەنگ گەیشتە دەست مامۆستا فەرهاد، بەڵام ئەویش کوڕانە ناردی هەموومانی کۆ کردەوە لە ماوەی سەعاتێکدا، هەر کەسە بە چەک و کەلوپەلی خۆیەوە لە شینکە و کەوەڵەکەی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە خۆمان داگرت ئەویش بە سەرمانەوە، هیچ دەنگمان نەکرد تا هێزی دوژمن هاتنە بەر قەرەوولی چەکەکانمان، ئەوسا دەستمان لێ کردنەوە و ئاگربارانمان کردن. ئیتر خێر بێ بەسەر خۆمانا و شەڕ بێ بەسەر دوژمنا، بە جۆرێکی وامان لێ کردن کونە مشکمان لێ کردن بە قەیسەری، یەکێک بۆ پێشەوە ڕای ئەکرد، وە یەکێک ئەکشایەوە دواوە یەکێک ئەکەوت، ئەوسا لە تاوا هیچیان بۆ نەمایەوە دەستیان کرد بە تۆپ هاوێشتن بۆ ناو دێ.

ئنجا مام فەرەج لەوێوە هەڵی دایە وتی:

– دە تۆ مژدەی ساغ و سەلامەتیی مامۆستا فەرهادی مێردیشی زوو بدەرێ با ئەوەندە مەراق نەکات. کاکە ڕەش لەوەدا بوو دەم بکاتەوە لەو کاتەدا تەقەی دەرگاکەی دەرەوە هات. ئەوەندەم نەزانی باوکم خۆی کرد بەژوورا پێنج شەش پێشمەرگە بە دوایەوە، هەموو ئازایان زەرد ئەچووەوە لە فیشەکا کە باوکم دی هەستام ڕام کرد و خۆم فڕێ دایە سەر سنگی و دەستم کرد بە ماچکردنی، ئەویش تێروپڕ ئەملا و ئەولای ماچ کردم لە دواییدا ڕووی کردە کاکە ڕەش و وتی:

– کاکە ڕەش هەستە بزانە هەر کەسە جێی خۆی گرتووە لەسەر ڕێگاکە و دەوری ئاوایی، بڵێ کەس شوێنی خۆی بەجێ نەهێڵێ و هەموو ئاگادار بن.

ئەوساکە دایکم و ئەتوانم بڵێم ئێستاکەش من بە تەواوەتی تێگەیشتین کە باوکم چی بوو و چ پلەیەکی بەرزی هەبوو لە کۆڕی خەباتا.

# لە ڕێگای سەرا

لە ڕێی سەرا لە دوورەوە بەرچاوم کەوت لە تارماییيەکی ئەکرد بەڵام کە لێی چوومە پێشەوە سەیرم کرد پێستەکەی نووسابوو بەسەر ئێسقانەکانیا، پێستە ڕەشە بریقەدارە زبرەکەی کە هەتاو سووتاندبووی و ئیشکردن و چەوسانەوەی بێ دەرامەتی وەک رنەکی لێ کردبوو، هەردوو چاوەکانی زەرد بەقوولاّ چووبوون لەناو شەونخوونی وە بێ خەوی و کاسی وە هەر چەندی ئەکرد بۆی هەڵنەئەهانن. خۆ ملیشی ئەتوت نیرکە کاردووە باریک و درێژ هەموو ڕەگەکانی وەک ژێی کەوان ڕاست بووبوونەوە. لێوی شین و مۆر بووبووەوە و ئەلەرزی، ئەو پێنج شەش دانەش کە لە دەمیا مابوو هەموو زەرد و ڕەش هەڵگەڕابوون و ژێریان بە بەلغی سپی سواغ درابوون خۆ بەم کێشەوە هەموو لەشی بگەڕایتایە پلێک گۆشتت بۆ نەئەدۆزرایەوە هەر بۆ ئاهی سوێند و بۆ ئەوەی لەگەڵ دار و بەردا جیا بکرێتەوە، بۆیە ئەڵێم ئەتووت داسک و دەرزییە، بگرە لە بووکە سەماکەرەی ناو دەغڵی ئەکرد لە لەڕی و بێ جورمی و شرریا. کە هەناسەی ئەدا سک و سنگە رووتەکەی وەک چەرمی موشەدەمە بەرز و نزم ئەبوونەوە و خۆشی پێوەی ئەهات و ئەچوو. ئیتر کابرا کۆمەڵە ئێسقانێک بوو لە چوارچێوەی ئادەمیزاددا و هیچی تر. بەعابایەکی زبری درراوی ڕێ ڕێی شی بووەوە ئەو کۆمەڵە ئێسقان و چەرمە شارڕابووەوە، لەژێر عەباکەشەوە دەرپێیەکی خامی دەرلنگ هەڵتلیشاوی ڕەش هەڵگەڕاو لە چڵکاو لە ژوور ئەویشەوە کراسێکی هەمان بابەتی لەبەرا بوو، سەری قوتی و پێی پەتی بوو.

کابرا زۆرتریش لە برسا ئنجا لەبەر پیری و چوونە ساڵەوە کۆما بووەوە، بۆیە خۆی دابوو بەسەر گاڵۆکێکی خوار و خێچی نارێکا هەنگاوەکانی و پێ دانانی ئەتوت بەسەر هێلکەدایە ئەوەندە سووک و هێمن بوو.

خۆم پێ نەگیرا بە تەواوەتی لێی نزیک بوومەوە تا چوومە بەر لووتی، ئەوسا دوو سێ جار لەسەر یەک دەمی کردەوە و دای خستەوە و لێوی هەڵهێنایەوە و پێوەی دایەوە، زانیم نیازی قسەی هەیە بۆیە هەر وەستام بە دیاریەوە بگرە هەر هانیشم ئەدا بۆ دەرخستنی راز و نیازی، تاکو دواجار بەدەنگێکی باریکی بێهێز وەک لە شوێنێکی دوورەوە بێت وتی: ئەفەنی، بەقوربانت بم دایەرەی موتەسەڕیف لە کوێیە؟

منیش دەستم گرت و هێنامە چەپەکێکەوە و لە لایەنێکا دام نا و دوای تۆزێک لێم پرسی: مامە گیان ئایە ئەتوانم یاریدەت بدەم، موتەسەڕیفت بۆ چییە؟ لە وەڵاما هەناسەیەکی هەڵکێشا و دوای پشوویەکی تەواو لێوە لەرزۆکەکانی کردەوە و وتی: باوکەکەم، ئەمە دوو ساڵە ژان و ئازارێک لەناو سکمایە خەو و خۆراکی لێ حەرام کردووم. ئەو ژانە دوابڕاوە هەرکە بۆم دێ بەدەردێکم ئەبات. بەهەنگوین بڵێم ژەهری مارە.

کە ئەمانەم لێ بیست کەمێک دڵم خۆش بوو و بە خۆمم ئەوت: ئەبێ ئەم پیرەمێردە خواردنی

هەبێ بیخوات و سەرینی هەبێ سەری بکاتە سەر بۆیە ناوی خواردن و سەرین ئەبا، کەوا بوو هێجگار بەو جۆرە نییە کە دێتە پێش چاوم.

ئنجا سەرلەنوێ لام کردەوە بەلایەوە گوێم لێ بوو ئەیوت: پێرار جارێک و پاریش جارێک چوومە تیمارخانە دەستم کرد بە پشتێنی هەر کەسێکا لەوێ پێیان ئەوتم جێگا نییە. ئەمڕۆش ئەڵێن حکوومەت گۆڕاوە ئەچم پەنایان بۆ ئەبەمەوە بەڵکو بمنوێنن لە تیمارخانە، چونکە هەژار و دەستەوستانم هیچ گومان نابەم، ئەگینا خزمەتێکی باشیشم هەر ئەکردن، دە بەخوا ئەم سێ ڕۆژە زاد نەچووەتە ناو سکم. لە وەلاما پێم وت: خاڵۆ گیان: ئێستا فەرمانبەری بەرتیلخۆر و پیاوی دز و درۆزن نەماون، تاک و تەرایەک نەبێ کە ئەوانیش نامێنن، جاران یەکێک دزی نەکردایە هەمیشە بیانووگەر و گێچەڵیان پێ ئەگرت و هەر ڕۆژە لە جێیەکیان توند ئەکرد، وە ئێستا بەپێچەوانەی ئەوساوە دزی و بەرتیل ئابڕووی بخۆرەکەی ئەبا و بەناخی عەردا ئەیباتە خوارەوە، جگە لەوەی ئێستا هەموو فەرمانبەرێک حکوومەتەکە بە حکوومەتی ڕاستەقینەی گەل ئەزانێ، بۆیە هەموو بەدڵ و بەگیان ئیش ئەکەن و خەریک ئەبن و دەماغ ئەسووتێنن.

نەختێک دەمم لێک نا، کابرا چاوە زەردە بەقووڵاچووەکانی هەڵبڕی سەیرێکی کردم وە دەمی کردەوەو وتی: یاخوا وا بێ، خوا چی بەباش ئەزانێ ئەوە بکات بۆمان، کەواتە خوا ئەم دامودەزگایە بەرقەرار بکات.

ئنجا پەلی کابرام گرت و بردم بۆ سەر ڕاستە شەقامەکە لەوێ گالیسکەیەکم بەرچاو کەوت خستمە ناوی و بردم بۆ تیمارخانە، تێم گەیاند کە ئیشەکەی ئەو لای موتەسەریف نییە بەڵکو سەر بەسەرۆکی تەندروستییە. لەوێ فەرمانبەران لە ناو و (هوية) و نەخۆشییەکەیان پرسی، دەرکەوت ئەم نەخۆشە لە کاتی خۆیا کە (مراجعت)ی کردووە ناوی تۆمار کراوە و بەینێکە بە شوێنیا ئەگەڕێن کەوا قەرەوێڵە و جێگا چۆڵ بووە بەڵکو بنوێنن. کە ئەمانەیان وت، کابرا ڕاستت ئەوێ کەوا پەشیمان بووەوە لەو قسانەی کە لەوەپێش بۆی کردبووم بۆیە بێ دەنگ چرپاندی بە گوێما و وتی: ئەوەی بۆم باس کردی با هەر بەینی خۆم و خۆت بێ و دەرنەچێ.

لەم دواییەدا کە کابرام دییەوە ئەوەندەی نەمابوو نەیناسمەوە، سەیرم کرد ڕەنگێکی جوانی بە سەرا کشاوە و روخسار و ڕووی ڕوون بووەتەوە و دەستێ جلی پۆشتە و پەرداخی لەبەرایە. خۆم پێ نەگیررا دەستبەجێ پیرۆزباییی جلەکانیم لێ کرد لە وەلاما وتی: ئەزانم مەبەستت چییە، با بۆت باس بکەم بەڵام بە دوو وشە: کە لە نەخۆشییەکەم چاک بوومەوە، سەرەڕای ئەو هەموو ئەرک و مەینەتەی بووم بەسەر فەرمانبەرەکان و پزیشکەکانی تیمارخانەوە بە ژن و پیاویانەوە کە کاتی هاتنە دەرەوەشم هات زانییان ڕووت و قوتم، لەناو خۆیانا هەرەوەزێکیان بۆ کردم نزیکەی (٣) دینارێکیان بۆ خڕ کردمەوە، ئەم جلانەیان بۆ لێ کڕیم و ئەوەتا باقییەکەشی لە باخەڵمایە بۆ خۆم کاسپییەکی پێوە ئەکەم.

ژین، ژمارە ١٤٣٠، ڕۆژی ١٩٥٩/٢/١٢

## کەوا بخۆ

لە شارێکی وەک سلێمانیی ئەوسا، واتا سلێمانیی ساڵەکانی سی و چلی سەدەی پێشوو پیاوێکی بازرگان بەبۆنەی ژنهێنانی کوڕە گەورەکەیەوە، ئاهەنگی نانخواردن بۆ دەر و دراوسێ و ناسیار و خەڵکی گەڕەک ساز ئەدا. خاڵە ئەحمەدیش یەکێک ئەبێ لە بانگکراوەکان ئەمیش پیاوێکی کەمدەرامەت و شڕۆلە، بەڵام بەڕێز و تەمەن. ڕۆژی دیاریکراو ئەچێت بەڵام چونکە وەک ئەوانی تر پۆشتە نابێ، لە ڕیزی خوارەوە دای ئەنێن و لە دوورەوە بەخێرهاتنێکی ساردوسڕی ئەکەن، لە نانخواردنەکەشدا، سینی و نانەکەی بەردەمی ئەو فەرقی زۆر ئەبێ لەگەڵ ئەوانی تر کە لە ژوور ئەوەوە دانیشتوون، گوێ ناداتێ، نانی خۆی ئەخوا و کە تەواو ئەبێ ئەلحەمدولیللا و سوپاسی خوا ئەکات و پیرۆزبایی لە زاوا و باوکی و باقیی کەسوکاری ئەکات و ماڵئاوایی ئەکات و دێتە دەرەوە.

دوای بەینێک هەر هەمان بازرگان ژن بۆ کوڕی دووەمی دێنێ و لەسەر هەمان ڕێ و شوێن و ئەجری دراوسێتی، دیسانەوە دەعوەتی خاڵە ئەحمەد ئەکاتەوە، ئەمیش لەبەر ڕێزی دراوسێتی پێی شووره‌یییە نەچێت بەڵام دڵتەنگی جاری پێشووی هەر لەلا ماوە و بیری نەچووەتەوە. پیاوەکە ئەچێت قاتێ کەواوسەڵتەی تازە لە برادەرێکی خۆی ئەخوازێ و ڕۆژی خۆی لەبەری ئەکات و... خۆی ئەکا بەماڵا. وا دیوەخانیش جمەی دێ خەڵکێکی زۆری تیایە، کاتێک ئەم پیاوە پۆشتە و پەرداخە ئەبینن. هەموو لەبەری هەڵئەستن و فەرموو.. فەرموو ئەیبەنە لای ژووروە، دای ئەنێن، هەموو لەبەری هەڵئەستن، زۆری پێ ناچێ سینی خواردن دێ ماڵە و ماڵ لە گۆشت و شلە و برنج لە بەردەمی خاڵە و ئەوانی تر دائەنرێ، خاوەن ماڵ فەرموو لە خاڵە و ئەوانی تر ئەکات... خاڵەش داوێنی کەواکەی کە لەبەریایە، ئەگرێ و خێرا خێرا ئەڵێ: کەوا بخۆ... کەوا بخۆ... ئەمە لە سایەی تۆوەیە، دانیشتوان هەموو لەم (کەوا بخۆ)یە سەرسام ئەمێنن.. لێی ئەپرسن خاڵە گیان ئەوە چیتە کەوا چۆن نان ئەخوا. ئەویش لە وەڵاما ئەڵێت: هیچ نییە بەسەرهاتێکی کۆنی خۆمە بیرم کەوتەوە، نەخێر وازی لێ ناهێنن و زۆری لێ ئەکەن کە ڕاستییەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش ناچار بۆیان ئەگێڕێتەوە، ئەڵێت: برادەرینە، پێش بەینێک هەر لەم ماڵەدا بانگ کرام بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕە گەورەکەی خاوەن ماڵ، چونکە بە جلوبەرگی هەمیشەیی خۆمەوە هاتم کە وەک ئەم بەرگەی ئەمڕۆم نەبوون، لە خواری خوارەوە دانرام، بگرە پشتگوێ خرام، ئەم جارە چووم ئەم جلانەم لە برادەرێک خواست و پێوەی هاتم بۆ ئەوەی دنیا تاقی بکەمەوە، ئەوەتا هێنرامە لای سەروو، کام خواردن باشە لە بەردەمما دانرا ڕێزم گیرا و ڕووی خۆشم درایە، لە ئەنجامدا تێ گەیشتم کە فەرقی ئەم ڕێزگرتنەی ئەم جارەم لەگەڵ جاری پێشوودا لەبەر خاتری خودی خودی من نەبوو. بەڵکو هەمووی لەبەر پۆشتەیی و جلەکانم بوو.... جا براینە بەداخەوە، ئەمڕۆ ڕۆژی کەوا بخۆ و خۆ بردنە پێشەوە و ماستاوکردن و دەست بەسنگەوە گرتنە... دەسا بەخوا ئەو کارانە بە ئێمە ناکرێ.

لە ڕۆژنامەی (شارستان)ی ژمارە (٧٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٣دا بڵاو کراوەتەوە.

## فس فس پاڵەوان

هاوڕێکەم هەر نەیبڕیەوە دوایی وتی "کابرا بەهەموو ئەقڵێکیەوە خۆی بە هەڵبژێرراو ئەزانێ بە رووی زەمینەوە، کە خوا ناردوویە بۆ روونکردنەوەی بیروباوەڕی ئادەمیزاد و دەستگرتنیان، تا ئەیانخاتە سەر ڕێی ڕاست، بگرە خۆی بە پێغەمبەری دوارۆژ یاخود «مهدي» چاوەڕێکراو دائەنا، دیتە تا دەست هەڵبڕی شیشمان و کەڵەگەت، وە نەختێکیش بەخۆوە بوو، بۆیە هەرچەند لە باڵای ورد ئەبووەوە و سەیری مەچەک و بازوو قەڵافەتی خۆی ئەکرد، ئەوەندەی تر لە خۆی بایی ئەبوو، دوابڕوای ئەوە بوو کە هیچ گومانی تیا نییە رۆژێک ئەبێ گشت لایەک بڕوای پێ ئەکەن، وە کەلێنێکی تەواو لە دڵی هەمووانا داگیر ئەکا، چونکە ڕاستیی پیاوەتی، لەخۆبووردن، خۆبەختکردن ئازایەتی، قارەمانی... ئەمانە هەموو رۆژێک ئەبێ هەر دەرئەکەون و لەناو هەوری تاریکا سەر ئەهێننە دەر و دەشت و کێو بە جارێک رووناک ئەکەنەوە". دوای پشوویەک وتییەوە:

فس فس پاڵەوان یاخود کاکە ئەحمەد لە تەمەنا پەنجا ساڵ بەرەوژوورتر بوو کەچی هەرکە لێیان ئەپرسی تەمەنت چەندە؟

بتکوشتایە و پەل پەلت بکردایە هەرگیز لە سنووری ٣٠ ساڵ رۆژێک نەئەچوو بەو دیوا، بۆ ئەوەی خەڵکیش ئەم قسەیەی بسەلمێنن و بڕوای پێ بکەن، پەیتا پەیتا سەر و سمێڵی بۆیە ئەکرد، رۆژە نا رۆژێک ریشی ئەتاشی بۆ ئەوەی تووکە سپییەکان سەر دەرنەهێنن وە بە درۆ نەکەوێتەوە.

خۆ لەگەڵ هەمینی یاخود «هەمە»ی ژنیا بەدەست یەکتریەوە گیریان خواردبوو، رۆژ نەبوو نەبێ بە بەربەرەکانی و حەنەحەپەشیان لەسەر باسی تەمەن، ئەم ئەیوت تۆ لە تەمەنی دایکمایت و ئەو ئەیوت تۆ لە بیرت دێ کە من لە چ رۆژێک لەدایک بووم، وە ئەیانگەیاندە ئەوەی کە لە یەک بەر بن، مام ئەحمەد گورج لە دڵا بەخۆی ئەوت: یاران زۆر شوورەییە بۆ من ڕێی نەفامی وا بدەم ئەم چەند و چۆنەم لەگەڵ بکات لەسەر من پێویستە لێبووردن و چاوپۆشی هێجگار بەرامبەر بەمجۆرە کەسانە.

دوای ئەوە هاوڕێکەم جگەرەیەکی بۆنداری لێ داگیرسان و تا لە توانایا بوو مژێکی پڕ بەدەمی لێ دا و تێ هەڵچووەوە سەرلەنوێ وتی:

– ئەگەر بڵێی کاک ئەحمەد پیاوێکی زۆر ساویلکە و ساکاریش بوو، چونکە هەرچییەکی بوتایە و بکردایە بە بڕوایەکی پاک و هەستێکی بێگەرد بوو، بێ ئەوەی تۆزێک بیری خراپە و چاولەدوویی یاخود داوێنپیسی تێکەڵاو بێت؛ بەڵام ئەڵێی چی تووشی نەخۆشیی نەفەسی بووبوو، وای دائەنا کە بێزارکردنی گێتی ئەبێ بە تەنها لەسەر دەستی ئەو بێت و بەس.

"کابرا خۆی حاڵی تەواو باش بوو واتا ئەوەی هەیبوو لەسەری ئەهات و لە پێی دەرئەچوو بگرە زۆریشی زیاد بوو لە خۆی وە ماڵ و منداڵی، خواش هەڵناگرێ هەمیشە دەستی جوامێری کرابووەوە، وەک بارانی بەهار پیاوەتیی لێ ئەباری".

ئنجا منیش لە هاوڕێکەم پرسی:

باشە ئەمانە هەمووی با وا بن ئەی بۆچی پێیان ئەوت: فس فس پاڵەوان؟ لە وەڵاما وتی: "ئەم باسە دوور و درێژە؛ بەڵام من پوختەکەیت پێ ئەڵێم: بەراستی مام ئەحمەد لە زۆربەی هەڵسان و دانیشتن و کردەوە و کۆششیا پاڵەوانێک بوو بۆ خۆی بگرە قارەمانێک بوو لە ئازایی و سوارچاکی و چەکبازیا؛ بەڵام بە داخەوە ئەڵێم: چونکە پیاوێکی ساکار و ساویلکە بوو زۆرجار بەخۆڕایی خۆی ئەدا بەتڕاندن وە فەلاقەکردن چونکە لە خۆیەوە لە شتی وا هەڵئەچوو کە هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکی بەوەوە نەبوو، دە لەگەڵ ئەمانەشا هەمووی زۆرجار بیری جوان جوان و ڕێکوپێکی دەرئەبڕی بەجۆرێک واقی زۆر کەسی وڕ ئەکرد، کەچی هەندێ جاریش قسەیەکی ئەوەندە بێتامی بەبەرا ئەهێنا کە بناغەی هەموو قسە جوانەکانی پێشووی ئەتلیسانەوە و خەڵکی لە خۆی تەرە ئەکرد".

قسەکانی ئەم برادەرەمم زۆر لا سەیر بوو بۆیە بە تەواوی گوێم بۆ شل کردبوو وە سەرم بۆ ئەلەقان، ئەویش بەوە زیاتر تاوی ئەدایە خۆی و دەسی پێ ئەکردەوە:

– دانیشتوانی دێیەکە زۆریان مام ئەحمەدیان بەوەلی دائەنا یاخود بە یەکێک لەوانەی بەرماڵیان بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێ، چونکە مرۆیەکی ئەوەندە لە پێناوی موسڵمانانا لێبوورد بوو، ئەمەیان زۆرجار لە کۆبوونەوەکانیانا لەسەر سەرەنویلەکانی ناو ئاوایی یا لە ژووری مزگەوتدا باسی ئەکرد؛ هەرکە ئەم باسانەش بەرگوێی مام ئەحمەد ئەکەوتنەوە ئەوەندەی تر با ئەچووە پشکەلانییەوە وە بەوە بایی ئەبوو وە فیزێکی پەیا ئەکرد؛ بەڵام چەند کەسێکی وریاش هەبوون لەناو گوندەکەدا کە لە کاک ئەحمەد باش گەیشتبوون، بە جۆرێک چووبوونە موخەکەیەوە ئەوەندە شارەزای بووبوون، بۆیە ئەوانیش جارجار هەڵیان ئەدا و سابوونیان لە بەری پێی ئەدا بەوە کابرایان هەڵئەخلیسکان جاری وا هەبوو ئەوەندەی نەئەما ملی لە حەوت شوێن بشکێن؛ بەڵام خوا ئەیپاراست. با بۆ نموونەش یەکێک لە سەدەها بەسەرهاتی کاک ئەحمەدت بۆ بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بزانی ساویلکەیی وە دڵپاکیی ئەم پیاوە گەیشتبووە چ ڕادەیەک. وتم فەرموو وتی:

– ڕۆژێک داروغایەک بە ئیشی میری هاتە گوندی «هەزارکانی» واتە ئەو گوندەی کاک ئەحمەدی تیا ئەژیا، خواوڕاستان ئەسپی مام داروغا چونکە ئەوەندە کا و جۆی بەلاشی ئەم و ئەوی خواردبوو غوباب بووبوو، بە هەر چوار پەل سەمای ئەکرد، ڕەشمە و زنجیری پچڕاند و بەر بوو کەوتە جووتە وەشاندن و تەراتێن بەناو ئاوایی یا بە جۆرێک زەندەق زەندەقی دار زەندەقی لە شیر و هور و حیلکەحیلکی ئەچوو، دوو سێیەک لە چوختییەکان ئەمەیان بە هەل زانی چوونە بن کلێشەی مام ئەحمەدەوە کە ئەو نەبێ ئەم بەڵایە پەلبەست کا کەس لە حەقی نایە مام ئەحمەد بەمە لەو مەندەکەی تریش بوو هەستا دوای پیرە ئەسپ کەوت هالیرە ها لەوێ ئەم بە دوای وڵاخا و سەگەلی ناو ئاوایی بەدوای هەردووکیانا سەعاتێک پتر یەکتریان هێنا و برد تا کابرا کەمەندی هاوێشتە ملی ئەسپەوە و گرتییەوە، بەڵام دوای ئەوەی جووتەیەکی باشی خوارد، جگە لە کارەساتی سەگەلی

ناو ئاوایی کە پرزۆڵ بەرگیان بە بەرەوە نەهێشتبوو سەرەڕای ئەوەی لە چەند لایەکیشەوە کەڵبەیان لێ دابوو.

بەڕاستی ئەم کارەساتەم زۆر لا ناخۆش بوو و سڵم لە ئەنجامەکەی کرد بۆیە بەپەرۆشەوە لە برادەرەکەمم پرسی خۆ شکور مام فس فس بەم مەخسەرەیە هیچی لێ نەهات؟.

وەڵامی دامەوە کەوا: نەمرد بەڵام دوو سێ مانگێک لەسەر جێگا کەوت تا برینەکانی سارێژ بوونەوە و تۆزێک هاتەوە سەر خۆی، وە لەگەڵ ئەوەشا هەر وازی نەهێنا و لە جاران بە گوژمتر و سوورتر تێ هەڵچووەوە چونکە ئەو بڕوایەی لە مێشکیا بنجی داکوتابوو کە – خوا ناردوویە بۆ ڕێ نیشاندانی ئادەمیزاد – مەگەر مردن لە بیری ببردایەوە.

کە برادەرەکەم ئەم سەرگوزەشتەیەی تەواو کرد سەری هەڵبڕی وەلێی پرسیم "ڕات چییە بەرامبەر فس فس پاڵەوان؟" وتم: کابرایەکی بەرزە لام چونکە هەرچییەک ئەکا بە دڵێکی ڕوون و بڕوایەکی خاوێنەوەیە.

شەفەق، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٦٠

## زەوییە ئاوێنە...

دێیەکە لە شوێنێکی بەردەڵانی و ڕەقابوو لەناو دۆڵی چیاکەدا. ئەو چیایەی ساڵ نەبوو لە زستانا پێچە کڵۆی بەفر بە ئارایەکی سپی گشتی دانەپۆشێت و شەست و ڕەهێڵەی باران گرد و قەدپاڵەکانی ڕێ ڕێ و گروێ نەکات هەرکە بەفرێکیش بباریایە زۆربەی ئاژەڵی کێوی لە کەروێشک و مامز و مەڕ و باڵندە و لە کەو و کۆتر و ڕیشۆڵە هەموو بەجارێک لانەیان لێ تێک ئەچوو بۆیە بەزۆری خۆیان ئەکرد بەناو دێدا، بەمە ڕێی دووری ڕاوکەران نزیک ئەبووەوە، جا ئەوسا ڕۆژ ڕۆژی ئەو ڕاوکەرە بوو بە تانجییەکی چەشی خێرای هەبێت یا تفەنگێکی ڕاو یاخود ساچمەزەنێکی خۆیی بێت نێچری پێ گل باتەوە، ئیتر ئەو چەند ڕۆژە زۆربەی دانیشتوانی دێیەکە مڕ ئەبوون لە گۆشت بەڵام ئەبێ هەرگیز ئەوەش لە بیر نەکەین کە خەڵکەکە لەم چەند ڕۆژە بەدواوە ئیتر ببڕای ببڕ چاویان بە گۆشت نەئەکەوتەوە تا زستانێکی تر تەنها جەژنا و جەژن و چەند جارێکی کەی تری لێ دەرچێت کە بەپەنجەی دەست ئەژمێررێ وە لە لایەکی کەشەوە ئەو میوە و بەری دارانەی لە باخ و باخاتی ئەو دێیەدا هەڵئەکەوێ بەڕاستی تاک بوون لەو ناوچەیەدا جارێ جۆر نەبوو لە ترێ هەر لە سەر قولە و دۆشاوی و سادانیەوە تا ئەگاتە ڕەشکە و بزمار کوت و کشمیشی و پایزە لەو ناوەدا نەیەتە بەرهەم جگە لە هەرمێ و هەنجیر و هەنار و سێو، سا خەڵکەکەش لەم میوە باشانە لە هاوینا چەندیان بۆ بگەیانرایە شار بە ولاخ و لەناو تاسەویا ئەیانبرد لەوێ ئەیانفرۆشت، بەپارەکەی کون و کەلەبەری خۆیان چی بوایە نیوە و ناچڵ پێیان ئەگرت، ئەوەی بۆشیان نەبرایەتە شار. ئەیانبرد بۆ دەشت بەدێهاتەکانی ئەو ناوەدا ئەگەڕان سەر بەسەر یا یەک بەدوو ئەیان

گۆڕییەوە بە دەغڵ لە گەنم و جۆ و لە ساڵی نەهاتا گەنمەشامی و زورات، ئەو میوەهاتەی دوای ئەم تاووتووەش ئەمایەوە بە کاریان ئەهێنا بۆ خواردنی خۆیان یاخود لە ترێیەکە دۆشاو و باسوق و سنجوق و مێوژ و لە هەنجیرەکە پەپکە و لە هەرمێیەکە لەتکەیان دروست ئەکرد و هەڵیان ئەگرت بۆ خواردنی زستان. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی گشت کەسێکی ڕائەکێشا ئەوە بوو کە کەس لەو هەژارانە دەستیان درێژ نەئەکرد بۆ بنەدارێک یا دەوەنێکی چیاکە کە بیبڕن یا خەڵووزی لێ دروست بکەن بۆ فرۆشتن وەک دێهاتەکانی دراوسێیان، ئەمەش زۆری بەهۆی ئامۆژگاری و ڕێنەدانی کوێخای دێیەکەوە بوو کە بەڕاستی گەنجێکی بەفەڕ و هۆشیار بوو جڵەوی خەڵکەکەی گرتبوو لە شوێنی خۆیا توندی ئەکردەوە هەر ئەویش بوو هەموویانی کۆ کردبووەوە و لە یەکی نزیک خستبوونەوە و یەکێتییەکی پێ پەیدا کردبوون بەرامبەر بە دوشمنی ئەودیویان عەلی ئاغای دراوسێیان کە هەرجارێک هەلی بۆ هەڵکەوتایە وەک درندە پەلاماری ئەدان بە خۆی و دەستە پیاوە چەکدارەکانییەوە کە درێغییان نەئەکرد لە ڕووتکردنەوەی تەنانەت هیچ ترێ فرۆشێک تاکو کیسەی تووتن و قوتووە جگەرەکەشیان لێ ئەسەند، خۆ ئەگەر شوان یا ئاژەڵێکیان بچوایە بە سنووریانا شوانەکەیان داماڵا غاسی ئەکرد لە کەپەنک و فەرەنجی وە کورتەک و شەرواڵەکەی وەک گەلەگورگیش پەلاماری گیسکە نێر و کاوڕ و خرت و بەرانیان ئەدا و هەر لەوێدا سەریان ئەبڕین وە لاکەکانیان ئەدا بەشانیانا بۆ ئاغایان، ئەوسا لە دیوەخانی ئاغادا نەبوو بە شلپە، شەو تا بەیانی گۆشت ئەکرا بە شیش وە زمەی تفەنگ و شوڵەدارەوە و ئەبرژاو گۆرانی ئەوترا لە قەتار و لاوک وە خاوکەر وە ئەڵڵا وەیسی و ئای ئای، ئاغاش کڵاوەکەی لێ ئەنا بە نووکی سەرە وە قۆچی تاشەکەیەوەوە دەمانچەکەی ڕووت بە قەد پشتینەکەیەوە دەسی بە سمێڵە ڕەشە بۆیەکراوەکەیا ئەهێنا و قسەی زل زلی، کردووە تەگەبیری ڕەشی دۆزەخی لە دەر و دراوسێ هەژارەکانی ئەکردەوە کە چۆن ئەبێ سەریان پێ شۆڕ کات و موڵکانەیان لێ بسێنێ، ئەی چۆن گوایا زەوی خۆی نییە؟ وە سەنەدی تاپۆی (غەنی ئەفەندی) بە دەستەوە نییە؟ کە ئەم شاخ و ئەو شاخ بۆی داوەتە بەر، ئیتر چۆن ئەبێ خوێڕی وە ڕەش و ڕووت بێن لە سنووری ئەوا گوند ئاوا بکەنەوە و ئەم بە هیچ نەزانن؟ حەمە ڕەشیدی مەحموود گوخل یەکێک بوو لە دانیشتوانی ئەو دێیەی عەلی ئاغا لیسی تێ کوتابوون، لە ڕاستیا ڕەشە کابرایەکی تا بڵێی هەژار و دەستکورت بوو چونکە ئیشکەری نەبوو لە خۆی زیاتر، دوو کوڕ و سێ کچی هەبوو لەبەر وردی هیچیان توانای ئیشیان نەبوو، ژنەکەشی لەبەر فرمانی ناو ماڵ و خزمەتی ئەو منالانەی نەیئەتوانی یارمەتیی مێردەکەی بدا، ڕەشە خۆشی زەلامێکی سەقەت بوو لە دەستی چەپیا کە لەوەوبەر لە کاتی ڕەز چاکردن و کۆتەرە دەرهێنانا تەورداسێکی بەرکەوتبوو، ئەو پارچە ڕەزە بچکۆڵەیەی کە بە چیاکەی پشت ماڵەکانی، دێیەکەوە بوو حەمە ڕەشید خۆی و منالەکانی زۆرتر بەروبوومی ئەو ڕەز و بە شیر و دۆی ئەو چوار سەر مەڕەی هەیان بوو بە ڕێوە ئەچوون، بەڵام لەم دوو سێ ساڵی دواییەدا هەر بە تەنیشت ڕەزەکەی خۆیەوە شەش حەوت ڕۆژە جووتێک زەویی پاوان هەبوو کە ماڵی کەس نەبوو،

ڕەشـە خـۆی خـەریک کـردبوو بە قـەدەغـەکردن و خـۆشکـردنـیـەوە تاکو، وای لـێ بکات کـە بە کـەڵکی چاندن بێت چونکە بسـتـێ زەوی شک نەئەبرد بۆیە، نزیکەی سـێ سـاڵ هـەر ڕۆژێک خـۆش بـوایە ڕەشـە هـەر بەیانی زوو هێشـتـا تاریک بوو واتا پیاو دۆست و دوژمـنـی خـۆی لەیەک جیا نەئەکردەوە لە مـاڵ بۆی دەرئـەچوو پاچ و پیک و خـاکـەناز بەسـەر شـانی ڕاسـتـیـەوە ملی کـەژەکـەی ئەگـرت بەرەوژوور ئەبووە بە تاقە باڵێکەوە دەستی ئەکرد بە بەرد و بنەکوتەرە دەرهێنان و بژاری زەوییەکە، بە چەند هـەفـتـەیەک تـا بەردەکانی دەرئەهێنا لە شـوێنێکەوە کۆمـەڵی ئەکردن و خڕی هـەڵئـەدان بە چەند هـەفـتـەیـەکیش لەو شـوێنەی ئەوسایە دووری ئـەخـسـتـەوە بۆ شـوێنێکی تر کـە بـەردهـاوێژێکی خـۆی دوور بێت لە جـێگاکـەی پێـشـووی وە بـە یەک دوو مـانـگێکی تریش تا بە تـەواوەتی دووری ئەخستـەوە ئا بـەم جـۆرە بیست سی کۆمـەڵە بەردی لێ فڕێ دا وە کێلای وە ڕێکی خست و چاڵ و چۆڵی پڕ کردەوە تـا وای لێ کـرد دەست بدا بۆ چانـدن. ڕۆژێک لە ڕۆژەکـانی پایز حـەمـە ڕەشـیـد سـەرلەبـەیانی زوو بۆی هـەڵسـا ئەو پێنج شـەش تـەنەکـە گـەنمەی کـە بە هـەزار ئەمـلا و ڕەنج و کوێرەوەی پەیدای کردبوو، کردییە تێرڕێکەوە وە دەرگەکەی تونگ دووری و نای لە پشتی کەرە شـەل و لێی خـوڕی بەرەو زەوییەکـەی (زەوییـە ئاوێنەکە بەخـۆی و ژنەکـەی ناویان لـێ نابوو) لەوێ باری لە پشت کـەرە شـەل داگـرت و بـە هـەمـوو ئارەزوو و هـەوەسـێکەوە دەسـتی کـرد بەتۆو وەشـاندن بەوەردەکەدا، ئارەزووی ڕەنجبـەرێکی خـاوەن زەوی کە لەوەپێش لە هەمـوو جیـهـاندا بسـتێکی لێ گومـان نەبردبێ، چونکە دیتە هـەر خـۆشی و تەنـها باڵ بۆ نزیکەی لای عـەسر ئـەوسا لە وەشـاندنی گشت تۆوەکە بـووەوە، ئنجـا هێجگار بە کـەیف و خـۆشـیـیـەوە هـەرچەندە زۆریش مـاندوو بوو هاتە ئەمـلاوە هـەندێ پووش و پەڵاشی کـۆ کـردەوە و ئاگرێکی خـۆشی لێ کردەوە و کـتـریە کـەڕوواوییـە ڕەشـەکـەی دەرهێنا و لە جـەوەنەکـەی کە پێـی بوو پڕی کرد لە ئاو و خـسـتـیـە لای ئاگرەکـەوە کە چایەک لێ بنێ وە نانە ڕەقـەکی ناو پشتێنەکەیەوە بیخـوات چونکە تا ئەو کاتە نـانخواردنی لە بیر چوو بووەوە ئنجـا کیسە و بەرمـاخـەکەی لێ دەرهێنا جگەرەیەکی تێ کرد دوو سێ نەفـەسی باشی لێ دا و لـەوەدا بوو چایەک تێکا کـاتـێکی زانی پێنج بۆرە زەلامی دەمـاخ هـەڵدڕاوی پڕ چەک وە هـەمـوو ئاودامـان لە فـیـشـەکلغی دەمـانـچە و تفـەنگدا و خـەنجـەر بـەپشـتـیـانەوە، گـورەوی ڕەشـی پووزەوانـەیـان لێ هـەڵکـردبوو یەکـێـکـیـان لە ڕێوە ڕووی کـردە کـەرە شـەل کـە لەو ناوەدا ئەلەوەڕا، هـەڵبـەت بە تاوانبـارێکی دابووە قەڵەم دایە بەر خـەنجـەر، وازی لێ نەهێنا تا ورگ و ڕیخـۆڵەی ڕادا، یەکێکی تریان تا توانی شـەقێکی لە کتریـە چا و پیاڵە هـەڵدا کەس نەیزانی بۆ کـوێی پەڕاندن ئنجا هـەمـوو بەشـەقـەوە چوون بۆ ڕەشـە چۆی، نە شـەقێک نە دووان، هـەرچەند تێشـیـان هـەڵئـەدا دەنگی دڵی ئەهات، کابرا هیچ پشوویەکی پێ نەدرا تاکو نەختێک بیر لەم کـارەساتە بکاتەوە بزانێ ئەمانە چین و کـێن و بۆچی و لەسـەر چی وا ئەکـەن؟ دوا شـەق درا بە کـورتەکـەلەکـەیا لەگـەڵ ئاهـێکا بێ هۆش کـەوت، ئنجـا زەلامەکان کشانە دواوە و بەو جـووت و گایەی لەگەڵ خۆیان دەسـتیان کرد بە هـەڵگێـڕانـەوەی زەوییـە ئاوێنە و سـەرلەنوێ بەجـووت تۆوێکی باشـیـان کردەوە و دوای هـەندێکی تر

سەرو گوێلاک کوتانەوەی ڕەشەی لە هۆش خۆ چوو زۆریش و لەچاو وون بوون.

ڕۆژگار هات و ڕۆی، گڕی بە تین و بنیاتنەری شۆڕش هەموو لایەکی گرتەوە، یاسای چاککردنی کشتوکاڵ دەرچوو، میری بڕیاری دا بە دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جووتیار و تووجیندا. عەلی ئاغاش یەکێک بوو لەو دەرەبەگانەی کە زەوییە زۆرەکانی دابەش کرا ئەو زەوییانەی کە بە زۆر و تێ هەڵدان و پیاو کوشتن داگیری کردبوو، ئەو زەوییانەی گشت دابەش کران بەسەر خاوەنەکانی بەرووبیانا و بەسەر لادێیەکانی تر و هەر کەسەیان سەرلەنوێ بوونەوە بە خاوەن زەویوزاری خۆیان، خوێنمژین و تێهەڵدان و چەوساندنەوە و پیاو کوشتن نەما، ئاڵای ئازادی شەکەی ئەهات، ڕەشەش لەژێریا ئەهات و ئەچوو و هاواری ئەکرد زەوییەکەی خۆمم ئەوێتەوە، زەوییەکەی خۆمم بەنەوە، باڵێکم لەو ڕێدا داناوە، دەسا ژیانیشمی لە ڕێدا دائەنێم.

ژین ژمارە (١٤٤٨) لە ژێرسەرناوی

زەوییەکەی خۆمم ئەوێتەوە

## مشتومڕێک

– ئەوە چییە پێت؟

– کارتەکەمە

– شێری یا ڕێوی؟

– فەرموو سەیری کە

– ئافەرم

– ئەو سەعاتەشیان خەڵات کردووم

– منیش کەوتە سەرم.. وانا؟

– بەڵێ.. چیرۆکی کورت.. دوێنێ دەرچووە

– سەعییەکەت لە کیس ئەچێت

– خۆ ئەبێ بایەکی باڵم بدەم

– جا بەوانە؟

– بەڵێ.. بۆ زاخاوی مێشک

– لە جیاتیی ئەوە.. چەند پەڕە دەخوێنیتەوە...؟

– پێویستم بە حەسانەوە هەیە.

– ئەوی تر چییە بە دەستەوە؟

– چیرۆکی درێژە

- وەختە بڵێم لێت دەترسم
- لە چی؟
- خوو بدەیتە ئەم شتە قۆڕانە
- کارتەکەت نەدی
- دەرسەکانت بخەیتە پشت گوێ
- گوایە چاک و خراپی خۆم جیا ناکەمەوە؟
- چیرۆک خوێندنەوە... کورت... درێژ... شانۆیی...
- ساڵێکی تر دەچمە زانکۆ، منداڵ نیم.
- چەنە بە چەنەم لەگەڵ مەکە.
- ببوورە.. وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە.
- لە خۆت بایی بوویت... تف... تف.
- سوپاس... خەڵاتی چاک بوو.
- چاوت دەردەهێنم.
- ماندوویەتیمت حەسانەوە.
- وا پێم وتیت.
- لە نەوەد کەمترم نییە.
- من ئەمانە نازانم.
- ئەتەوێ چی بکەم؟
- سەعی.. من بۆ خۆتمە
- تفەکانت بووژانمیانەوە
- دەستت پێ کردەوە..؟

کچە بە دەم قوڵپی گریانەوە ژوورەکەی بەجێ هێشت. دایکی کە بەو جۆرە دی بە پڕتاو خۆی کرد بەژوورا

- دیسانەوە بەزمەکەیە
- کچی من نییە
- ئەمیش سەرکوێر مەکە
- ئەوەندە دەنووکم تیژە؟
- ورنگە ورنگ کەریت
- چیرۆکی کورت فریای ئەکەوێ... وا نییە؟
- ئەویش پێویستە.

- بۆچی؟
- له دنیا بگات
- ئەی سەعییەکەی؟
- نابێ پشوویەک بدا؟
- کچی گەورەمم خۆش ئەوێ
- بۆیە هەنگاوێک بە دوو ساڵ ئەنێ
- قوڕت کرد بە سەریا
- ئەمیشیان تۆ هارت کرد
- چونکە نەمهێشت سەرکوێری کەیت
- بۆیە زۆرمان لێ ئەترسێ
- ئەوپەڕی ڕێزمان دەگرێ
- زمانی بستێک درێژە
- لەسەر حەق
- تۆ فێری دەکەیت
- ئەم قسانە لەگەڵ تۆ ئەکەم بەس.
- کەس بە هیچم نازانێ
- خۆت وا تێ دەگەیت
- ئەبێ هەموو لەبەرما بلەرزن
- زۆر دووریت
- نایەڵم بچێتە قوتابخانە
- ئەمەیە خەڵاتەکەت؟
- ببێ بە شتێک بڵێ باوکم بەخێو دەکەم؟
- شانازییە بۆ تۆ
- من پیاوم. بەزەبرم
- لە خوا بەزیاد بێت
- چۆن کچ ناوم لەکەدار بکات؟
- دووربین بە
- لە من ژیرتر نییە
- دە بیانلاوێنە
- خۆشیان ناوێم

– ڕۆحیان بەسەر سەرتەوە دەرئەچێت
– وا دیار نییە
– دڵت کرمێ مەکە
– دە بانگیان کە.

پەروەردە و زانست، ژمارە ٢ ساڵی ١

## ڕۆژێکی قوتابخانە

جانتاکەی دەستی زیاتر لە ورگی ژنێکی سکپڕی ئەکرد ئەوەندەی قەڵەم و دەفتەر و کتێبی قوتابخانە تێ ئاخنیبوو تەقەڵەکانی هەموو خاو بووبوونەوە و لە پچڕاندنا بوون، قفڵەکەشی سوا بوو. بگرە دان لە دەمیا نەمابوو، بۆیە خۆش خۆش ئەکرایەوە و هەر جارە شتێک ئەکەوتە خوارەوە.

ئەو بەیانییە لەگەڵ هاوەڵەکانیا ملی ڕێگەی قوتابخانەی گرتبووە بەر، باران نمەنمە ئەباری و کزەیەکی هێجگار ساردیشی ئەهات بەجۆرێک دەم و لووتی شین بووبووەوە و ڕوومەتەکانیشی خوێنیان تێ زابوون و ئاڵ هەڵگەڕابوون، بەڵام ئەو دەربەستی سەرماوسۆڵە نەئەهات چونکە پێی ڕاهاتبوو بگرە بووبوون بە ئاشنای یەکتر، ئەو هەر هەوڵی ئەوەی بوو کە خۆی بگەیەنێتە ناو کۆڕی هاوڕێکانییەوە کە لە ڕۆیشتنا لە ناوەڕاستیانا بێت، بۆیە هەمیشە گوڕی ئەدایە خۆی یاخود خۆی کێش ئەکرد، کە بەوە زیاتر ماندوو ئەبوو. ئارەقی ڕەش و شینی دەرئەدا، بەڵام بێ سوود بوو. جارجار هەر دوا ئەکەوت و پیایانا نەئەگەیشت.

بە کورتی لە ڕۆیشتنا زیاتر لە دزێکی ئەکرد کە بیەوێ خۆی بشارێتەوە و حەشار بدا تاکو کەس نەبینێ. ئەمەش سەری لێ تێک دابوو.

جارێک لەملاوە و کاتێک لەولاوە هێرشی ئەبردە ناویانەوە، چاوی لەبەر پێی نەبوو تا لە پڕێکا قاچی لە بەردێک هەڵنوت کە لەو ناوەدا کەوتبوو، بەوە سەرسمێکی دا و خۆی بۆ نەگیرایەوە بە دەما کەوت لەگەڵ کەوتنا جانتاکەشی لە دەست پەڕی، ئیتر کەس نەیزانی ئەو تاقمە مناڵە لە کوێوە دەرپەڕین کە هەموو دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و هوها کێشان لێی، دەنگیان لێ بەرز کردەوە (شەلەکە بەباری جەوتەوە، هەر هەڵئەستا و ئەکەوتەوە)، هەندێکیان بەمەش وازیان نەهێنا چوون پەلاماری جانتاکەیان دا، ئەمیش کە ئەوەی دی، تا توانی هێزی دایەوە خۆی، هەرچەندە بەری دەستی و ئەژنۆشی ڕووشابوون لەگەڵ ئەوەشا بەگریانەوە شاڵاوی بۆ بردن، هەر چۆنێک بوو جانتاکەی لە دەست ڕاپسکانن بەڵام لەم بگرە و بەردەیەدا جانتا لایەکی بە تەواوەتی هەڵتڵیشا، دەفتەر و کتێب کەوتنە خوارەوە و هەموو تەڕ بوون و جلەکانی لە پێشەوە هەموو قوڕاوی بوون. سا بە هەر کولەمەرگییەک بوو دەستەسڕەکەی دۆزییەوە دەری هێنا، ئەوی بۆی کرا بە پەلەپەل پاکی کردنەوە و باقیی کتێب و دەفتەرەکانی هەر بەو قوڕ و ئاوەوە هاوێشتەوە ناو جانتاکەی جانتای

نووسـان بە سینگیەوە، بە هەردوو دەسـتیش ئەمـلا و لای گرت، ئەمـجـاریش گوڕی دایەوە خـۆی بەڕاکردن دوای هاوڕێکانی کەوتەوە، بەڵام ئەوان هەموو بەجێیان هێشتبووە تەنها (ژیان) نەبێت کە لەولاوە لەگەڵ منالە وردەکەدا وەک شارە زەردەوالە لێیان ورووژابوون، کەوتبووە شەڕەشەق و شالاو بردنەوە تاکو لە (شیـلان)یان دوور خـاتەوە. جـا ژیان چونکە کـچێکی بەخـووە و دڕ بوو خـۆی لە چنگیـان ڕزگار کـرد و بە ڕاکـردن دوای هاوڕێکەی کەوتەوە تا پێی گـەیشتـەوە، دوای ئەوەش هەر بەڕاکردن بۆی دەرچوون، لە پڕ ژیان ئاوڕی دایەوە بەلادا سـەیری کرد دوکانێک لەو ناوەدایە. لای دا و هاوڕێکەی بە دوایا هەردووکیـان خۆیان کرد بە دوکانەکەدا، منالّی چوختیش هەر بە شوێنیانەوە. مامەی دوکاندار کە هێرشی منالە وردکەی بەو جۆرە دی بۆ سـەر دوکانەکەی لە سـەرەتادا نەیزانی چییە، لە پێشـەوە لە کچەکانی پرسی ئنجا لە کۆمەڵی منالّ، لە دواییدا کە تێ گەیشت دووانەکە لە ترسا و بۆ ڕزگارکردنی گیانیـان و منالّیش بە دوای ئەوانا وا بەر دوکانەکەیان پێ گرتووە، گەلێک بە قسـەی خۆش بەسـەر منالّەکانا هات بێ سوود بوو هەر ئەیانوت ئەبێ شەلەمـان بۆ بکەیتە دەرەوە سـەیری لەنجـەولاری بکەین، کـە سـەیری کـرد ئەوەندە قـیـرسـیـچـمـە و بێ چاوەڕوون ئـەو شـیـشـی ئاسنەی کە دەرابەی دوکانەکەی پێ دائەدایەوە، لێی هەڵگرتن بۆیان چوو، منالّ هەندێکیـان لە ترسا ڕایان کـرد و هـەندێکی تریان لە دوورەوە لێی هـەڵگەڕانەوە و دەسـتـیـان کـرد بـە بەردبارانی دوکانەکەی، هەرچی شووشە و جامخـانەی تیا بوو هەموویان هێنایە خوارەوە، ئنجا ئەوانیش ڕایان کرد هەریەکە بە لایەکدا بە تایبەتی دوای ئەو کەتنە، ئیتر کەسیان نەهاتنەوە بەو ناوەدا.

مامەی دوکاندار بـە هەنسکەبڕکێ و دوعاکردن لێیان گەڕایەوە دواوە بۆ دوکـانەکەی خۆی ڕەنگی سـپی بووبوو لە ڕقـا چاوی پەڕیبـووە تەوقـی سـەری، هەمـوو گـیـانی لە تاوا ئەلەرزی. کـە هـاتەوە بەسـەر کـچـەکانا سـەیری کـرد شـیـلان ئەگری فرمێسک یەک هەنسک هـەزار، ژیانیش بەردێک بەر ناوچەوانی کەوتووە قرنجـانوویەتی ئەوەندەی تر ئاگری گرت، هـەر بە دەم لەعنەت ناردنەوە چوو بە لای کـچـەکانەوە ئـەمـلا و لای مـاچکردن و گەلێک دەسـتـی بە سـەریـانا هێنا، لەو کاتەدا شـیـلان دەستەسرە قوڕاوییەکەی دەرهێنا بوو خوێنەکەی ناوچەوانی ژیانی ئەسڕی، ئنجـا مامەی دوکاندار بە پەرۆیەک ناوچەوانی کچەی بەست تا خوێنەکەی گیرسایەوە کە هەردووکیان لە قوڵپی گریانیشا بوون نەیهێشت بڕۆن تا بە تـەواوەتی ژیری کردنەوە و گـەلێک دڵخـۆشیی دانەوە و یەکی پەرداخـێک ئاوی دانێ و سـەرو مست قـەزوانی سـوێریشی کردە گیرفانیانەوە، ئەوسـا خـۆی هـەڵسا لەگەڵیـانا هاتە دەرەوە پێش خـۆی دان تا گـەیاندنییـە قـوتابخـانە کە نـزیکی دوکانەکەی بوو کـردنیـە ئەودیو دەرگەکەوە ئەوسا خۆی گەڕایەوە.

لە قوتابخانە کە ژیانیـان بەسەری سپییەوە دی کچـەکان لێی گرد بوونەوە، شـیلانیش یەکسـەر ڕووی کردە شوێن مـەرکانە و ئاوەکە تاکو جلە قـوڕاوییەکانی پاک بکاتەوە و بیـانپرۆێنێ، خـەریکی ئەوە بوو، ئاگای لە خـۆی بڕابوو، لە دواییدا کە سـەری هەڵبڕی سەیری کرد کچەکان کـەسیـان لە حـەوشـەدا نەماون، بـەوە دیسانەوە ئـەوەندەی تر شـڵەژایەوە ئیـتـر وازی لە قـوڕپروانن هێنا هـەسـتـا

جـانتـا شـرەی هـەڵگرتەوە و ملـی نـا بۆ نـاوەوە، کە گـەیشـتـە بەر دەرگـەی ژوورەکـەی خـۆیان بینی کچەکـان هـەموو لە ژوورەوەن دەرگەکەشیان پێوە داوە، غەڵبەغەڵب و، هەرایان بوو، ئەویش وەک دز دەرگـەکـەی تۆزە تـۆزە کـردەوە ئـنجـا لـە پڕ خـۆی کـرد بەژوورا، ملـی نـا بەرەو شـوێنەکـەی خـۆی، کـچـەکـان کـە بەو جـۆرە بینییـان کـە هـەمـوو گـیـانی تەڕ و لە قـوڕ هـەڵکـێشـرا بوو، جـانتـاکـەشی وا هـەڵتلـیشـاوە هـەموو دەسـتـیان کرد بە تریق و هـۆڕی پێکەنین پێی، هـەندێکیشـیان بەوەوە نەوەسـتـان دەسـتـیـان ڕائەکـێشـا بۆ جـانتـاکـەی و جلـەکـانی، کـچـەش وەک کـەوی چـوو سـەری دانـەواندبوو بەدەم هـەنسکەوە ئـاوڕی لە کـەسـیـان نـەدایەوە بە پەلـەپەل خـۆی گـەیانـدە کـورسـیـیـەکـەی خـۆی وە لـەسـەری دانیـشـت و هـەر هـەنسکـیـشـی ئـەدا، ئـەو ئەگـریا و ئەوان پێی پـێ ئەکـەنین، تا ژیـانی هـاوڕێـی لێـیـان ڕاست بووەوە دەسـتی کرد بە سـەرزەنشتکردنیـان و قسـە پـێ وتنیان ئـنجا مـامۆستـا خۆی کرد بە ژوورا ئـەوسـا کـشـومـات کەس قـرەی لێوە نەهـات، شیلانیش چاوی سڕی و گوێی ڕاهێشت بۆ دەرس وتنەوەی مامۆستا.

وەنەبـێ ئـەمـە یەکـەم جـار بێت کـە شـیـلان تووشی ئـەم بـەزمـە هـاتبێ لـەگـەڵ مـنـاڵە وردکـە و هـاوڕێکـانی قوتابخانەیا، لەوە پێشتریش ئـەمەی بەرەنگار بووبوو، ئەویش ناچار هـەمووی ئەپەچنییە دڵیەوە، جـار جـار بە گـریان دەری ئەبڕی، جـار جـاریش گلـەیـی ئـەکـرد لـە دڵی خـۆیا و ئـەیوت خـوا گیـان بۆچی وات لە من کرد کـە ئەمانە وام لـێ بکەن. ئنجا ئەیوت: یا ڕەبی خـوایە لێت بەزیاد بێت. جگە لـەمـانـە دیتـە خـۆی زیرەک و وریا بوو هـەمـوو هـێـزێکی دابووە سـەر کـۆشش و سـەعـیکردن لە دەرسـەکـانیـا، لە (پۆل)ەکـەی خـۆیا تـەنهـا ژیانی هـاوڕێی بوو کـە لە پێـشـیـەوە بوو، ئـیـتـر کـەس نەیئـەگـەیشـتـێ، ئەو ڕۆژەش لە قـوتابخـانە ئـەنجـامـی تاقیـکردنەوەی نیـوەی سـاڵ بڵاو ئەکـرایەوە قوتابییەکان هـەمـوو لە داڵانەکەدا ڕێز کرابوون، لەوەدا شیلان بەیەکەم دەرچوو. بەڕێوەبەر کە لەوە پێش ژیانی بەسـەری سپییەوە دیبوو تـێ گەیشتبوو کە چییان بەسـەر هاتووە، شیلانی بانگ کردە ناوەڕاستی داڵانەکە، لە پێشـا پیرۆزباییی یەکەمییـەکەی لێ کرد و ئەملا و لای ماچ کرد ئنجا لە بەرچاوی هـاوڕێکانی گـەلێک سـتـایشی خـوو و ڕەوشـتی جوان و کـۆشـشی کرد لە دەرسـەکانیـا، لە هـەمـان کـاتا ناردبووی جـانتـایەکی چەرمـی تۆکـمـەشـیـان بۆ کـڕیبـوو ئـەویش بەناوی (جـائزە)ی یەکەمییەوە پێشکەشی کرد لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ مامۆستاکانی تردا ڕێکیان خست لە وانەی کە ئـۆتـۆمـۆبێلیـان هـەیە بەگوێرەی تـوانا هـەر جارە یەکـێکیـان لەگـەڵ خـۆیا بیـهـێنن بۆ قـوتابخـانە و بیـبـەنـەوە، تا سـاڵ تەواو ئـەکـات و لە پۆلی سـێـی ناوەندی دەرئەچێ پێش بڵاوبوونەوەیان هـەمـوو چەپڵەیەکی گەرمیـان بۆ لـێ دا و ژیانیش بە پڕتاو چوو پەلاماری دا و تەوقەی لەگەڵ کرد و ئەملا و لای ماچ کرد و ئەویش پیرۆزباییی لێ کرد و پێکەوە بە ئۆتۆمۆبێل گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

گۆڤاری سلێمانی

ژمارە (٢) ساڵی (٢) ١٩٦٩

## سەری نەتاشراو !

– ئەزانی لە کەیەکەوە دانیشتووم؟
– دان بە خۆتا بگرە.
– هەر کەس هات ڕاییت کرد.
– سەرەی ئێوەش دێت.
– زوو پێت بوتمایە، چاوەڕێم نەدەکرد.
– مل شکاندن تۆڵەی پەلەکەرە.
– با نۆش لەسەر دەی بێت.
– هەر ئەم سەرەم ماوە.
– دووسبەی جەژنە
– بە تۆ چی...؟
– بچم شتێک پەیدا کەم.
– بڕۆ بەلای ئیشتەوە... مناڵەکان بەجێ بهێڵە.
– خۆم لێرەم وایە... بڕۆم چۆن ئەبێت.
– خوا هەزار قاپیی لایە.
– فەرموو جگەرەیەک بکێشە.
– نا دەست خۆش... جگەرە ناکێشم.
– ڕادیۆ ئەڵێ چی؟
– باسی جەژن ئەکات
– کردیان
– نەخێر.. هێشتا.
– پشت بە خوا نایکەن.
– بۆچی..؟
– پارەیەک پەیدا کەم.. شتێک بکڕم.
– پارەت پێ نییە؟
– هیچ حەقم خواردووی؟
– کەس ناتوانێ حەقی من بخوات.
– بە قەرز بۆت تاشیوم؟
– ئەم ئیشە قەرز و قۆڵە هەڵناگرێ.

– ها ئەوە پارە لە پێشەوە...

وەستای سەرتاش لە ئاوێنەکەدا چاوی لێ بوو، ئۆتۆمۆبێلێکی درێژی نوێ ئەتوت بووکە وەک ڕەشی مار کشاو ڕاستەوخۆ هات لە بەردەمی سەرتاشخانەکەیا خشەی وەستانی هات

– ئا ڕۆڵە بزانە کێی تیایە

– .. وەستام نایناسم.

– ڕاکە دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەیان بۆ بکەرەوە.

– وا دابەزین

– قاپییەکەی خۆمانیان بۆ بکەرەوە

– وا هاتنە ژوورەوە.

– فەرموون.. فەرموون.. بەخێربێن سەرچاو.

– خۆش بیت.

– بچکۆل بەخێربێیت سەرچاوی مامت.. ماشەڵڵا

– کەسمان لە پێشەوەیە؟

– نەخێر.

– ئەی ئەوانەی دانیشتوون؟

– شاگردەکەم بۆیان ئەتاشێ.. با بێت بچکۆل

– هەستە کوڕم دەی...

– ئا دەی ڕۆڵە... ساردییەک بۆ بەگ.

– خۆت ناخۆیتەوە؟

– بە خۆشیی ئەمانەوە.. با .

– ئەمجاریش خۆش هاتن... گەورەتان کردین.

– سوپاس.

– خۆ جێگاکەتان ناڕەحەت نییە؟

– باشە... ئەگەر نەختێک دەست وبردت بکردایە.

– جگەرەکێشێک نابات... وا دیارە درەنگتانە.

– ئۆتۆمۆبێلەکەم ئەبەم بۆ شتن و چەورکردن.

– ئامادەی ئەکەن بۆ جەژن؟

– ئەچمە دەرەوە.. تاقەتی دەست و مۆچی ناو شارم نییە.

– شۆفێرتان نییە؟

– خوا نەکات شۆفێر ڕابگرم.

– شۆفێر ڕابگرم.. مانگانەی بدەمێ.. ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ بشکێنێ و دزیشم لێ بکات

– شتێکی ناخۆشە.

– شۆفێرم هەر ڕانەگرتووە ..

– حەقتانە

پیاوەکەی لەگەڵ مناڵەکانیا چاوەڕێ بوون سەرە بێتە سەریان چاویلکە رەشەکەی لە چاوی داکەند و لە بەگ هاتە پێشەوە:

– ئەی من لای کێ بووم؟

– ئەمە کێیە وەستا؟

– نامناسیتەوە؟

– ڕۆژی هەزار کەس دێنە لام.. چوزانم..

– شۆفێرەکەی پێرارتم

– هی من؟

– پارەی چوار مانگیشت لێ خواردم

– بۆ گەرم پێ ناکەیت؟

– خستتە بریتی فەرشە بچکۆلەکەی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە.

– ئەی تۆ نەتدزی؟

– جەنابت هەر شۆفێرت ڕانەگرتووە!!

– هەر واشە... من ناتناسم

– فەرشەکەشت دا بە ژنە دۆستەکەت لەو دیوتانەوە.

– نۆبەی دەر و دراوسێیە؟

– ئەرێ خوام کرد بە گژتا... مەعمیلەکانم بۆ لێ ئەتەکێنیتەوە؟

– تەیری گوڵ عاشق بە داری زەقنەبووتە.

– یەخەمان بەردە

– نەهاتووم بۆ سواڵ.

– منیش نەمناردووە بە شوێنتا.

– یەکتری ئەبینینەوە!!

– هەڕەشەم لێ ئەکەیت؟

– نەء... مەعمیلی نوێت پیرۆز... هەستن ڕۆڵە...

– ... با بڕوات ملی بشکێ.

– هەر شوێنەکەیان پیس کرد.

– خەریک بوو بەزۆر خۆی بسەپێنێ بەسەر جەنابتانا.

– خۆ ئاگات لێ بوو.

– قوربان.. خۆت تەراش ناکەیت؟

– نەخێر سوپاس

– چۆن سەرێکم بۆ بچکۆل تاشیوە؟

– دەست خۆش.. ئای ئەوە هەر ئەو پەنجاییەم وردە پێیە ئێستا بە شۆفێرەکەما باقییەکەی و جەژنانەشت بۆ ئەنێرم.

– فەرمووتان شۆفێرتان نییە.. وا دیارە کەمێک بیرتان خراپە.

– ژنەکەم لێ ئەخورێ.. مەبەسم ئەوە.

– ئەو ئەرکە بۆ ئەدەیتە بەر خانم.. چیت پێیە بۆت ورد کەمەوە.

– ها... بە ڕاستی هەر جزدانەکەشم هەڵنەگرتووە.. خواتان لەگەڵ..

ڕۆژی کوردستان ژمارە، (١)، حوزەیرانی ١٩٧١

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان.. دیمەنی ناوەوەی ڕووداوەکان

### خواردنی دوا ڕۆژی پرسە

دانیشتبووین و دانیشتنەکەمان لە کۆتاییدا بوو، سەیرم کرد مێزێکی دوور و درێژ بە (سینییە قۆزی) و (مریشکی ناخنراو لە برنج) و (سینییە کەباب) و (بەلەمە برنج) و (جۆرەها میوە) و (شیرینی لە پاقلاوە و برمە و کنافە) ڕازایەوە بە جۆرێک مێزەکە پڕ بووەوە. شوێنی قاپێکی تری لەسەر نەمایەوە هەرکە فەرموو لە دانیشتوان کرا. زۆری خەڵکەکە عوزرخواییان هێناوە هەریەک بە جۆرێک. لە دواییدا تاک تاک و جووت جووت بۆی دەرچوون ئەوەی مایەوە هەریەکە خۆی بە سێوێک یا پاقلاوەیەکەوە خەریک کرد و هاتە ئەملاوە. بەڵام چەند کەسێکیش خوا هەڵناگرێ. هەتا بن دەستیان لێ هەڵکرد ئەتوت خۆیان بۆ کرێکاری ئامادە ئەکەن، کوتە گۆشت و لاقە مریشکیان لوول ئەدا ئەتوت ئەیکەن بە گەرووی ئاشا.

بەڕاستی خەڵکەکە ئەوەندە نەبوون. واتا خواردنەکە بەشی فەوجێکی ئەکرد ئەگەر نەڵێم دوو فەوج – بەلێکدانەوەی من ئەوەی لەسەر ئەو مێزە بوو. دوای ئەوەی خەڵکەکەش هاتنە دواوە، ئەوەندە مایەوە هەر ئەتوت دەستی لێ نەدراوە، ئەو خواردن و هەیت و هووتە لەم ڕۆژەدا کە گرانییە و (حصار)ە، باییی سێ ملیۆن زیاتر ئەبوو چونکە نزیکەی پانزە (قۆزیی بەرخ) و پێنجسەد کەباب و شەش سینی پاقلاوە و ئەوەندەش برمە و کنافە دە دوانزە سینیی هەڵووژە و

ترێ و سێو و هەرمێ...

ئنجا حسابی تەعزێی ژنان بکە و بزانە لای ئەوان چی کراوە. چونکە خواردنی لای ئەوان نیوەڕۆ و ئێوارەیە بۆ خۆیی و عەینی مێزی پیاوانیش.

ڕۆژی (مەولوود) لای ئەوانیش ئەڕازێتەوە.

کاک سەردار هاتە لامەوە و لە منی ئەپرسی

ئەرێ توخوا پێم نالێیت ئەم هەموو پارەیە بەخۆڕایی بۆ چی و بۆ کێ خەرج ئەکەن؟ ئەوانەی دێنە سەرمێز لە ژن و لە پیاو هەموو خوا نەیبرێ خاوەن کۆشک و مرسیدس و ڕۆژێ نییە لەم خواردنە نەخۆن.

ئەم خواردنە یاخود پارەکەی ببرێتە شوێنێکی وەک (مرقدی گەیلانی) یاخود (کاظمیة) یا هەر شوێنێکی تر و بەسەر هەژارەکانی ئەو شوێنانەدا، دابەش بکرێ.. باشتر نییە؟

ئینجا من قسەکەم لە دەمی قۆستەوە وتم یاخود بدرێ بە کۆمەڵێکی خێرخواز (کۆمەڵێکی بڕوا پێکراو) کە دابەشی بکات لە شێوەی هەفتانە یا مانگانەدا یا بەو شێوەیەی خۆی بە باشی ئەزانێ.

ئەی هەزار ڕەحمەت لە باوکت و دەم خۆش..

کوڕە وەڵڵا ئەم کردەوانە هەمووی بۆ خۆ نواندن و خۆدەرخستنە و هیچی تر.

باشە پێم نالێی ئەم عادەتە لە چییەوە هاتووە؟

کاکی برا: وەختی خۆی کە دوا ڕۆژی پرسە تەواو ئەبوو خزم و دۆست و برادەر ئەچوونەوە ماڵەوە لای خاوەن مردوو. لەو دانیشتنەدا چا یا قاوەیەک ئەدرا بەو خەڵکە و هیچی تر. ئەمە وردە وردە پەرەی سەند تا گەیشتە ئەم ڕادە لە حەد بەدەرەی ئێستا.

هاوکاری ٢٨٣٢ ڕۆژی ١٤/١/ ١٩٩٧

## لەبەر خەتی ترافیکدا

گەڕێنەکەم لێ ئەخوڕی، وردە وردە نزیک (ترافیک) بوومەوە، بەردەمم بە سێ چوار ڕیز ئۆتۆمۆبێل گیرا بوو، ناچار لەسەر گێڕی یەک ئەڕۆیشتم یەکێک لە دواوە خێرا خێرا هۆڕنی بۆ لێ ئەدام..

ئاوڕم دایەوە، سەیر ئەکەم کابرایەکە بەدەست ئیشارەتم بۆ ئەکات ئەڵێ: بڕۆ بۆ ناڕۆی؟ منیش هەر بەدەست پێم وت: فەرموو تۆ وەرە دڕ بەم هەموو گەڕێنە بدە و پێش کەوە..

کە گەیشتمە لای گڵۆپی سەوز و سوور، سەیرم کرد ناسووتێ گیانی تیا نییە تومەز کارەبا بڕاوە خاوەن ئۆتەر کردوویانە بە هۆڕن لێدان و دەنگەدەنگ، پۆلیسی هاتوچۆ لەو ناوەدا نییە، ئۆتەرێک گوڕ ئەداتە خۆی دەرباز بێت شەش حەوتێکیش لە دواوەی لە پڕێکا ئۆتەرێکی تر لەولاوە بەردەمیان لێ نەکرێ ئۆتەرێکی ئیش ناکات سێ چوارێ پاڵی پێوە ئەنێن تاکو دووری خەنەوە و

ڕێگا لە خەڵک ئەگرێت، لەولاوە لێشاوی ئۆتەری تری بۆ دێت ئەویش ڕائەوەستێ بەم جۆرە لەو شوێنەدا ڕەنگ هەیە نزیکەی سەد ئۆتەر مۆڵیان خواردبێ و هەر کەس ئەیەوێ بۆی دەرچێ و بێ ئەوەی گوێ بداتە بەرامبەرەکەی بەوە ڕێزەکەی تێک ئەدا و نە خۆی و نە ڕێی بە کەسی تری ئەدا دەرچێت. ئۆتۆمۆبێلیش تا ئەهات زیادی ئەکرد کابرای دوای منیشەوە هەر هۆڕنی بۆ من لێ ئەدا کە دەرچم، ئاخری دابەزیم و چوومە لایەوە لێم پرسی: بابە گیان: خۆ من باڵندە نیم بەسەر ئەم هەمووەدا بفڕم ئیتر تۆ چیت ئەوێ لە من؟ ئەیوت دەرچۆ چۆن جێ نییە؟ من بوومایە لە باتی تۆ دەمێک بوو خۆم رزگار کردبوو وتم: زۆر باشە دەوەرە جێگەکەی من و لە شەقەی باڵ بدە و دەرچۆ وتی ئاخر ڕێگام نییە، وتم: ئێ دەباشە ئاخر ئەوەیە مەسەلەکە. دە ئەوەندە نە خۆت و نە من سەغڵەت بکە بەجرت و فرت و هۆڕن لێدان.. لەوێوە ڕۆیشتم چووم بە چەند کەسێکم وت: بابە وەرن دابەزن باپێکەوە ئێمە ئیشەکە ڕێک بخەین و هەموو لەم گیرخواردنە رزگار بکەین، بەخوا کە پۆلیسەکانیش هاتن زۆریان پێ خۆش ئەبێ و سوپاسمان ئەکەن، بەڵام مانەوەمان بەمجۆرە بێ سوودە، لە پێش هەموو کەسێکدا کابرای دواوەم گاڵتەی پێ ئەکردم و نەهێنای و نەبردێ وتی: (عمي شتريد؟ تريد تصير ضابط مرور) ئەوانی تریش یەک دووانێک نەبێت کەس بەدەنگمەوە نەهات منیش بێدەنگ چوومەوە گەڕێنەکەم بۆ خۆم لێی دانیشتم.. دوای شەش حەوت دەقیقە دوو پۆلیسی هاتوچۆ بەفیک و هوڕ و بە شاور لێدان هاتن، دەستیان کرد بە ڕێکخستن و ڕێگا کردنەوە، هەر خەتێکیان رزگار ئەکرد ئەچوونە سەر خەتێکی تر بەم جۆرە قەڵەباڵغییەکە نەما و منیش و برادەرە دەمدرێژە بێ ئابڕووەکەی دواوەش ڕزگارمان بوو کە کەوتمە ڕێ لە دڵی خۆما لێکم ئەدایەوە، باشە ئەم خەڵکە ئەگەر بکەوتنایە ڕێکخستنی خۆیان و ئەوەندە پەلەیان نەکردایە هەر کەس بۆ خۆی نە ئەوەندە گەڕێنەکانیان نە خۆیان ماندوو ئەبوون باشە خوانەخواستە ئەگەر کارەساتێکی تۆقێنەر ڕوو بدا وەک: زەلزەلە و لافاو یاخود ئاگرکەوتنەوە.. ئەم خەڵکە ئەگەر بەم جۆرە بن و هەر کەس هەوڵی خۆی بێت چۆن ڕزگاری ئەبێت.. بە تایبەتی ئەم جۆرە هەڵوێستانە کە هاریکاری گشتی و دان بەخۆدا گرتن و بیرکردنەوە و لەخۆ بووردنی ئەوێ.. ئنجا بە هەرەوەزێکی گشتی کە هەر ئەوە دەرمانیەتی و بەس.

هاوکاری، ڕۆژی ٨/١٠/١٩٩٧، ژمارە ٢٧٧٩

## ڕەوتی ئیش و کار لە دەزگاکانی میریدا

دەرگای ژوورەکەیان لەودیوەوە داخرابوو، چونکە سەعات یانزەی بەیانی بوو سەرم سووڕما، قاپی دایەرەی میری لەم کاتەدا هەمیشە کراوەیە و لە کەس داناخرێت. کە لە پەنجەرەکەوە سەرنجم دا ڕوانیم، کچێک خەریکی چا دەمکردنە لەسەر (طباخ)ێکی کارەباییی بچووک، دووەم کچ لەولاوە تەماتە قاش ئەکات و خەیارێک پاک ئەکات، سێیەمیان، پیاز ئەجنێ و خوڕخوڕ ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە لەولاشەوە هێلکەی پاککراو دانراوە قاشی ئەکات، لە ژوور هەموویانەوە ڕادیۆ کرابووەوە،

لەتیفەی توونسی دەنگی لێ هەڵبڕی بوو ئەوی ئەیوت، نەی ئەوتەوە.

نیو سەعاتی زیاتر برد هەرکە قاپی کرایەوە، یاڵڵا خوایە گرێی بەختی ئیشەکەی منیش وەک قاپییەکە بکرێتەوە و لەم هاتوچۆیە رزگارم ببێ.

خۆم کرد بە ژوورا سڵاوێکم لە حازری کرد. قوور و قەپ یەکێک نقەی لێوە نەهات و کەس وەڵامی نەدامەوە... چوومە لای ئەو کچەوە کە ئیشەکەی لا بوو، سەری دانەواندبوو فایلێکی لە بەردەما بوو، وام ئەزانی فایلەکەی منە گەلێک دڵم خۆش بوو گەشکە گرتمی لە تاوا بۆ ئەوەی گوێی لێم بێت بە دەنگی بەرز (صباح الخیر)ێکم لێ کرد.. فلانی خۆی داچڵەکاند و لە شێوەی پەلاماردا لە جیاتیی (صباح النور) وتی (یا صباح یا رزاق) بەم بەیانی زووە دیسانەوە هاتیتەوە سەرمان.. وتم: کچی خۆم من بە باوکی تۆ ئەشێم، سڵاو ئەکەم نایسێننەوە (بەیانیت باش) ئەڵێم، پێی دائەچڵەکێ ئەی چی بکەم؟ بەخوا ئەگەر ئیشم نەبێ، سەر ناکەم بە لاتانا.

بۆ بێزت نایە؟ بۆچی تۆ چیت وا لە خۆت بایی بوویت؟

کچەکەم من بە شانازییەوە سەر ئەکەم بە دەزگای میریدا. بەڵام تۆ لە جیاتیی ئەم قسە بەرز و نزمانە سەیرێکی ئەوراقەکانم بکە و ئیشەکەم هیچی وای نەماوە تەواوی بکە و بیدەرە دەستم با منیش ئەوەندە نەیەمە سەرت.

معامەلەکەت ئیشی زۆر ماوە ئەمرۆ هەر تەواو نابێ برۆ سبەینێ وەرەوە.

دایکەکەم، خوشکەکەم، کچەکەم ئەمە چەند رۆژە تۆ ئەمرۆ سبەی بە من ئەکەیت هەر ناتەواوییەک لە ئیشەکەدا بوو هەمووم تەواو کرد. وەک دوێنێ خۆت وتت سبەینێ تەواو ئەبێت.. دە کوا؟

من هەرگیز ناماقوڵیی وام نەکردووە. کچەکەی تەنیشتی کە پلەیەک لەو بەرزتر بوو خۆی پێ نەگیرا و بەرامبەر بەو هەموو توندوتیژییە هەڵی دایە و وتی:

ئەشهەدوبیللا ئەم پیاوە راست ئەکات و تۆ درۆ ئەکەیت.. هەر ئێستا ئیشەکەی تەواو کە و بیدەرە دەستی تا منیش بیبەم بۆ بەرێوەبەری گشتی بۆی مۆر بکات.

لە دڵی خۆما وتم ئەلحەمدولیللا هێشتا هەر دنیا سەلامەتە و مرۆی چاک زۆرترن ئنجا بە ئاشکرا سوپاسێکی گەرموگوری ئەو ئافرەتە بەرێزەم کرد و هاتمە دەرەوە.

دوای پانزە ساڵ: ئێستا ئەڵێم و دوو پاتی ئەکەمەوە. هەزار خۆزگە بەوسا. لەم رۆژانەی ئێستادا کە (موظف) لە هەموو دائیرەکانا چوار پێنج ئەوەندە زیادی کردووە، بەڵام ئیشوکار لە دەزگاکانی میریدا کە ئەچەقی لە قوری گەندەڵی و تەماعا، دەرچوونی هەر نییە بە مردوویی نەبێ.

هاوکاری، رۆژی ٢٢/١٠/١٩٩٧، ژمارە (٢٧٨٧)

## ئاگات لەودیوی بەستەکەوە بێت

بەشی پێشەوەی هەڵووژەی سەر سەبەتەکەی بە جۆرێک ڕازانبووەوە پیاو لە دوورەوە کە ئەیبینی، ئاو ئەزایە دەمی و تا بچووایە پێشەوە زیاتر حەزی ئەکرد سەیری بکات. نەک هەر ریزی پێشەوە بەڵکو بەشێکی بەرز و نیو کەوانەیی لەو هەڵووژە جوانانە پێک هێنابوو، بە جۆرێک کە تۆ لە دواوە هیچ نەبینی کە چی هەیە و چی نییە.. خۆ ئەگەر بێتو دەست بۆ دەنکێک بەریت کە خۆت بیخەیتە سەر تەرازووەکە، کابرا لەوانەیە بکێشێ بەدەستتا، ئەگەر قەسدی سەرت نەکا و هەڵی کەنێ.. بەڵێ باشە فەرموو خۆت بۆم تێ کە... (عمي انت شتگول، كله ورد.. ذهب.. ماكومثله) دەی فەرموو دوو کیلۆم بۆ بکێشە... زەرفەکە یاخود کیسە نایلۆنەکەش ڕەشە و هەرچییەکی تێ بکرێ هیچ دیار نییە، تۆش ڕێزی ڕازاوەی دەرەوەت دیوە وا ئەزانی ئەوەی بۆی کردوویتە کیسەکەوە عەینی ئەوانەیە کە تۆ لەبەردەمتایە و ئەیبینی بە چاوی خۆت.. بەڵێ هەڵووژەم بردەوە و دامە دەستماڵەوە وتم: ئەمڕۆ ئاڵتوونم بۆ هێناویتەوە ئەویش وای ئەزانی لای زێڕەنگەر بووم... فلانی کە هەڵووژەی ڕۆ کردە ناو قاپەکەوە، هەروەکو لە بانێکەوە بەرمدەنە خوارەوە. سەیرم کرد هەموو فلیقاوەتەوە بەسەر یەکا دەنکێکی ساغی تیا نییە، زۆری ترشابوو، ئەوانی تر خراپ بووبوون. ناچار یەکسەر ڕۆمان کردە سەبەتەی خۆڵەکەوە... ئنجا منیش کەوتمە بیرکردنەوە تۆ بڵێی لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا قاچم پیا نابێت ... تۆ بڵێی دەستم لێ وەشابێ خۆ کابراش دەستی بۆ هیچ لایەکی تر نەبرد و لە بەرچاوی خۆم لەوەی بەردەمی پڕی ئەکرد... کەوابوو ئەو بەستە یاخۆد ئەو دیوارەی بەو جۆرە لەو هەڵووژە جوانانە ڕاکێشابوو، یەکەم بۆ ڕاکێشانی کڕیار و لە هەمان کاتا لەودیو ئەو بەستەوە هەرچی هەڵووژەی خراپ و بۆگەن و فلیقاوە هەیە کۆی کردووەتەوە بۆ ئەوەی دەستی من و تۆی پێ ببڕێ.. جا برا کە چوویتە بازاڕی میوە و ویستت تەماتە و هەڵووژە یا سێو و هەرمێ.. بکڕیت ئاگات لەودیو بەستەکەوە بێت و ئاگات لە توورەکەی نایلۆنی ڕەش بێت کە شتت لێ ئەشارێتەوە و لە خشتەت ئەبا.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩/١١/١٩٩٧، ژمارە (٢٧٨٣)

## شەڕەبۆکسەکەی کارنیکە سوور و سمایل

خوا عافوی کا، ساڵح عەلی مامۆستای وەرزشمان بوو، لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، بەڕاستی مامۆستایەکی دڵسۆز بوو بۆ ئەرکەکەی سەرشانی و زۆر حەزی ئەکرد قوتابی پێ بگەیەنێ و هەموو جار ئەو فەرمایشەی دووپات ئەکردەوە (العقل السليم في الجسم السليم).

دوای نیوەڕوان ئەیهێنایەنەوە بۆ قوتابخانەی سەرەوە کە ئەوسا لای نەخۆشخانەی کۆنەوە بوو. ساڵح ئەفەنی زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەیویست قوتابی بۆ (شەڕەبۆکس – ملاكمة) پێ بگەیەنێ هەرچەندە خۆی ئەوەندەی لێ نەئەزانی و ئەوساش (مدرب) بۆ ئەم جۆرە یارییانە نەبوو.

ڕۆژێ دوای نیوەڕۆ لە قوتابخانە ساڵح ئەفەنی، مەشقی شەڕەبۆکسی بە دوو قوتابی ئەکرد، یەکێکیان (کارێک زادیک - کارنیکە سووری ئەرمەنی) کە ئەو زیاتر لە یارییەکەی ئەزانی وا بزانم لەوە، پێشتر لە کەرکووک لە (شەریکەی نەوت) فێر بووبوو دووهەمیان کاک ئیسماعیل کە ئەو وەک کارنیک لە یارییەکەدا قاڵ نەبوو، بەڵام ساڵحە فەنی هەوڵی فێرکردنی لەگەڵدا ئەدا. دەی سا.. هەردوولا دەستکێشیان لە دەست کرد و هاتنە مەیدانەوە، وەک دوو کەڵەشێری غوباب ساڵحە فەنی شاوری دەستپێکردنی لێ دا و ئەوان بە یەکا هەڵپڕژان، کارێک بەو ڕێوشوێنە و لەسەر ئەو بنکەیەی فێر بووبوو، یاریی ئەکرد، سمایلیش (شەلم کوێرم ناپارێزم)، وا بزانم لە دەست وەشاندنێکی کارنیکدا، کاکە سمایل زیاتر ئازاری پێ گەیشتبوو، ئیتر کارنیک خۆت بگرە شتەکە لە یاری دەرچوو، بوو بە شەپازلە و سیخورمە و قۆچ، ساڵحە فەنی لەوێوە خێرا خێرا شاوری لێ ئەدا و ئەیوت (فاوڵ) نەخێر سمایل بەوەوە نەوەستا دەستی کرد بە تێهەڵدانی کارنیک، خۆ ئەگەر ئەویش بیویستایە زۆر باش دەرەقەتی ئەهات، بەڵام هەرگیز لە (اصولی یاری) دەرنەچوو. تا ئێمە چوینە لای ساڵحە فەنییەوە و پێمان وت: مامۆستا ئیشەکە لە شاور لێدانا نەما، فریا کەوە تا شتێک نەقەوماوە، ئەوسا چووە بەینیانەوە و لەیەکی کردنەوە و سمایلی دوور خستەوە.. ئەویش خێرا خێرا هەڕەشەی لە کارنیک ئەکرد و ئەیوت: ڕاوەستە بۆم کارنیکە سوور بزانە لە دەرەوە چیت لێ ئەکەم.

- دەی کاکە سمایل ئەمە یاری بوو یا شەڕەشەق و شەڕەگەڕەک بوو؟

هاوکاری، ڕۆژی ٢٦/١١/١٩٩٧، ژمارە (٢٨٠٧)

## مەیخەنە سەر ساجی عەلی

کە چوومە لای بەهێ خان، سەیرم کرد، هەنسک یەک فرمێسک هەزار، ئەلاوێنێتەوە و لە خۆی ئەدا و بەدەم لاوانەوەوە ئەڵێت: سەریشمان چوو، ماڵیشمان چوو، من ئەو منداڵانە چی لێ بکەم و دوای باوکیان کێ مشووریان ئەخوا و بەخێویانی ئەکات؟

- دەی خوا گەورەیە دایکەکەم، قاپییەک دائەخا، قاپییەک ئەکاتەوە تۆش ئافرەتێکی ژیر و دنیادیدەی سەری بێ رزق لەژێر خاکایە..

- کاکە گیان: ئەو رەحمەتییە، هەر چییەکی ئەم چەند ساڵە بەرەنجی شانی خۆی کۆ کردبووەوە، نیوەی بە خەرجکردن بۆ (عملیات) و سەفەری لەندەن و دەرمان و مەسرەفی تر ڕۆیشت، ئەمەیان قەیناکا، ماڵی حەڵاڵی خۆی بوو، بۆ (تداوي) و چاکبوونەوەی بوو، بەڵام خوا ئەیدا باشە توخوا ئەو هەموو پارەیە کە بۆ پرسە و مەلا و نانخواردن و ناشتنی خەرج کرا بەشی ئەوەندەی نەئەکرد کە ئەو منداڵانە پێ بگەیەنێ تا لە خەم بڕەخسین؟ بڕوا بکە خەڵک کە ئێمەیان بە ملیاردێر ئەزانی ئێستا دەستم لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە نەخۆشی و عەمەلیات و هاتوچۆی خۆی نزیکەی دە

ملیۆنی تێ چوو ئەمە وەکو وتم قەیناکا بەڵام توخوا ئەوە ویژدانە بۆ پرسە و نانخواردن و هەیتوهووتی تر شەش ملیۆن خەرج بکرێ، ئەوە بۆ ئەو هەتیوانە خەرج بکرایە باشتر نەبوو.

– بەرێ وەڵڵا دایکەکەم ڕاست ئەکەی ئەم پیشە هیچ و پووچە کە تەنها بۆ ڕواڵەت و خۆدەرخستن نەبێ، هیچی تری تیا بەستە نییە ئەی باشە تۆ بۆچی ڕێگای ئەوەت دا.

– کاکە گیان: هەر دەمم بکردایەوە ئەیانوت: ڕەزیلە و چرووکە و ماڵی خۆیەتی دوای مردنیشی پێی ڕەوا نابینێ و دە ئەوەندەی لە بانقایە خۆزگە سەیری دەفتەری بانقەکەیت ئەکرد بۆ ئەوەی بزانی چی لە بانقا ماوە ئاوەها خستمیانە سەر ساجی عەلی.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٣، ژمارە (٢٨١١)

## کوپە ترشیاتەکەی باجی حەلاو

یاخوا باجی حەلاو خوا عافوت کا و لە گوناهت خۆش بێ چونکە ژنێکی ئەوەندە مەرد و ئازا بوویت. ئەرکی ڕەشە خێزانێکت گرتبووە ئەستۆی خۆت. شەوت ڕۆژ ئەکردەوە تا لفکەیەک یاخود دووانت ئەچنی. بۆ سبحەینێ. خەڵکەکە ئەهاتن ئەیانقۆستەوە. چونکە لفکەکانت ئەوەندە سفت و جوان بوون، مرۆ هەر حەزی ئەکرد خۆی بشوات. پێیان. بەنرخەکانیان خەرجی ڕۆژانەی ماڵەکەت دابین ئەکرد.

باجی حەلاو ساڵێکیان ویستی هەر لە زووەوە دەست بکات بەزەخیرە خستنی ناوماڵ. بەڵام ئەمجارە ویستی زەخیرەی ترشیات بخات بۆ زستان ترێ ڕەشکەی لای خۆمان سەیری هەیە و عەجەب سرکەیەک بە دەستەوە ئەدات کوپەی باڵا زەلام لە ماڵ هەبوو. پاک پاک شۆرایەوە و وشک کرایەوە. باجی حەلاو چووە بازاڕ بارێک ترێ ڕەشکەی شاربازێڕی کڕی دوو (تاسەوی) ماڵەوماڵ. هێنایە ماڵەوە. ترێ هەر دەنکی بەقەدەر هەڵماتێکی گەورە، ترێ شۆرایەوە و چۆڕایەوە و دەنک لە لاسک جیا کرایەوە و خرایە کوپەی باڵا بەرزەوە و سەری باش نرایەوە و ئەوەندەی توانی باجی حەلاو (الحمد لله وقول هو الله و بسم الله)ی بەسەرا کف کرد و لە شوێنێکی باش و تۆزی گەرما لە ژووری خوارەوە دای نا. بەڵکو بگات و ببێ بە سرکە و لە سرکەکەش ترشیات دروست بکات.

دوای بەینێک هەر ڕۆژە نا ڕۆژێک سەرێکی لە کوپەی باڵا بەرز ئەدا بزانێ ترێ بووە بە سرکە گەییوە یا نا؟

تومەز کاک عەباسی کوڕی باجی حەلاو دەستکاریی کوپەکەی بە دزیی دایکییەوە کردووە ترێ لە جیاتیی ئەوەی ببێ بە سرکە گەڕاوەتەوە شەرابێکی خەست و خۆڵی ئاڵی لێ دەرچووە و کاک عەباس هەموو شەوێک سێ چوار پەرداخی لێ ئەخواتەوە و باجی حەلاویش هەر چاوەڕێی ترێیە پێ بگات و لە دواییدا سەیری کرد. ئیشەکە زۆری پێ چوو سرکە هەرگیز ئەوەندەی پێ ناچێت. ڕۆژێک پڕ بە پیاڵەی چایەکی لە کوپە دەرهێنا و تامی کرد. سەیری کرد شیرینە. هەڵسا ئەو پیاڵە

سرکەیەی برد بۆ باجی (پیرۆزی تەپەچنە) کە پسپۆڕ بوو لە سرکە و ترشیاتا باجی پیرۆز کە ئەنجامەکەی تێ گەیاند.. باجی حەلاو یەکسەر تێ گەیشت و وتی: هەبێ و نەبێ ئەو هەتیوەم ئە ئاوا لێی حەرام کردین. ئەهت بێ عەباس منیش نەیەڵم پێی شاد بێت. هەر گەیشتەوە ماڵەوە. بە نقەنق کوپە شەرابی هێنایە حەوشە شەرابی ڕژان. کوپەکەشی شکاند چونکە حەرامە ساڵێکی تر نابێ سرکە لە کوپەی شەرابدا بگیرێتەوە.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١٧، ژمارە (٢٨١٨)

## کە ڕێوی بە پیرتەوە دێ

ڕۆژێ لە ڕۆژە تووشە ساردەکانی زستانی سلێمانی بوو. بەفر تارایەکی سپیی دابوو بەسەر شارەکەدا، ڕەشایی بە عاستەم دەرئەکەوت.. هەرچەند ئەو بەفرە زۆریش بباریایە، ئیتر باڵندەی ئەو دەشتە خۆیان ئەکرد بە شارا بەڵکو خۆیان ئەکرد بە ماڵەکانا. بۆ سبەینێ کە کردی بە سایقە و هەتاو کەوت، لەگەڵ خوا لێخۆشبوو حەمەی مامدا، بڕیارمان دا بچین بەرەو (چەمی تانجەڕۆ) خۆ هەمیشە تەویلەکانی ماڵی باپیرم پڕ بوون لە وڵاخ و تانجی، ماڵی باپیریشم ئەوسا ئەو پەڕی شار بوو کارێزی دایکی پاشا هەر لەبەر دەمی ماڵەکەمانا بوو، تانجیمان ڕست کرد و وڵاخمان زین کرد و بە جووتە سوارە بەرەو خوار بووینەوە ڕووەو قەرە تۆغان چەمی و تابخەرە زۆر نەڕۆیشتین ئەوەندەم زانی ڕێوییەک لە بەردەممانا بۆی دەرچوو، ئێمەش هەڵەمان لە تانجی کرد و ڕستمان بۆ بەرەلاکردن تانجی ڕێویی ئەهێنا و ئەبرد، ڕێوی خۆی نەدا بەدەستەوە، خۆ تازە تانجیش پێیان عەیبە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە، ئیتر ئێمە تانجی و ڕێویمان لە چاو ون بوون، بەفرەکەش ئەوەندە زۆر بوو لە توانامانا نەبوو، بەغار دوایان کەوین. زۆری نەبرد تانجییەکیان گەڕایەوە لای ئێمە لەوە ئەچوو هاتبێ بەشوێنمانا، چونکە ئێمەش هەر ناچار بووین بەدوای تانجی دووەمدا بگەڕێین، هەر ڕۆیشتین، وا سەیر ئەکەین، تانجییەکەی تر لە جیاتیی ڕێوییەکە، کە بۆی دەرچووبوو کەروێشکێکی خڕنەی قەڵەوی بەدەمەوەیە، کەروێشک ئەیەوێ خۆی ڕزگار بکات ئەم بەری نادا.. تا گەیشتینە سەری، ئنجا کەروێشکەکەی بەر دا، بەڵام هێزی لێ بڕابوو، ئێمەش هەر لەوێدا سەرمان بڕی و بە پاشکۆی زینەکەوە هەڵمان واسی و هاتینەوە بۆ ماڵەوە.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٤، ژمارە ٢٨٢٢

## هەردوو ڕووی (پیاوی دووڕوو ) ڕەش

چەند جارێک زڕەی تەلەفۆن هات، کە هەڵم گرت بۆم دەرکەوت کە حەمەی کۆنە برادەرمە. دوای چاک و چۆنی دەستی پێ کرد: ئەرێ چاوەکەم تۆ نەک هەر کاکی منی و برای گەورەی خوا ئەیزانێ تۆ ڕووناکیی چاو و هێزی ئەژنۆ و قووەتی دڵمی تۆ خۆت و کەسوکارت هەموو گەورە و وەلی

نیعمەتی من بوون. من لە سایەی ئێوەوە پێ گەیشتووم و بووم بەم پیاوەی ئەمڕۆ کە لە خوا و ئێوە بە زیاد بێ سامانەکەم باری حەوت حوشترە، چۆن تۆ لەم سەغڵەتیەتدا منت ئاگادار نەکردەوە. کە لەو مشکلەیەت رزگار بکەم کە تووشی بوویت و هەم چی ئەڵێیت یارمەتیت بدەم و دەستگیرۆدەییت بکەم. حەز ئەکەی هەر بە سپییەتی دەفتەری چەکەکەمت بۆ مۆر ئەکەم و تەسلیمتی ئەکەم. کەس لە ڕاستیی تۆدا حەدی خاوەن ماڵی نییە.. ئیتر لەم بابەتەوە هەر نەیئەبڕییەوە و ڕێگای منی نەئەدا وەڵامی بدەمەوە تاکو هەر چۆنێک بوو دەنگم بەرز کردەوە:

– دەی بابە سوپاس و نەکەوتووم و نە لە چاڵام و نە پێویستم بە یارمەتی هەیە، ئەوەی هەمە، خوا نەیبڕێ، ئەوەی هەمە، لە سەرم دێ و لە پێم دەرئەچێ و تۆش ماڵت ئاوا بێ.

بۆ سبەینێ کاک نەوزادم دی کە برادەری من و کاکە حەمە بوو وتی: ئەرێ ئەم کابرایە شەرم ناکات و تەریق نابێتەوە. دوێنێ لە لای بووم و ئاگام لێ بوو کە تەلەفۆنەکەی لەگەڵ کردی و کە ئەو (مجاملە) درۆیەی لەگەڵ کردی، چونکە هەر تەلەفۆنەکەی دانا. ڕووی کردە ئێمە و وتی: ئاوا بەم بێ عەقڵانە ڕائەبوێرم، بەخوا گیانی دەرچێ و هەر دانێکی بەقەد بێڵەکانێک دەرچێ پوولێکی نادەمێ و بە قەیتانی قۆنەرەکانی نازانم، بۆچی گوایە ئەو چییە و من چیم.. خۆ بەوە نابێ ئەو فلانە کەسە، دەسا منیش وەچەی عەزیز ئەفەندی حەسەن بەگزادەم و تانوپۆ ئاوریشم. وەچە و بنەچەم لە گشت وڵاتدا دیارە.

– دەی باشە: کاکە حەمە. ئەو پیاوە داوای هیچی لە تۆ کرد؟ قسەی لەگەڵ کردی؟ ئیتر ئەم بازاڕ گەرمییە چییە بەسەر ئەم خەڵکەوەی ئەکەیت؟ برۆ لەعنەت لەو کەسەی ئیتر مەرحەبات ئەکات چونکە ئەمڕۆ ئەم کەڵەکە لەو ئەدەی، سبەینی لای خەڵکی تریش ئەمە بە من و هەزاری وەک من ئەکەیت.

– نە کاکە نەء، حەدم چییە، تۆ پیاوێکی تری و قورساییەکی ترت لە کۆمەڵ و لەناو خزمانا هەیە، خۆت مەهێنە ڕێزی ئەو کابرا هیچ و پووچە.

– دەی باشە ئەگەر هیچ و پووچە. ئەو مامەییەت لە چی بوو لەگەڵیا، سا هەزار تف لە پیاوی دووڕوو و لە پیاوی (انتهازی) و خۆ بەرە پێشەوە، ئەوانە دواڕۆژیان دیارە چییە و کوێیە..

هاوکاری، ژمارە ٢٨٢٩، ڕۆژی ١٩٩٨/١/٦

## خاڵە ڕەجەب و ساڵح شێرە و قسەخۆش و قسەخۆشانی لای خۆمان

مامۆستا محەمەد بەدری لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری ٢٦٤٥ی دەی ئادار و ٢٦٥١ی هەژدەی ئاداری ٩٩٧ لە لاپەڕەی هەرە دواییدا بەسەر ناوی (سەرنجێک) لە پیاوە قسەخۆشەکانی لای خۆمان (خاڵە رەجەب) و (ساڵح شێرە) دوا بوو. منیش حەزم کرد چەپکی زانست و زانیاریی تەڕ و بڕ و تام و بۆنخۆش لەم رووەوە بهاومە بان ئەو نووسینانەی کاک بەدری. بەوەدا کە من

لەگەڵ خاڵە رەجەبدا هەڵسوکەوتم زۆرە. ئەو دەمەی لە سلێمانی سەرۆکی شارەوانی بووم لە ساڵەکانی ١٩٦٧– ١٩٦٩ و خاڵە رەجەبیش هەر لە شارەوانی لە زووەوە لە لایەن خوا لێخۆشبوو قادر ئاغای حاجی مەلا محێدینەوە کە سەرۆکی شارەوانی بوو. دای مەزراندبوو، خاڵە رەجەب پێش خزمەتی سەرۆک بوو. بەڵام خاڵە ڕەجەبێک!! ئەو خوو و ڕەوشت و کردەوە جوانانەی بەوەوە بوون هەر کەسێکی بوایە کە ئەوەندە لای خەڵک بەڕێز و خۆشەویست و ئەوەندە رووی لە سەرۆکەکانی یەک لە دوای یەک و لە پیاوی گەورەی تر بدیایە، بازەڵەی ئەخوێند و لە خەت دەرئەچوو دەستی ئەکرد بە بەکارهێنانی ئەو خۆشەویستییە بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندیی خۆی و دوور نییە گەلێک ئیشی نابەجێ و ناپەسندی بکردایە، بەڵام خاڵە رەجەب بە پێچەوانەوە، نزیکەی دە ساڵ زیاتر لووت و بزووت پێک دووە لووین، هەرگیزاو هەرگیز قسەیەک یا کردەوەیەکی ئەوتۆم لێ نەدی کە لە پایە و پلەی لە دڵی هەمووانا کەم کاتەوە. هەندێک جار ڕێگای ڕاست و دروستی پێشان ئەدام بەڵام بە شێوەیەکی وا کە هەست نەکەم گوایە ئەو ئامۆژگاریم ئەکات، یاخود هەندێ شتی پێ ئەوتم کە ئەو بەهۆی خزمەتی دوور و درێژییەوە لە شارەوانیدا شارەزا بوو. زۆر سوودم لێ وەرئەگرت، بەڵام ڕۆژێک لە رۆژان زەمی یەکێکم لێ نەبیست یاخود قسەیەک دژی ئەم و ئەو بکات لە کاتێکدا کە زۆر شتی ئەزانی. ئیتر بەکورتی ئەو پیاوە بە هەڵسان و دانیشتن و خوو و ڕەوشتی جوان و بەرزی، ڕێزی خۆی بەسەر بەرامبەرەکەیدا ئەسەپان.. دە ئەمانە ئەگەر بدەینە پاڵ قسەخۆشەکان و زیرەکییەکەی قسەی لە جێی، ئەوسا زیاتر لە دڵی خەڵکیشدا شوێنی خۆی ئەکاتەوە.

ئینجا با بێینە سەر زیرەکی و قسەی خۆش و نوکتەکانی.. کە من لەم رووەوە هانم دا کە قسەکانی کۆ بکاتەوە، لەسەر کاغەز تاکو لە چاپ بدرێن، دوای کۆکردنەوەی قسەکان. هەر من سەرلەنوێ بۆم داڕشتەوە و پێشەکیم بۆ نووسی و ناوم نا (ترش و شیرین)ی خاڵە رەجەب.. هەر لە شارەوانی لە ژوورەکەی بەرامبەر ژووری سەرۆک سکرتێرم بەرەوڕوو کردبووەوە و قەڵەم و دەفتەرم لا دانابوو بۆ ئەوەی خاڵە هەر نوکتەیەکی بیر کەوتەوە بچێتە لای ئەو فەرمانبەرە بۆی تۆمار بکات.. جا هەندێ جار کە لە زەنگم ئەدا و خاڵە تۆزێک دوا ئەکەوت. ئەهات گورج عوزرخوایی ئەهێنایەوە و ئەیوت "قوربان.. گوێت لە گارەگارم نەبوو هێلکەم پێ بوو چوومە لای شێخ ڕەزا کردم و گەڕامەوە" واتا چووە قسەی بیر کەوتووەتەوە تۆماری کردووە.

بە کورتی هەتا لە سلێمانی بووم بەری یەکەمی کتێبەکەم بۆ گەڵاڵە کرد و پێشەکییەکەیم بۆ نووسی و بە چاپمان گەیاند. دوای ئەمە من گەڕامەوە بەغدا سەر ئیشەکەی پێشووی خۆم (مدیری بلدیاتی عام) کە بە شێوەی (إعارة) چووبووم بۆ سلێمانی ئەوەندەی پێ نەچوو (ترش و شیرین) کەوتە بازاڕەوە و خەڵک قۆستیانەوە. بەڵام دوای من (خاڵە رەجەب بەرەحمەت بێ، لە هێلکە چووەوە) و بڕیار وابوو بەشی دووەمی ترش و شیرین دەربکات.. بەداخەوە نەیتوانی و کەسیش نەبوو پاڵپشتی بگرێ.

ئەز کە لە شـارەوانی بووم پێم خۆش نەئەبوو کە بە خـاڵە رەجـەب بڵێم برۆ چا بۆ خـۆم یاخود بۆ مـیـوان بێنە، لەبەرئەوە یاریدەدەرێکم بۆ دانا (احـمـد)ی ناو بـوو کـوڕێکی بـاش و بێـدەنگ بوو (ئەحـەڕەش)مـان پێ ئەوت. رۆژێک برادەرێک هاتە لام داوای ژمـارەیەکی گۆڤـارەکەی شـارەوانیی کرد کە هەر من چوومە شارەوانیی سلێمـانی دەسـتم کرد بە دەرکردنی بەناوی (سلێمـانی)یەوە. بەڵام بـەگـشـتـی هەمـوو (نشـرة)مـان پێ ئەوت، بە خـاڵە رەجـەبم وت تکایە بەڵکو ژمـارەیـەک لە (نشرة)کەمان بۆ بێنی بۆ ئەم برادەرە داوای ئەکات، ئەویش ئەحـەڕەشی نارد بۆ (نشرة) کاتێکم زانی خاڵە رەجەب بە پێکەنینەوە ئەحەڕەشی هێنایە ژوورەوە کە یەک باوەش (وایر و گلۆپی زەرد و سوور) بەشانەوە چوو بوو لە (مخزن) دەری هێنابوو. خـاڵە رەجەب وتی: جەنـاب: ئەمە ژوورەکەی خۆتی پێ برازێنمـەوە یا ماڵی ئەحەڕەش. من ناردوومە بۆ (نشرة) چووە ئەمەی هێناوە. خۆ ئەمرۆ (جلوس) نییە تاکو ئەمە هەڵواسین!!

رەجـەب برایـەکی هـەبوو (مـەولوود)ی ناو بوو. ئەمـانە کـوڕی حـاجی مـحـەمـەد بوون لـە گـەڕەکی (خۆمان) واتا دەرگەزین – سەرکارێز لە سلێمانی و من کە قوتابیی ناوەند و ئامادەیی بووم، خاڵە ڕەجەبم ئەبینی بەڵام ئەو گەورەتر بوو لە تەمـەنا ئەچوو بۆ شـارەوانی جا ڕۆژێک زەلامـێک یەخـەی خـاڵە ڕەجەب ئەگرێ ئەڵێت: ئـەرێ خاڵە ئەوە برای ترت نەبوو ناوتان بنایە شـەعبـان و رەمـەزان بۆ ئەوەی سێیەکی ساڵە عەرەبییەکە بۆ ئێوە بێت، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت: ئەرێ برا بۆچی هـەر ئێمە ئیسلام نین و هەموو کۆڵەکەکان بۆ خۆمان بەرین؟ ئەوا بە خۆم و مەولوی برام دوکۆڵەکەمان داوەتە بەر و باوکیشمان حاجییە و محەمەدە. دەسا ئێوەش دوو کۆڵەکەی بەنە بەرخۆ کفر نابێ.

قـسـەی خـۆش و لە جێی خـاڵە ڕەجـەب هـەر تەواو نابێ. ئەوەی شـایانی باسـە لە کاروانی ژمـارە (٣٧)ی سـاڵی ١٩٨٥دا چەند لاپەڕەیەکم بە نـاوی (گاڵتەوگـەپ و قسـەی خـۆش لەناو کوردەواریدا) بڵاو کـردەوە، لـەوێدا دوور و درێژ لەسـەر گـاڵـتـەوگـەپ و نوکـتـە و لـەتیـفـە و قـسـەی نـەسـتـەق و بایولوجـیـەت و فـەلسـەفـەی پێکەنـین دوواوم و لە دواییـدا هـاتوومـەتە سـەر (کـورد و قـسـەی گـوێ ئاگردان و دیوەخـانانی ئـاغـاکان و حوجرەی فـەقـێیـان، ئینجا چاپخـانە و بازاڕ و ڕێگەی حـەج و مـزگـەوت و سـەر تەنووری ژنـان ئنجـا ڕۆژنـامـە و گـۆڤـار و ڕادیۆ و تەلەڤـزیۆن و زۆر شـتـی تر کـە ئەمانە و گەلێک شوێن و جێگەی تر هەبوون کە بووبوون بە دەسگای قسەی خۆش.

بەڕاسـتی قـسـەی خۆش و زمـانی ڕەوان و پاراو بـەهرەیەکی خـواییـە و بەخـشـیـشـێکی گـەورەیە، هـەرگـیـز ئەم کـارە بـەزۆر و زۆرەملێ پێک نایـە، کـەس ناتـوانێ بەزۆر سـواری قـسـەی خـۆش بێت، پیاوی قسەخۆش، لەناو خەڵکدا ئێسک سووک و خۆشـەویسـتـە، قسـە ئەگەر لە جێگەی خۆیدا و لە شـوێن و کـاتی خـۆیدا نەبێت، ئەو تام و چێژەی نامـێنێت، ئەمـە لە خـودی خـۆیدا بەهرەیەکـە جگە لەوانەش دەم و زمان شـیرینی وا هـەن هـەر قسـەیەکی خـۆییی ڕۆژانە بکەن، ئەوەندە بەتام و لەزەتی ئەکەن و ئەوەندە خـۆشـی ئەگێڕنەوە پیاو هـەر حـەز ئەکات گوێیـان لێ بگرێت، دەسا ڕەنگ هـەیە هـەر ئەو قسە و باسە یەکێکی تر بیکا و بیگێڕێتەوە پیاو لەشی پێ دابهەزرێ.

ئەز بە خزمەت (ساڵح شێرە) نەگەیشتووم بەڵام وەک کاک محەمەد بەدری باسی ئەکات و لە خەڵکی تریشم بیستووە کە باسی زیرەکی و قسە خۆشەکانی ئەکەن، خۆزگە یەکێک ئەبوو. قسەکانی ئەویش کۆ بکاتەوە و لە چاپی بدا با نەفەوتێ و لە کیس نەچێت.

ئەز هەر لەو ژمارەیەی کارواندا ئاماژەم بۆ گەلێک لە قسە خۆشەکانی کوردەواری کردووە، هەروەها لە کتێبەکەم (سلێمانی شارە خۆشەویستەکەم) کە بەرگی دووەمی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم)ە و ئەم بەرگەی دوایی کە هێشتا لە چاپ نەدراوە، باسی پیاوە قسەخۆشەکانی شاری سلێمانیم کردووە، بۆ هەر یەکێکیش نموونەیەکم هێناوەتەوە بەڵام هەر پێویستە دیسانەوە پەنجە بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە خۆشەویستانە بە تێکڕایی ڕابکێشینەوە، هەر بۆ ئەوەش کە ناویان لە بیر نەچنەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنین بەدوای ژیانی خۆیان و پاراستنی قسە خۆشەکانیاندا بەردەوام بێت. لەوانە (عەلی بەردەشانی) و (حاجی ئەحمەدی کررنو) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (مەلا فەندی هەولێر) و (سەی ئەحمەدی خانەقا) و (شێخ حسێن کوری) و (مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیی) و (مەلا مەحمودی بێخود) و (مەلا حسینی پیسکەندی) و (شێخ قادری سیامەنسور) و (شێخ مەحموودی حەفید و شێخ لەتیفی کوری) و (غیرەت تۆپچی) و (ئەحمەد...) و (فائق بێکەس) و (ئەحەی جاو) و (مەحموود بەگی ڕەزا بەگی جاف) و (حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف) و (حاجی محەمەدی عەنبەر) (مەجۆلی خامە) و (مستەفاغای حاجی حەمە سەعید) و (شێخ سەلامی شاعیر) و (بشیر مشیر) و (مستەفای حاجی برایماغا - خاڵەمچە) و (شێخ حوسێنی قەرەداغی) و (سەی فەتاحی جەباری) و (موفتی زەهاوی) و (حاجی عەبدوڵڵای جەلی زادە) و (عەونی ئەفەندی حاجی کورون و هەموو بنەماڵەکەی و برازاکانی) و (کەمال عەزمی بەگی بابان) و (ئەحمەد شوکری شاعیر - دکتۆر شۆ) و (مەلا سوورە) و (عمر عارف عورفی) و (مەسیح عەلەمە) و (چالاک تاڵەبانی) و (بەگە - ابو بکر ساڵح) و (علاءالدین سجادي) و (حوسێنی مەلا - دزەیی) و (سابیری تەپەچنە) و (لالە سەرحەی ڕۆغایی) و (مەلا مەجیدی قطب) و (عەلی ڕەفیق خادم سجادە) و (حەمە بەگی حاجی ڕەسووڵ بەگ) و (خالیدی شێخ محەمەدی خاڵ) و (عەزەی ئەحە بۆق) و (ساڵح شێرە) و (خاڵە ڕەجەب) و دەیەها، بەڵکو سەدەهای تر هەن لە کوردستاندا قسە خۆش و نێسک سووک و زمان پاراو، کە ئەمانە بەلای منەوە زیاتر هەڵکەوتنی وڵاتەکە و دیمەنی جوانی و زیرەکی و توانای میللەتەکە و مەیلیان بۆ سەربەستی و ئازادی لە قسەدا و شەرم نەکردن و واتا (شجاعە) و ئازایەتیی قسە دەربڕین کە ئەمانە و زۆر شتی دەروونی و شادراوە کار ئەکەنە سەر ئەم مەسەلەیە.

ئینجا بۆ نموونە حەزم کرد چەند قسەیەکی خۆش و لە جێی چەند کەسێک لەوانە بخەمە بەردەستی خوێنەری بەڕێز، حاجی محەمەد عەنبەر: پیاوێکی دەردەدار ئەبێت لە سلێمانی هەموو جار کە ئەچووە مزگەوتی شێخ جەلال، لە خوا ئەپاڕایەوە، خوایە چاوم ڕوون کەیتەوە. ژانی پشتم چاکەیتەوە، شیفای گورچیلەم بدەی کە بەردی تیایە، پەراسووەکانم ژان ئەکەن ئیستراحەتیان پێ

ببەخشی، بەم جۆرە لەسەری ئەڕوات شەش حەوت نەوع دەرد و نەخۆشی هەڵئەدا و داوا لە خوا ئەکات کە چاکی بکاتەوە. حاجی محەمەدی عەنبەر لە تەنیشتیەوە ئەبێت جارێک لێی رائەپەڕێت: مردووت مرێ تۆچی خوا (نەعووزو بیلا) پینەچییە، تا ئەمانە ئەکات دە دوازدە زەلامی ڕێکوپێک و لەشساغ دروست ئەکات ئیتر چییەتی بەسەر ئەم جوت باقی کردنەوەوە.

ئەحەی کوڕنو: حاجی ئەحمەد لە سلێمانی ئەچێتە بەردەرگەی یەکێک لە ئاودەستخانەکانی مزگەوتی گەورە. تا ئەم ئەیەوێ بچێتە ژوورەوە. زەفتیەی تورک پێشی ئەکەوێ، حاجی هەر چاوەڕێ ئەکات و کابرا هەر نایەتە دەرەوە. ئەحەی کرنو (ئحە)یەکی بۆ ئەکات، کابرای زەفتیە لە ژوورەوە لەگەڵ ئحەکەدا یەکێکی پیا ئەهێنێ، ئەحە ئحەیەکی تری بۆ ئەکات کابرا یەکێکی ناسازتری بۆ لێ ئەدا، حاجی ئەحمەد تووڕە ئەبێت و ئەڵێ: مردووت مرێ تۆ کە تۆپ و تۆپخانەیەکی وات پێیە و زەخیرەی شەش مانگیشت هەڵگرتووە بۆچ ناچی لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی بیت. بۆچی بە مانگی یەک مەجیری رازی ئەبیت؟

موفتی زەهاوی، ڕۆژێک موفتی زەهاوی دەمەونیوەڕۆ ئەچێت بۆ لای والیی ئەوسای بەغدای سەردەمی عوسمانی. والی بانگ ئەکاتە قاوەچی ئەڵێت (جیب قهوة). موفتیش تومەز برسییەتی و ئارەزووی قاوەڵتی ئەکات نەک (قهوة). بۆیە گورج ئەڵێت: (بدلهابالتی) کە بەمە قهوەکە ئەبێت بەقەهواڵتی یاخود قاوەڵتی. حەمە پاشای جاف و مەولەوی: پاشا و مەولەوی سەرو سەودای شیعریان خۆش بووە. مەولەوی جارێک لە دێی (دێڵێ) ئەبێت، حەمە پاشا کە خۆی دەستی شیعریشی هەبووە بۆی ئەنووسێت.

ئەگەر گەفەی کەماڵ کوردە ماڵ بێڵێ

هەی لەزەت ئەبەی خاڵۆ لە (دێڵێ)

مەولەویش بەم شیعرە وەڵامی ئەداتەوە:

لە گەفەی گەماڵ کوردە ماڵەکان

(دێڵێ)م دا بە تۆ و بە گەماڵەکان

ئیتر هەزار چەپکە گوڵی ڕازاوە و بۆنخۆش بۆ سەر گۆڕی ئەو پیاوە گەورانە کە ئەم نوکتە و قسانەیان زۆر بەرووی خۆش و دەمی بە پێکەنین وتووە و وەرگرتووە. هەزار ئەوەندەش بۆ گیانی عەلائەدین سجادی کە بە بەرگەکانی رستەی مرواری ئەو خەزێنە لەبن نەهاتووەی لە فۆلکلۆر و قسەی خۆشی کوردەواری بۆ پاراستووین.

## بۆ زاخاوی مێشک

تۆزێکیش قسەی.. نەستەق و گاڵتەوگەپ

– (برنادشۆ) بانگ ئەکرێ بۆ ئاهەنگێکی (خیري) کە هەڵپەڕکێ و سەما دەست پێ ئەکا (شۆ) ئافرەتێکی (تەڕپیر) رائەکێشێت سەمای لەگەڵا بکات.. دوای لێ بوونەوە ئافرەت بەنازێکەوە بەشۆ ئەڵێت: پێم ناڵێی هۆی چی بوو تۆ لەگەڵ یەکێکی وەک منا دانست کرد. شۆ دەستبەجێ لە وەڵاما ئەڵێت: ئەی گوایە ئەم ئاهەنگەی گێڕاوە، ئاهەنگێکی (خیري) نییە؟

– کلیمنصوکە سەرۆک وەزیرانی فەرەنسەی پێشوو بوو رۆژێک لە رۆژان سواری شەمەنەفەرێک ئەبێت بەرێککەوت ئەکەوێتە تەنشت ژنێکەوە بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبوو کە دوگمەکانی پێشەوەی پانتۆڵەکەی دانەخستووە. ژنە بەمە ئەزانێ پێی ئەڵێ گەورەم دەرگای قەفەسەکەت داخە. ئەویش هیچ خۆی تێک نادا و ئەڵێ: گیانەکەم ئەگەر دەرگای قەفەس کراوە بوو بێگومان ئەو باڵندەیەی تیایەتی یا مردووە یا فڕیوە.

– مەلیک جورج شای ئنگلتەرە لەپێش چوونە سەر تەختیا جارێک خۆی ئەگۆڕێ بە جۆرێک کەس نەیناسێتەوە بۆ ئارەزوو لە تەنشت عەرەبانچییەکەوە لە عەرەبانەیەکدا سوار ئەبێت لە پڕ ئەسپێک لە ئەسپەکان، سەرسمێک ئەدا و بەدەما ئەکەوێ خاوەنەکی گورج ئەڵێ: خاوەن شکۆ هەڵسەرەوە، جورج لەمە زۆر سەرسام ئەمێنێ ئەڵێ: ئەوە بۆچ وات پێ گوت؟

ئەویش ئەڵێ: وا دیارە زۆر تەمەڵ و بێ مێشکە و کەڵک نەگرە ئەگینا چۆن رێی ئەکەوێتە لای من؟

– چەرچلی سەرەک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ئەچێتە فەرەنسە لە کاتێکدا کە زۆر رقیان لێی بوو، لەوێ ئەچێتە ئەنتیکەخانە (متحف) پاسەوانی قاپییەکە پێی ئەڵێ: قۆندەرەکانت پاک کەرەوە ئنجا بچۆرە ژوورەوە. پیاوەکەی لەگەڵ چرچڵ ئەبێت گورج بەکابرا ئەڵێ: کوڕە وسبە نازانی ئەوە چەرچلە؟ پاسەوان ئەڵێ: دەکەوابوو با ناوەکەشی پاک بکاتەوە.

– لویسی چواردەهەم (شای پێشووی فەرەنسە) شایەکی توند و کەللەڕەق بوو هەرچییەکی بووتایە، ئەبوایە جێبەجێ بکرایە. رۆژێک ئەم پیاوە لە وەزیرەکانی تووڕە ئەبێت ئەڵێ: هەرچییەکم وت نابێ قسەم بشکێ تەنانەت ئەگەر وتم خۆتان فڕێ دەنە رووباری (سین)ەوە پێویستە بیکەن... لە ئەنجامی ئەم قسەیەدا گورج یەکێک لە وەزیرەکان هەڵئەستێ کە لویس لێی ئەپرسێ ها، بۆ کوێ، لە وەڵاما وەزیر ئەڵێ: بابرۆم تا زووە فێری مەلە بم ئەگینا ئەخنکێم.

- (ئەدیسون) دۆزەرەوەی کارەبا لە ژووری ئیشکردنەکەیا خەریک ئەبێت لە پڕ هاوڕێیەکی، دوای نیوەشەو خۆی ئەکات بەژوورا و لێی ئەپرسێ، ئەوە کەی ئەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە ئەویش ئەڵێ: راستت ئەوێ ئەمڕۆ ژنم هێناوە پێویستە ئەمشەو نەختێ زوو بڕۆمەوە.

ـ (فرزدەق)ی بوێژ، سواری کەرێک ئەبێت کەرەکە خێرا خێرا بای لێ بەر ئەبێتەوە لەو کاتەدا ژنێک ئەدا بەلایا ئەویش بۆ گاڵتە لەبەر خۆیەوە ئەڵێت: تێ ناگەم بۆچی هەر مێیینەیەک هەڵی گرتبم هەمیشە تڕیوە؟ ژنەش پێی ئەڵێ کەوابوو خوا لێخوشبووی دایکت نۆ مانگ لەسەر یەک و تا دای ناوی هەر وردە ئاهەنگی لێ بەر بووەتەوە.

– موفتی زەهاوی (موفتی گەورە کە ناوی محمد فیضی)یە لە چایخانەیەکا دائەنیشێت نێرگەلە ئەکێشێت، شاگرد چایچی منالێکە ئیبراهیمی ناوە ئاگای لە خۆی نابێ ئەکەوێ بەسەر نێرگەلەکەدا نێرگەلەکە ئەکەوێ و ئاگرەکەی بانی ئەڕژێ بەسەر شاگردەکەیا. موفتیش گورج ڕائەپەڕێ و برایم و ئەکێشێتە ئەملاوە و ئەڵێ (یانار کونی بردا و سلاما علی ابراهیم).

– مەحموود پاشای جاف لەگەڵ شێخی بیارە لە یەکێک لە باخە چڕ و ڕازاوەکانی هەورامانا دانیشتوون قسە ئەکەن. لە پڕ یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو سەردەمە کە هەر لەو کۆڕەدا ئەبێت هەڵئەسێ تۆزێک دوور ئەکەوێتەوە بە پێوە دەست ئەکات بەمیزکردن، پاشا ئەڵێ ئەم کابرایە عەیب ناکا وا نزیک ئێمە و بەپێوە میز ئەکات لای خۆی تێ گەیشتووە شێخ وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ: جا ئەگەر وا نەبوایە میزەکەی ئەکرد بە سەروچاوی ئێمەدا.

– نۆشدار (دکتۆر)ێک عەمەلیاتی نەخۆشێک ئەکات، بۆ سبحەینێ بیری ئەکەوێتەوە کە مەقەستەکەی لە سکی نەخۆشەکەدا بەجێ هێشتووە و نەخۆشەکەشی زۆر بەئێش و ئازارە سەرلەنوێ نۆشدار سکی نەخۆش ئەکاتەوە و مەقەستەکە دەردێنێ بەڵام پێش ئەوەی دەست بکات بەدوورینەوەی سکی نەخۆشەکە پێی ئەڵێت: جەنابی دکتۆر، تکایە دوو سێ قۆپچە بۆ سکم بکە وای لێ بکە بە دوگمە دابخرێن بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمجارە چاویلکەکەت یا دەستکێشەکانتی تیا بەجێ مابوو، بە ئاسانی بکرێتەوە و دەریان بهێنییە دەرەوە.

– لە (برنادشۆ) ئەپرسن، رات چییە لە بابەت دابەشکردنی سامانی گشتییەوە؟ لە وەڵاما ئەڵێت: سەیری سەری رووتاوەی من و ریشم بکەن، بۆتان دەرئەکەوێ چۆن دابەش بووە. (بردناشۆ سەری رووتاوە و ریشێکی پان و درێژی بووە).

– کابرایەکی سەرڕووتاوە (وەک سەری برنادشۆ) بۆ شایەتی ئەبەنە بەردەمی حاکم. کابرا دەست ئەدا بە قورئانا ئەڵێت:

جەنابی حاکم بەسەری جەنابیشت کە ئەم تاوانەم لەم کابرایە دی هەر توکێکی سەرم ئەوەندە راست بووەوە.. حاکم گورج فەرمان ئەدا بیکەنە دەرەوە ئەمە شایەتی ساختەیە.

– موفتی زەهاوی ئەچێتە ماڵی (والیی بەغدا). دوای دانیشتن و گفتوگۆ نزیک چێشت هەنگاو، والی بە پیاوەکەی ئەڵێت: (جیب قهوة) موفتیش برسی ئەبێ ئارەزووی قاوەڵتی ئەکات ئەڵێ:

(بدلها بالتي هي احسن) واتە لە جیاتیی (قهوة) بیکە بە (قهوالتي)..

– برنادشۆ بانگ ئەکرێ بۆ ئاهەنگێک. لەناو بانگکراوانا یەکێک ئەچێتە بەردەمی بردناشۆ کە

تووڕەی بکات لێی ئەپرسێ تۆ کوڕی بەرگدروو نەبوویت. ئەڵێ بەڵێ. ئنجا ئەڵێ کەوابوو بۆچی هاتوویتە ئێرە برنادشۆش گورج دێتە وەڵام لە کابرا ئەپرسێت: ئەی تۆ (کوڕی یەکێک نیت لە خانەدانەکانی وڵات). کابرا ئەڵێ (بەڵێ) ئنجا برنادشۆ پێی ئەڵێ: ئەی بۆچی ڕەوشتی باوکتت ون کردووە؟

– قەسابێک ئەچێتە لای (پارێزەر)ێک لێی ئەپرسێ: ئەگەر سەگێک پارچەیەک گۆشتی لە دوکانەکەم فڕاند ئایە خاوەن سەگەکە پێویستە پارەی ببژێرێ یان نا؟

پارێزەر ئەڵێ: بێگومان قەسابەکە ئەڵێ کەوابوو بێنە نیو دینار حەقی ئەو پارچە گۆشتەی دوێنێ سەگەکەت فڕاندی.

پارێزەر گورج ئەڵێ:

تۆ قەرزاربار بوویت. بێنە نیو دیناری تریش چونکە من پارێزەرم بە پارە (ڕا)ی یاسایی بۆ خەڵک ئەدەم.

– لە سەردەمی حەجاج کوڕی یوسفدا، لە بەغدا دەروێشێک پەیدا ئەبێ ئەڵێن گوایە دوعای گیرایە، حەجاج بانگی ئەکات دوعای بۆ بکات. ئەویش ڕوو ئەکاتە ئاسمان، ئەڵێ خوایە زوو حەجاج بدەیت بە تەوقی سەرا، فەوتیکەی. حەجاج لە کابرا تووڕە ئەبێ ئەڵێ ئەوە چیت وت؟ کابرا ئەڵێ: گەورەم ئەگەر خوا بکا دوعاکەم گیرا بێ خۆشت رزگارت ئەبێ و ئیسلامیش ئەحەسێنەوە.

– زۆرجار لە موفتی زەهاوییان بیستووە کە لە (امجد الزهاوي) کوڕەزای کە منداڵ بووە پرسیوە (امجد اتحب والدك ام جد؟)

– کوڕێک وەختی خۆی لە برادەرەکەی پرسیوە: ئەگەر (چرچڵ و ئایدن و ئایزنهاور و دلاس و بۆلغانین و مۆلۆتۆف) هەموو پێکەوە لە کەشتییەکا بوون، لەناو دەریادا و شەپۆلێکی تیژی بەهێز هات کەشتییەکەی قلپ کردەوە ئەزانی کامیان لەوانە خۆیان رزگار ئەکەن؟ برادەرەکەی وەڵامی ئەداتەوە، ئەڵێت: کە ئەوانە هەموو خنکان عالەم بە جارێ رزگاری ئەبێ.

## یا عەبابەیلێ بەرەوڕووت هاتم
## هەڵەبجە خۆشەکەی گوڵی وڵاتم

جا بابزانین ناوی هەڵەبجە لە چییەوە هاتووە؟ یەکەم: لەو ڕووەوە زۆر قسە هەیە، یەکێکیان گوایە لە (هەلوجە – هەڵووژە)وە هاتووە، بەڵگەشیان گوندی (عنب – عەنەب)ە کە نزیکی هەڵەبجەیە، کە هاوڕەگەزن لەگەڵ هەڵووژەدا. دووەمیان: قسەی حەسەن فەهمی جاف کە خۆی پیاوێکی خوێنەوار و توێژەر بوو دەڵێت: هەڵەبجە لە (عەجەب جا)وە هاتووە، واتا شوێنێکی سەیروسەمەرەیە، بەڵام

ئایا ئەو عـەجایبـانەی هەڵەبجـە لە کوێ و لە چیدایە؟ سێـیەم: ئەمین زەکی بەگ دەفەرمـووێ کە هەڵەبجـە لە شـوێنی ناحیـەی (هارهار)ە، ئەوەی کە سـەرجـوتی ئاشووریی دوای داگیـرکردنی لە سـەدەی بیست و هەشـتی پێش زایندا داگیر کرد و ناوی نا (کارشارۆکن – واتا شـاری سـەرجـون یاخود شاری سارگۆن).

چوارەم: خوا لێخۆشبوو حامید بەگی جاف کە خۆی پیاوی گەورە و بەتەمەنی هەڵەبجە بوو. کە لەم بابـەتەوە پرسـیـارم لێ کـرد وتی: ناوەکـە لە بنچـینەدا لـە (الب – جـا)وە هـاتووە. ("الب – الب" ئەرسـەلان – محـەمـەدی کوڕی داود نازناوی سـوڵتانـی گەورە "وعظ الدولة") کە لە نێوان ساڵەکانی (۱۰۳۳– ۱۰۷۲) ناوچەی هەڵەبجە و مەرۆ و ئەرفەنیا و هەرات و نیسابوری داگیر کردووە. بەڵگەی حـامید بەگیش شـاری قزڵجەی نـاوچەی پێنجوێنە کـە گوایە ئەویش لە (قـزڵ – جا)وە هـاتووە کـە بەناوی (قزڵ – ئەرسەلان)ی سلجووقییەوەیە، من زیاتر لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام.

ئەم شـارە جوان و ڕازاوەیە کە گوڵی باخی کوردسـتـان بوو، لە لایەن بەعسییەکانەوە کە دوژمنی کوردن و لە مـرۆڤایەتییـەوە بەدوورن وێران کـرا، بـەڵام ئەوانەی لای خۆمان چۆن ڕێگەیـان بە خۆیان دا کە ئەم شـارە نازدارە بسـووتێنن بەو هەموو بەڵگەنامە و سجلی تەشریفات و نووسینی ئەو پیاوە مەزنانەی جیـهان کە هاتوون بۆ سـەردانی هەڵەبجە و تێبینیی خۆیان لە تۆمارگەی تایبـەتیدا تۆمار کـردووە و ئـیـدانەی بەعس و هـەمـوو دوژمنانی کـوردیان تێـدا نووسـیـوە. تۆ بڵـێی کـاربەدەسـتـانی مۆنیومێنتەکە لە سـەرەتاوە هەسـتیـان بەدەستدرێژیی هەندێ کەس نەکردبێت لە ڕێپێوانەکەدا کە لە دواییـدا بـوو بەهێـرش و سـووتانـدن لە لایەن پیـاوخـراپانەوە، دەڵێم ئاخـۆ بە جـۆرێک ئەو سـجلە بەنرخـە و ئەو شـتـانەی تریـان کۆپی یان وێنە نەگرتبێتـەوە بۆ ئەوەی نەفـەوتێن؟ ئەگـەر خـوا بکات هـەسـتیـان بەوە کـردبێت ئەو پێشـبـینییـەیان لا بووبێت، هـەر باشـە. ئەم شـتـانە یادی ڕاپەڕینەکـەم دێنێتـەوە بەرچاو، کـە هـەندێ لە ڕووخێنەر و ئاژاوەچییـەکان چوون سـجلات و فـایل و بەڵگەنامـەی دادگە و تاپۆ و تەسـجیلی عەقاری و زۆری تریان سووتان، وایان دەزانی بەوە سـەدام یاخود بەعس دەسـووتێنن کـە ئەوان بە پێـچـەوانـەوە ئەو کـردەوانـەیان پێ خـۆش بوو، کـە بـەوە مـافی سـەدان دانیشـتوانی شـارەکە و خـەڵکی دەرەوەیان کرد بەژێر خـۆڵەوە وەکو بیسـتوومـە کاتێک لە ئێـران شا لابرا کۆشکەکەی و ئەو شـتـانەی کە تیـای بوو تاکو کورسـی و مێزەکەی هەموویان وەک خـۆیان لە شـوێنـەکـەیاندا بە سـاغ و سـەلامـەتی مـاونەتەوە کـەس دەسـتی بۆ نەبردوون. هـەمـوو مـیللـەتێک شانازیی بەجێماوی کۆنی خۆی و هەیکەل و بەڵگەنامـەی بەنرخ و مێژووییەوە دەکات کە پێویستە ئەوانە وەک بیلبیلەی چاو و دڵ و خوێن و جگەر بپارێزرێن.

دەبێ پیـاوی ژیر و دڵسـۆزی میللەتەکەمـان ڕێگە بەو جـۆرە کەسـانە نەدەن کە تـوراسـی میللەت بفـەوتێـنن، بەڵێ ئەگـەر نـاڕەزایی دەربڕین و گلـەیی لە حکوومـەت و لـە دەزگـەکـانی هەبێت ئەوە بە ڕێپێوانەکە دەربـڕراو یاداشت پێشکەش کرا، با چاوەڕێیان بکردبا، بۆیە دەڵێم پێویسـتە فێری ئەوە ببین چۆن داواکارییـەکانمان پێشکەش بکەین و چۆن ئەوەی مـەبەسـتـمانە بیخـەینە پێش چاو، لام

وایە ئەمڕۆ ڕۆژی گفتوگۆ و دانیشتنە "هەروەک دەڵێن قەڵەم و موراجەعاتە". ئێمەی کورد دوژمنمان زۆرە، دراوسێکانمان هەموو ئەم بەزمانەیان نەک هەر پێ خۆشە، بەڵکو بەئاڵتوون دەیکڕن ئیتر لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شیعرە فۆلکلۆرییەی کە وەختی خۆی لە شارەزووردا گوێم لێی دەبوو بە هەڵەبجەیاندا هەڵدەدا و دەیانگوت:

یا عــەبابەیلێ بەرەوڕووت هاتم

هەڵەبجە خۆشەکەی گوڵی وڵاتم

لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە

## ئاهەنگەکانی تەمەن

## یۆبیلەکان و یۆبیلی سلێمانی

لە درێژەی ژیانی مرۆ، یاخود میللەت یا حزب یا دەوڵەت یا شار یا دەزگا، ئاهەنگ بە تێپەڕبوونی چەند ساڵەوە دەگێڕێت کە تێ پەڕیوە بەسەر تەمەنا، ئیتر ئەو تەمەنەی کورت بێت یا درێژ، هەریەکە ناوێکی دراوەتە پاڵ هەندێ سەرچاوە بەم جۆرەی خوارەوە تۆماریان کردووە:

- یۆبیلی کاغەز دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ.
- یۆبیلی توێکڵ، دوای دوو ساڵ.
- یۆبیلی پێست، دوای چوار ساڵ.
- یۆبیلی تەختە، دوای پێنج ساڵ.
- یۆبیلی تەنەکە، دوای دە ساڵ.
- یۆبیلی زیو دوای پانزە ساڵ.
- یۆبیلی زمروت، دوای ٤٠ ساڵ.
- یۆبیلی یاقووت گەوهەر دوای ٤٥ ساڵ.
- یۆبیلی ئاڵتوون دوای ٥٠ ساڵ.
- یۆبیلی ئەڵماس دوای ٦٠ ساڵ.

شارە گەشاوەکەمان کە بە شاری هەڵمەت و قوربانی بەناوبانگە، ئەو شارەی ئەستێرەیەکی پرشنگداری گەشاوە، دڵ روون و دەست ڕەنگین، ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین لە بەردەم شاخی گۆیژەدا ڕاکشاوە.

ئەو سلێمانییەی لە ئەنجامی بەسەرهاتی ناخۆشی یەک لە دوای یەکدا قاڵ بووە، بۆیە هەرگیزاو هەرگیز نوقڵانەی پێش ڕوونی بۆ خۆی لێ داوە، کە ڕۆڵەکانی جگەرگۆشەکانی بەچاوێکی پڕ لە هەست و ئەوپەڕی شادییەوە سەیری بکەن، ئەو سلێمانییەی ساڵی ١٧٨٤ بنیات نرا واتە ٢٢٠-

٢٢١ ساڵ بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕی، ئەم هەموو ئاهەنگانەی ڕۆژ بەڕۆژ کە هەریەکە بە بۆنەیەکەوە لە ناویدا دەگێڕێ، ئەویش لە دوورەوە سەیر دەکات بگرە جار جاریش فرمێسک بەچاوەکانیا دێتە خوارەوە، لە دڵی خۆیدا هەر لێکی دەداتەوە و دەیڵێ و دەیڵێتەوە، ئایا تا ئێستا ڕۆڵەکانی کە پێی گەیاندوون و گەورەی کردوون بیریان لەم دایکە نەکردووەتەوە کە ئاهەنگێک لەو ئاهەنگانەی باس کران بۆی بگێڕن لەگەڵ ئەم هەموو نووسین و هاوار و بڵاوکردنەوەدا کە ئێستا ئەمە جاری چوارەمە هەر لە لایەن نووسەری ئەم باسەوە داوا کراوە و گفت و قسە دراوە و لە ڕۆژنامەدا بڵاو کراوەتەوە و کەچی هیچ و هیچ.. زۆر ئاهەنگ پێک هاتووە کە یۆبیلی تەنەکە، تۆ بڵێی زیو شایستەیەتی کەچی ٢٢٠ ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر تەمەنی سلێمانیدا شایستەی سێ یۆبیلی ئەڵماس و یۆبیلێکی زمروتە کە دەکاتە ٢٢٠ ساڵ یاخود شایانی شەش یۆبیلی مرواری و یۆبیلێکی زمروتییە بە ئاڵتوونی-ش دەکاتە چوار یۆبیل و نیو، دە باشە کەس ئاوڕێکی لەم گۆشەیە دایەوە؟

وا دیارە کاربەدەستانی شار ئەم کارەیان هەڵگرتووە بۆ تێپەڕبوونی پێنج یۆبیلی ئاڵتوونی کە دەکاتە ٢٥٠ ساڵ تا ئەو کاتەش خوا دەیزانێ کێ دەمێنێت و کێ نامێنێت، کێ دەیبینێت و کێ نایبینێت. ئەی باشە سەرۆکی شارەوانی کە چووە ئەمریکا و لەوێ دەستەخوشکێکی بۆ سلێمانی پەیدا کرد نەدەبوو بەلای کەمەوە و هەر بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی تەنەکە بگێڕێ و سەرۆکی شارەوانیی ئەو دەستەخوشکە بانگ بکات بۆ ئەوەی دەستەخوشکی شارەکەی کە سلێمانییە بە چاوی خۆی ببینێ، یاخود ئەوە دوا خراوە تا دەست پیاهێنانی شار تەواو دەبێت، ئەوەش خوا دەیزانێ کەی دەبێت!!

لە "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە

لێکۆڵینەوە

غەفوور ساڵح

# شاعیرە سەعلووکەکانی عێراق

بەشی دووەم

## ٣- سـەرگـۆن پۆڵس



سـەرگـۆن پۆڵس، کـە لـە تەپەی مـەلا عـەبدوڵڵاوە فـڕی بۆ کالیفۆرنیا و لەوێشەوە بەرەو هەمـوو جیهان و، بووە (رامبۆ)ی کەرکووک و، دواجاریش هی عێراق، هەر ئەویش بوو کە وەکو (رامـبـۆ ) ژیانی بە دانیـشـتنەوە بەسـەربرد، وەکو فـریشـتـە لەسەر کورسیی سەرتاشێک.. لە ساڵی ١٩٤٤ لە شارۆکەی حەبانیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ خێزانەکەی گەڕاونەتەوە بۆ کـەرکووک و لە گـەڕەکی (تەپەی مـەلا عـەبدوڵڵا) نیشـتـەجێ بوون، کـە گـەڕەکێکی تێکەڵە لە کـورد و ئاشـوورییـە و، تاک و تەرا تـورکـمـانی تیـا بووە، ئێـسـتـاش بەتەنیـا هەر کـورد و ئاشووریی تیایە. سەرگۆن پۆڵس، زمـانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و ئاشووریی دەزانی، بەڵام هەر بەعـەرەبیی نووسـیوە، وەکو هاوڕێ کوردەکانی: سـەڵاح فـایەق و مـحـێدین زەنگنە و زوهدی داوودی و ئەنوەر غـەسـانی و یوسـف حـەیدەری، کە سـەرگۆن شیعرێکی لە یادی کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد نووسیبوو، بە ناونیشانی (هاتم بۆ لات لەوێوە)، گەرچی سەرگۆن بۆ هەموو هاوڕێکانی کەرکووکی شیعری پێشکێش کردوون وەکو وەفایەک، وەکو موئەیەد راوی و جەلیل قەیسی و فازڵ عەزاوی و، جان دەمۆ .. سەرگۆن پۆڵس بووە

یەکێک لە (گرووپی کەرکووک) کە رۆڵێکی باشیان گێڕا لە بزووتنەوەی تازەگەری لە شیعر و ئەدەبی عێراقی عەرەبیدا، زۆربەشیان کورد بوون. گرووپەکەش لەمانە پێک هاتبوو: قەشە یوسف سەعید، فازڵ گەلۆ (عەزاوی)، ئەنوەر مەحموود سامی (الغسانی)، موئەیەد جەمیل شوکری (راوی)، سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، یوسف حەیدەری، محیەدین زەنگنە، جەلیل خەلیل (القیسی)، سەلاح فایەق، زوهدی داوودی و قەحتان هورمزی. زۆربەی گرووپەکەش دوای ١٤ی تەمووز جگە قەحتانی تورکمان نەبێت، پێوەندییان کردبوو بە حزبی شیوعیی عێراقەوە.. گرووپەکە زۆربەیان عێراقیان بەجێهێشت بوو، جگە، جان دەمۆ و، یوسف حەیدەری و جەلیل قەیسی نەبێ، کە ساڵی ٢٠٠٦ بە نەخۆشی لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد، محیەدین زەنگنەش لە باقووبە دەژیا و ئێستایش لە سلێمانی نیشتەجێیە و لە دەزگای سەردەم کار دەکات.. سەلاح فایەق دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ هەڵدێ بۆ شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و دەبێتە سەرباز و ساڵی ١٩٧٦ دەچێت بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا ئەنجاش بۆ فلیپین. موئەیەد راوی دوای ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ مامۆستا بوو لە گوندی (کلاوقووت)ی ناو شوان، دێی هەقەکان، ساڵی ١٩٧٠ چوو بۆ بەیرووت و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا، فازڵ عەزاوی ١٩٧٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، سەرگۆنیش بۆ ئەمەریکا، زوهدی داوودی ١٩٦٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، ئەنوەر غەسانی ١٩٦٨ چوو بۆ ئەڵمانیا و دواجار بۆ کۆستاریکا.. یوسف حەیدەریش تا کۆچی دوایی لە بەغدا دەژیا. (جان)یش بە قەلەندەری وهەمیشە مەست و بێ مەسرەف لە نێوان کەرکووک و بەغدا دەژیا.. (فازڵ عەزاوی) لە کتێبی – رۆحی زیندو – الروح الحیة – ناوی گرووپەکەی ناوە برادەرانی بەدکاریی (اصدقاْ السوْ). (یوسف الخال) لە گۆواری (شیعر) چەند شیعرێکی بۆ (سەرگۆن) بلاوکردەووەتەوە . ساڵی١٩٦٧بە پێ لە رێگەی بیابانەوە دەچێت بۆ لوبنان، چونکە سەربازی هەلاتوو بوو، ئەمەیش دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەی (رامبۆ)یە کە، بە پێ هەموو ئەوروپای تەی کردبوو، سەرگۆن لەوێ یەکسەر دەچێتە کتێبخانەی ئەمریکی و داوای کتێبەکانی گرووپی (پینتیکس) ئەمەریکی دەکات، کە دواجار بوون بە هاوڕێ. لەوانە، ئالن گینیسبێرگ، گریگوری کۆرسۆ، پۆپ کۆفمان، لۆرانس فیرلنگینی، گاری سنایدەر و، فایلێک لەبارەیان ئامادە دەکات. لەوێشەوە دەڕوا بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە سان فرانسیسکۆ نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوەیش دەکەوێتە گەڕان لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا . دواجار بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی بەرلین لە رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧ رۆحە پڕ ئەشکەنجەکەی ئازاد بوو . (سەعدی یوسف) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس تاکە شاعیری عێراقە.. (ئونسی الحاج) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لە عێراق رای کردبوو، هات بۆ لبنان لەوێشەوە فڕی بۆ کالیفۆرنیا، لە کالیفۆرنیاش لە هەر کوێیەک بووایە دەیچریکاند . تا لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا نیشتەوە. ئەم ئاشوورییە سەرگەردانە بە هیچ کەسێک نادرێت ئەگەر ئاشووری بێ، یان شاعیر بێ، یان عێراقی بێ، یان سەرگەردان بێ، نادرێت بەهیچ کەسێک، تەنیا بەم دێرە نەبێت: "مەرگ لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێت".


فازڵ عەزاوی

یان راستتر ژیان لەدوای خۆیەوە رادەکێشێت.. (محەمەد بنیس) دەڵێ: سەرگۆن رۆژی لە شوێنێک بەسەر دەبرد و شەویش لە شوێنێکی تر، چونکە شوێنی راستەقینە بۆ ئەو قەسیدە بوو.. (فازڵ عەزاوی) دەڵێ: سەرگۆن لەو یەکەم ساتەوە کە ناسیم وەک شاعیرێکی راستەقینە ناسیم، لە ساڵی ١٩٥٨ لە چایخانەیەک لە گەڕەکی (قۆریە) لە کەرکوک، هێشتا قوتابی بووین، هەر لەوێ شیعرە سەرەتایەکانی خۆی نیشان دام کە نووسیبوونی. ئیدی زۆرجار پێکەوە دەبووین، لە چایخانەکانی کەرکووک، یان لە ژوورەکەی خۆی لە خانووی کەسوکارەکەی کە لە گەڕەکی (تەپە) بوو، لە پشتی باخچەی (ام الربیعین) بوو، نزیکی چایخانەکە بوو – ئەو چایخانەیە ئێستا شوێنەکەی تەلار و سوپەرمارکێتە –غ–. زۆرجار لەوێ بلیاردمان دەکرد، یان شەترەنج لە پاڵ گەمەی شیعردا، بە چەندین سەعات لەو ژوورە کە دەکەوتە دامێنی حەوشەکەوە دادەنیشتین و، دەمانخوێندەوە و شیعرەکانی جیهانمان شی دەکردەوە، لەگەڵ خواردنەوەی چایدا کە دایکی پێشکێشی دەکردین. ئیدی دوای ئەوە کە چووم بۆ زانکۆ بۆ بەغدا، هەر کاتێ سەرگۆن بهاتبایە بۆ بەغدا دەچوو بۆ ماڵی خزمانی لە گەڕەکی (دۆرە) و، زۆربەی کاتیشی لەگەڵ مندا بەسەر دەبرد و، ئەم چایخانە و ئەو چایخانەمان دەکرد و لەم شەقام بۆ ئەو شەقام. لەوانەیە سەرگۆن تاکەکەس بووبێت کە نەمدەتوانی جگە لە شیعر باسی هیچی تری لەگەڵ بکەم. دوای چل ساڵ کە لە (سەنعا) لە یەمەن بۆ میهرەجانی شیعر دەعوەت کرابووین، سەرگۆن پێی وتم "دەبینیت؟ وەختی خۆی کە لە چایخانەی (ئەتلەس) لە کەرکووک دانیشتبووین ئەم چایخانەیەش ئێستا بەدەردی چایخانەی قۆریە چووە –غ–، بیرمان لەوەش نەکردەوە کە شیعر تەنانەت بمانگەیەنێتە (سەنعا)ش، بەڵام ئەوەتا کردی، لەمەدا بە سیحر ناچێت ؟!"..

سەرگۆن پۆڵس، کاتێ هەواڵی دەدەنێ کە سینەما (سندباد)یان رووخاندووە لە بەغدا، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو رووخانیان و جێگەکەی بووبووە مەزادخانە، دیارە سەرگۆن ئەو سەردەمەی لەگەڵ – اصدقاء السوء – لە عێراق بوون، دەچوونە ئەو سینەمایە، دەیان فلیمی وەکو: قەمووری نۆتردام و سپارتاکۆس و شەمشون و دەلیلەیان بینیوە، شیوەنێکی بۆ دەنووسێ:

ئەوان سینەما سندبادیان رووخان!<br>
ئای چ زیانێکە،<br>
ئیدی لەمەودوا کێ دەچێتە دەریاوە و، کێ<br>
چاوی بە پیرەمێردی دەریا دەکەوێت؟

بەڵام دیارە کەس نەبوو کە هەواڵ بداتە سەرگۆن و بڵێت، چایخانەکانی (قۆریە) و (ئەتلەس) و (شاترلو) و (ئەحمەد ئاغا) و قەڵای شارەکەتیان رووخان، دەبوو چ چامەگەلێکی بۆیان بنووسیبایە و چ شیوەنێکی کردبایە؟! بە تایبەتی قەڵای کەرکووک و، ئێستاش کەس نییە لە خوارەوەی ببێتە

بەردێک.

"قەلعەنن دیبندە، بیر داش ئۆلایدم.
گێلەنە گیدانە یولداش ئۆلایدم"..

واتا لەژێر قەلا بەردێک بوومایە و،. بووبوومایە بەهاوڕێی هاموشۆکەران..

سەرگۆن وەکو فازل دەڵێ حەزی بە ئیش و فەرمان بەڕێوەبردن نەبووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخان کردبوو. گوایە بە ڕای ئەو شیعر و ئیشکردن ڕێک ناکەون، بۆ ئەوەی ببیتە شاعیر دەبێ ژیانت هەمووی ببەخشیتە شیعر. سەرگۆن لەو ماوە درێژەی کە لە سان فرانسیسکۆ بەسەری برد هەستی بە تەنیایی دەکرد و، هەمیشە هەوڵی دەدا لە بەندینخانە ئەمەریکییەکەی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی. (کازم جیهاد) دەڵێ: شیعری عەرەبی لەگەڵ سەرگۆن حاڵەتێکی بە خۆیەوە بینی کە لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیبینیبوو، مەگەر بە دەگمەن. ئەویش حاڵەتی ئەو شاعیرەی ژیان و ڕەگی بیر و سەرجەم هێزی مرۆڤایەتیی خۆی تەرخان کردبوو بە تەنیا بۆ شیعر... (ئەسکەندەر حەبەش) دەڵێ: سەرگۆن یەکێکە لەوانەی کە دەیانخوێنیتەوە و بەدرێژاییی ژیانت لەگەڵتدا دەمێننەوە.. (خالد المعالي) دەڵێ: سەرگۆن شاعیرێک بوو بێ پارەیی و خۆشەویستی شێتی کرد.. (ماجید سامەڕائی) دەڵێ: قەسیدەی دەنووسی و بیری نەئەکردەوە چی دەخوات، یان چۆن دەژی و، شەو لە کوێ دەخەوێت و، کاتێ لە خوێندنەوەی کارێکی شیعری شاعیرێک نوقم دەبوو، هی شاعیرێک جگە خۆی، خۆی لە چێژێکدا دەبینی بێ سنوور، خوێندنەوە و نووسین لە لای ئەو کاری داهێنان بوون و خودی داهێنەرانەی خۆی تیا دەدۆزییەوە، لەمەشدا خودی داهێنەرانەی خۆی بەدی دەهێنا.. "جان دەمۆ" لە چاوپێکەوتنێکدا بەر لە مردنی دەڵێ: "من هەڵە بووم لەبارەی سەرگۆن وام دەزانی شاعیر نییە، بەڵام بۆم دەرکەوت شاعیرێکی سەرسوورهێنەرە"... ئەنجام سەرگۆن پۆڵس چووە نێو ئەو لاکێشە تاریکەی عەدەمەوە، کە پێی دەڵێین مەرگ و خۆی دەیوت ئەوە تاکە حەقیقەتێکی ڕەقی بوونە.. (فالح عبدالجبار) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لە شاری کەرکووکی نەوت گەورە بوو، لە خێزانێکی ئاشووری مەسیحی، خێزانێکی تەواو هەژار، لە شارێکی ڕاوەستاو لەسەر دەریایەکی نەوت، سەرگۆن لە شارێکی تێکەڵەی ئەتنی و کولتوور گەشەی کرد: کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەب و ئینگلیز، بەڵێ ئینگلیز خاوەن و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت. کۆمپانیای نەوت بەبێ مەبەست خزمەتێکی چاکی سەرگۆنی کرد، چونکە گەورەترین دامەزراوی وەرگێڕان بوو، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی، ئەوە بوو کۆواری (العاملون في النفط)ی دەرکرد و جەبرا ئیبراهیم جەبرا سەرنووسیاری بوو . سەرجەم گرووپی کەرکووک لەو ڕێگەیەوە فێری زمانی ئینگلیزی بوون. دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ گرووپەکە کەرکووکیان بەجێ هێشت و داباریـنە سەر بەغدا و، ئاسۆی فراوانتریان لە بەردەم کرایەوە.. جیهانی یەکەمی سەرگۆن کۆزمۆپۆلیتی بوو، وەکو هەر ڕووناکبیرێک، پاڵەوانەکانی دۆیستۆیڤیسکی و فرۆید و بەلزاک و فۆکنەر و سارتەر و کامۆ و عەزرا پاوەند و کاڤاڤیس و

ئیلیەت و رامبۆ و بۆدلێر بوو.. سەرگۆن لە هیچ جێگەیەک دانەمەزراوە، لە کۆچێکی بەردەوام بوو، لە گەڕانەوە بۆ رابردوو و لە تێپەڕکردنی داهێنانی پەخشانی و شیعری خۆیدا بوو، ئەوی نیشتەجێ لە (شاری لە کوێ؟) و خۆراکی قووتی زەوی بوو. سەرگۆن بە رووتی لە بەهەشتی لەبیرچوونەوە دەرکرابوو، بۆ بەهەشتی وشە، ئەو شوێنەی کە سەگەکان بەوەڕزییەوە، بەچڕنووکە مرۆڤایەتییەکانیان گەمە لەگەڵ خۆردا دەکەن. تەنانەت تۆزێک مەدحی سەگیش دەکات . بەو دەستە دەینووسی کە وازی لێ هێنابوو، دەڕۆیشت و دەستی خستبووە پشتی، وەکو تەزبیح گەمەی بەکۆتەکانی دەکرد. لە لای ئەو رۆژ نەیدەکردە یەک نانی بەغدایی و، بەداخەوە جوانترین ژنیش لە جیهاندا دەیکردە گریان. گۆشەگیریی ئیغتیساب کردبوو، وەک بڵێی پاکیزەیەکی سەرگەردانە لە شارێکی بۆردومانکراو، دەرگاکانی بە سەر دۆڵەکاندا شۆڕ بوونەتەوە.. ئەمانەی دوایی قسەی سەرگۆن خۆیەتی. سەرگۆن لە غوربەتا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا سەری نایەوە.. سەرگۆن لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کۆواری (پرانسیسۆ)ی ئەمەریکیدا لە ٢٠٠٦ دەڵێ: "لە سایتێکی ئەنترنێت ناوی خۆم لە تەک نووسەرانی کورددا بینی، دیارە بۆ مەسەلەی سیاسییە ناوم بەکار دەهێنن، چونکە شیعرێکم کرابوو بەکوردی، بەناونیشانی "لەسێدارەدانی داڵێک"، لەگەڵ مۆتیڤی کوردێک تفەنگی بەدەستەوەیە و رووی لە ئاسمان کردووە" .

ئەم بەرهەمانەی لەپاش بەجێ ماوە:

١- گەیشتن بە شاری کوێ ١٩٨٥.

٢- ژیان نزیک ئەکرۆپۆڵ ١٩٨٨.

٣- یەکەم و دوایی ١٩٩٢.

٤- چرا بەدەست لە شەوی گورگان ١٩٩٦.

٥- ئەگەر لە گەمییەکەی نوح نووستبووی ١٩٩٨.

٦- سەربووردی کەسایەتی بە ناونیشانی ( شایەتەکانی سەر رۆخ).

٧- رەقیمەکان بۆ رۆحی گەردوون. هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی بە زمانی ئەڵمانی.

٨- بە ئینگلیزی دیوانێکی دەرچووە لەلایەن کۆواری (پانیپاڵ)ەوە، بە ناونیشانی (چەقۆ تیژکەر) ئەدۆنیس پێشەکیی بۆ نووسیوە.

٩- دوای مردنیشی دیوانی (ئێسقانێکی دیکە بۆ سەگی خێڵ) لە خانەی (الجمل ) دەرچوو...

ئەوە منم
سرتەیەک نییە
ئەرێ ئەوانەی لێرە بوون مردن؟
نە وشەیەک.
زمان دێت

یان چاوەڕوانی یان هێرش؟
یان خۆدزینەوە لە...
وەکو ئەم بێدەنگییە
کاتێ پشکۆی هەڵچوونم رادەماڵم
تا دەستەویەخەیەکی غەریزی دام دەگرێت: وەکو گای کێڵگەکان دەلەوەڕم
من نەبوخودنەسرم
وەرزەکان وەکو گژوگیای دژوێن بۆم فڕێ دەدرێن و، زار فڕێ دەدەمە
ناو بیری وەرزەکانەوە
تا نهێنییەک هەڵماڵم
کە ئەشکەنجەم دەدات؟
بەدرێژاییی شەو ئەشکەنجەم دەدات، قوولەی کەڵەشێری
سەربڕاو.
تا نهێنییەکە هەڵماڵم و
گوێم لە ژاوەژاوی گەردوونەکان بێت؟
( شیوەنێکە و پێیان وتین: زەماوەندە)
سوپای خەم بە زنجیر رام دەکێشێت و
زەمان جڵەوی عەرەبەنچییەکە دەگرێتە دەست
سێبەرەکان پێشمان دەکەون
لەدوامانەوە:
هەموو ئەوانە و، هەموو کەسێک
(زەمان درێژە)، کابرا وتی .
خۆر لەسەر ئەم موشەمایەی
سەر خوانەکەمە
رۆژێکە وەکو رووخساری خوا هیچ رۆژێک نایگاتێ
ورشەکانی لەژێر چاوما دەمێننەوە و، تابن
وەکو ڕم دەمسمێ
ئەوە خۆری منە و
ژوورەکەم، ماڵەکەم پڕ دەکات، وەکو گەمی ئارام
بەباری دیارییەوە لە هەزارلۆغانە سەفەر دەکات.
خۆر لەسەر قاپلەمەکەمە و

له راستیدا قاپلەمەکەشم بەتاڵە:
دەنکە زەیتوون، پاشماوەی قەڕنابیت، ئێسقانێک..
ئەو پاشماوەیانە
لە پێویستیمان زیاد نەبوون..
پارچەیەک هەموو رۆژێ، توێکڵێک
فڕێی دەدەینە گێژەنی شەپۆلەوە – قاپلەمەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و
چەقۆکە، چەتاڵەکە دەمێنێ و
برسێتیم، ئینتەلابوونمە..
*
خۆر، یان لیمۆیەک
لەسەر رووی گۆمە بە قەوزە داپۆشراوەکە
مەلە دەکات
بەردێک فڕێ دەدەمە نێو تۆپەڵەکانیانەوە
دەلەرێنەوە، جارێکە و قووڵاییەکان بڵقە بڵق دەکەن.
بڵقی وەهمە پەرتبووەکان
پاراوەکان کە رووداوەکان بەرجەستەی نەکردوون
ئەو ژاوەژاوانەی کە لە ئیعرابا شوێنیان نییە
چاوچنۆکییەکان، دەهلیزەکان، بەڵێنەکانی دادپەروەری
(بە بەختیاری)
کەفی وشەکان لە بۆری واتای
مێژووەکان و
کەسێک هەیە فەبرەکەیان بکات و، بە لاستیک بیانسڕێتەوە–
تا بمێنین.
پیاوەکە وتی: (هیوا بەسەرچوو ئازار زیاد بوو)
قوربانییەکەیان لە نێوان
چوار ئەسپی سەرکێش
بەستەوە.
سەربازەکان سەرخۆش دەبن. جەنازەیەک لە پشتی گردەکەوە
رەت بوو. ئایا بەربەرییە پێشینەکان
لەودیوی دەریاوە هاتن؟

ئایا هاتن؟
تەنانەت ئەگەر شوورا چینییەکەشمان دروست کرد هەر دەوترێ: هاتن.
ئەوان لە ئێمەن و، تێماندان. دوا کەسمان هات
بۆ ئەوەی بمانخاتە پێکەنین و، بمانگریێنێت و..
شوورایەک لە کارەسات لە دەورمان دروست کات، بەڵام، هەر دەمێنین.
لە وڵاتی باتاگۆنیا (با)یەک هەیە
پێی دەڵێن (گسکی خوا)،
(با)یەک
دەمەوێ هەڵکات، بە درێژاییی رۆژهەڵات
لە شرەوپرە گوڵینەکانیەوە و
رۆژئاوای چەکدار بە خۆشگوزەرانی: دەمەوێ هەڵی بژێرم
تا بۆ من بێ
میوانداریی شێتایەتییەکەی بکەم
چونکە رۆژان و ناوەکان گسک دەدات
روخساری جیهانمان وەکو زبڵدانێک گسک دەدات
تا لۆچە قووڵەکان لەژێر
تۆپەڵی بۆیاغ و
خوێن و، تاوان و
شەوەکان، ئاشکرا بن.
وەرە، ئەی (با)یەکە
گسکی خوداوەند، پێشکەوە.
پیاوەکە وتی. پیاوەکە وتی
بەرد فڕێ مەدە گۆمەکەوە و
لە دەرگە مەدە لەودیوەوە کەس نییە
جگە ئەمە نەبێ
مردووە زیندووەکە دابەشە جار بەجار لە خۆیدا، بەبێ خۆم
زایەڵەکە دێت:
ئەرێ مردن. ئەوانەی لێرە بوون.
*
ئەو یەکە هات کە دەڵێ و، ئەوی تر بێدەنگ دەبێت.

ئەوە دەڕوا و، ئەوەی هاتووە لێرەیە.
نێوانیان
وشەیەکە، یان سرتەیەکە،
نێوانیان چەند رووبارە و ڕێیان کرد، ئەرتەشەکان تەپڵەکان پێشیان دەکەون و
کەسیش بە ئاگا نەهاتەوە
نێوانیان قیژەی مەلۆتکەکەیە، بەسەر نووکی ڕمەوە
لە دەستی یەکەم سەرباز کە سەرخۆشی کوێری کردبوو
دەرگەی ماڵەکە لاکەل دەکات.
نێوانیان (موستەفعیلن)، یان لەوانەیە (موتەفاعیلن) بێ*
نێوانیان جگە لە من کەسی دیکە نییە:
ئەوە منم .

٢٠٠٧/١/٢٣

***

**رۆژ لە کەرکووک**

مانگاکان لە سێبەری پاڵاوگاکە نووستوون
بۆ ئەوەی شیر بژەنن، کاوێژی حوشترخۆر و دڕک و داڵ بکەن و
قەلەڕەشەکان لە بیرەکەمان
کە بە پارچە شووشە پەرژین دراوە
لەسەر نووکی باڵە زەلیلەکان
نزیک دەبنەوە
وەک بڵێی دیارین
لە نەوتی رەش و مازووت
کە (بیرەکان) لە هەناوی سووتاوی خۆیانەوە تووڕیان داوە
لەو شوێنەی هەزارلۆغانەیەکی زیوینی بۆرییەکان درێژ دەبنەوە و
گڕ لە کێڵگەکانی (ئای پی سی) بە شەو و رۆژ بەرز دەبنەوە.
لەوێ خۆر خۆی لەسەر پشت دەگەوزێنێ
لە شووشەی بۆری پەنجەرەوە ماسییەک دوا هەناسە دەدا
لەوێ جیهان وەکو گەمییە کۆنەکەی نوح دیارە، کاتێ دوا ماڵئاوایی لە دوا رۆخ دەکات
لەوانەیە ژنێک خۆی بکات بە ژوورا

له هاوشانی پەرژینەکە لە یەکێک لە ماڵەکان شتێکی هەڵگرتبێ
سینییەکی لەسەر دەستە بەخەنە ڕەنگکراوەکانیەتی
بە خاولییەکی خاوێن داپۆشراوە، وەکو تارماییەکی خوێناوی
جووتە نەعلەکەی تۆز و گەرد دەشێلێ
بەڵام کپی ناشکێنێ..
جەستەی مار
دەکشێ لە دەوری چڵێکی خشخاشی
پەڕە سوور بە خاوخلیچکی، لەودیوی دوکانی
ئەو ئەرمەنییەیەی کە خەوی نیوەڕۆ بردوویەتییەوە
سەرە سپییەکەی خستووەتە سەر دەفتەری قەرزەکانی
چاویلکە پزیشکییەکانی لەناو تای تەرازووەکەیە
بەتەنیا، بەتەنیا وەکو زونارێکی زیندوو لە موروو
کاکۆلی نیوەڕۆ دەڕازێنیتەوە
بێدەنگی قووڵترە لە بیرەکە
لەم لایە دوورەی شارەکەوە..
سەگەکان بۆنی مەنجەڵ دەکەن بە لەباقەتەوە
لە سێبەری دیوارەکان و، بۆرییەکە ژەنگی گرتووە
لەسەرەخۆ دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە فنجانێکی شکاوەوە.
***

**خەونی کۆڵهەڵگرێک لەسەر پردەکەی قەڵا**

(بۆ جەلیل قەیسی لە کەرکووک)

دەڵێن ئەوە خەمە
وەکو تێزاب دڵ کون دەکات و
وای لێ دەکات وەکو تارمایی بەدەوری ماڵەکەی خۆیدا بخولێتەوە
بەشکو چاوی پێی دەکەوێت، تا لە بەردەمیدا بۆ جارێکی دیکە سۆزەکانی هەڵدەرێژێ
وەکو شووشەیەکی لەمەی گرانبا پڕ، سوخمەیەکی ژێر عەبای شتە بەتامەکان
ئەگەر خەیاڵی کرد موچڕکێکی پیا دێت و، دەگری
هەرکە بیری دەکەوێتەوە..
لە بەرچاوی شتەکان تێکەڵ دەبن، وەکو نەخشەیەک ڕێبوارێکی تێ لێهاتوو

بیخوێنێتەوە، هەندێ جار دوێنێی بیر دەکەوێتەوە
وەک بڵێی ڕووداوەکانی هی ئەو نین.
کێ داوای لێ کرد شتومەکەکانی هەڵگرێ و، لە چ سووچێک پێچی کردەوە
یان پێچی نەکردەوە، لە چ ڕێگەوبانێک هاتوچۆی کرد.
ئایا هەتاو بوو
یان باران دەباری..
بالۆرەکە باوە، بەڕێزێکی گاڵتەجاڕەوە
ئێستا پێی دەڵێن ئاغا یان بەگ
لە پشتیەوە بە ریشەکانی خۆیان پێ دەکەنن
هەر کاتێ بە داڵغەوە ڕەت بووایە و گۆرانییەکی دەوت:
"قەلعەنن دیبندە بیر داش ئۆلایدم"،
خۆزگە بەردێک بوومایە
لەژێر قەلا
خۆزگە قەلا بە بەرزی دەمایەوە
منیش بەردێک بوومایە لە تەمەڵەکەی..
دەڵێن "ئەوەی نەدیتراوە ئەو دیویەتی"
یان ئەوەتا قەلا بە ماسوولکە ئەستوورەکانی ئەو سەرسامە
بۆ جارێکی کۆسکەوتوو، نوێنەکەی بۆ کردووەتەوە
بەلام، چۆن کوێرێک بە پێڵوەکانی دەست دەدات
لە پاڵتۆی پێغەمبەر و، بۆ یەکەم جار ڕووناکی داگیریان دەکات
ئەو ڕۆژەی کیژەکەی بینی، ئەو ڕۆژەی گالیسکەیەک لە بەردەمیا وەستا
– لێخوڕەکەی لە خانەکە دراوسێیەتی– خانمێک لێی دابەزی
سەری بە قژێکی زەرد تاجدار کردبوو
هەر کاتێ خۆر لێی بدات ئەم چاوەکانی بۆ ناخی دەکەونە خوارەوە
کارەکەرێک لە دوای خانمەکەوەیە
ئاماژەی پێ دا
نزیک بێتەوە –
لەسەر ئەو پردەی بۆ قەلای کەرکووک دەچێت
کە دەڕوانێتە سەر ئەو ڕووبارەی بە وشکی بەناوبانگە!
قەلاکەی بەهەزاران پیلکانە

زنجیرکراوەکە، سەدان جار پێیاندا هەڵگژاوە
ئەو خانووانەی لەسەر پشتی هەڵگرتووە
کە ژنان تیا وەکو داڵە مێیینە لە پەنجەرە بەرزەکانەوە خۆیان لە تەل داوە
یان لەو بورجانەوە دەڕواننە هامشۆکەران
هەر دەنکێک کێشانەکەری خۆی هەیە، ئا ئەمە وادەی ئەوە..
سوپاس ئەی ئەو گالیسکەوانەی کە قەدەرەکان ناردی
خوا جەزات بداتەوە، جەزات بداتەوە
بەڵام بۆ منت هەڵبژارد و
چۆن ئەمڕۆ بگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم
کە هەمبوو بەر لەوەی تۆ ببینم؟
خۆزگە قەڵا بەبەرزی دەمایەوە
خۆزگە تاجم نەدەبینی
ئەرێ کەواتە قەرەبووە
ئەی سەرداری زیان و قازانجەکان
لە بریی پاشماوەی رۆژە قرچۆکەکان و
کێ سووەکە دەژمێرێ و کێ حیسابەکەمان دەدات؟
خۆزگە قەڵا..
کێ؟
.. من لە تەمەڵەکەیدا بەردێکم.
کارەکەرەکە لە کونی دەرگەکەوە درهەمێکی پێ دا
لەو شوێنەی بەحەپەساوی هەڵنووت و چاوی بڕیبووە دەستی و
کارەکەرەکە بە لەپە خەناوییەکەی دای لە پشتی
تەپ و تۆز لە لبادە قورسەکەیەوە بەرز بووەوە..

................................

* ناوی دوو کێشن لە بەحری شیعری عەرەبی و ناکرێن بە کوردی..

***

## ٤- جان دمۆ

"ئەوەتا بەرێوەم بۆ ممارەسەکردنی مرۆڤایەتیی خۆم"

-جان دەمۆ-

تۆ بلێی مەرگ نەمانی بیرکردنەوە بێت
یان پۆلە باڵندەیەکی پەنگوین
چاوەڕێی دڵسۆزێکن لەژێر خۆری بنەوشەییدا..
یان دەڵێ:
سەرچڵی ناکەین بۆ وەڵام
چونکە لەوێ وەڵام نییە..



جان دەمۆ وەکو دیاردەیەک بوو لە بزووتنەوەی شیعری عێراقی پتر لەوەی کاری تێ کردبێت، جان بووە ئەفسانەی نەوەی شەستەکان، شاعیری بێ قەسیدە وەکو "عەبدوقادر جەنابی" دەڵێ. وەکو نەفرەت لێکراوییەکی دڵ پڕ لە مین ژیا، یەکێک بوو لە گرووپی کەرکووک، ناوی (جان) نەبوو کە لەدایک بوو بگرە ناوی (دەنخە) بوو، حەزی لەو ناوە نەبوو، گۆڕیی بە(جان)، وەکو (جان کۆکتۆ) و (جان پۆڵ سارتەر) و(جان جینێ) و زۆربەی (جان)ەکانی فرەنسا.. جان دەمۆ لە منداڵدانی مەیەوە لەدایک بوو، لە شاری زێڕی رەش، شاری کەرکووک، ئەو زێڕە رەشەی کە بووە مایە قوربەسەری هەزارانی وەکو ئەو، ئەنجامیش لە تاراوگە سەردەنێنەوە. جان پێی وا بوو "مرۆڤ بە سەعلووکی لەدایک بووە" بە پێچەوانەی وتە مێژووییەکەی (جان جاک رۆسۆ)ەوە، کە دەڵێ "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێ". جان جێگیربوونێکی ژیانی دەویست بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە جیهانییەکەی خۆی بکات، وەکو خۆی دەیوت..

ئەوانە هاوڕێ نەمرەکانتن
وەکو دڵی شەو
خوانەکانیان بەتاڵە
وەکو هاوکێشەکانی ئەنیشتاین: ئەوەتا تۆ
بەرەو سەرابی ساتەکان رادەکەیت
تۆ بەدمەستی، تۆ تینووی

بەدمەست و تینوو زیاتر لە پێویست

ئەمەیە ژیان، ئەمەیە ناکۆتا..

جان دەمۆ ساڵی ١٩٤٢ لە شاری کەرکووک لە دایکێکی ئاشووریی گریکی و باوکێکی ئاشووری لەدایک بوو، یەکێک بوو لەو گرووپە شاعیرەی کەرکوک کە پێیان دەوتن جەماعەتی کەرکووک، سەرگۆن پۆڵس دەڵێ لە بەغدا ئەو ناوەیان لێ نابن، لەبەرئەوەی کەسمان عەرەب نەبووین. (جان) کەرکووکی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بەجێ هێشت و، رووی کردە بەغدا و لەوێ بوو بە ئاوارەی گەردوون. پاشان لە سەرەتای حەفتاکان چوو بۆ بەیرووت و لەوێ لە میدیاکانی بەرەی میللیی رزگاریخوازی فەڵەستین کاری دەکرد، جان لەوێ شیعرێکی زۆری نووسی، بەڵام هەمووی ون کردبوو، هەرکە ساڵی ١٩٧٥ شەڕی ناوخۆی لبنان هەڵگیرسا گەڕایەوە بۆ عێراق، بگرە بە بڕیارێکی فەرمی لەبەر شەڕەنگێزی و بەدمەستییەکانی لەوێ دەرکرا، تا ساڵی ١٩٩٣ بە یەکجاری عێراقی بەجێ هێشت و، رووی کردە ولاتی ئوردن. سەرگۆن پۆڵس دەڵێ ساڵی ١٩٩٨ لە عەمان چاوم پێ کەوت و، تەواو مەیزەدە بووبوو، هەموو شەوێک پۆلیسی عەمان دەستگیریان دەکرد و راپێچی بەندینخانەیان دەکرد و، بەیانی دەیانبردەوە بۆ ئوتێلە هەرزان بایەکەی.. دواجار رووی کردە ئوسترالیا بۆ لای براکەی و، تا لە رۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ وەکو دوا شاعیری سەعلووک لەوێ سەری نایەوە، دوای ئەویش سەرگۆن لە ئەڵمانیا بەچەند ساڵێک سەری نایەوە.. سەرگۆن دەڵێ دوای شۆڕشی ١٩٥٨ کە ئینگلیزەکان عێراقیان بەجێ هێشت، کتێبخانەیەکی زۆریان لە کەرکووک بەجێ هێشت، ئیدی من وجان دەمۆ دەچووین بۆ کڕینی کتێب، بەڵام جان نەیئەکڕین بگرە دەیدزین، پاڵتۆیەکی گەورەی باوکی لەبەر دەکرد، منیش خاوەن کتێبخانەکەم دەخلافاند و، جانیش گیرفانی پاڵتۆکەی پڕ لە کتێب دەکرد. ئیدی ئەدەبێکی نووسەرانی زۆرمان خوێندەوە و، هەرکە چووین بۆ بەغدا لەوێ نووسەرانی ئەوێمان پێ سەرقاڵ دەکرد. جان پێی وابوو ژیان پیشەی میرۆکانە، وەک "شارل بۆدلیر" دەیوت: ژیان نەخۆشخانەیەکی گەورەیە و لەوێ هەریەکێک لە ئێمە سەرقاڵی گۆڕینی نوێنەکەیەتی. . لە ساڵانی هەشتاکان ئەم پیاوە داهێنەرەم لە شەقامی رەشید زۆربەی رۆژەکان دەبینی سواڵی پارەی دەکرد بۆ چارەکێک ئارەق و پارووێک نان و جگەرە. وەکو عەبدولئەمیری هاوڕێی کە ئەو دەمێک بوو کۆچی دوایی کردبوو. من "جان دەمۆ"م لە نزیکەوە دەناسی، لە ساڵانی هەشتاکان تەنیا جارێک هات بۆ شوێنی نیشتەجێبوونەکەم لە بەغدا لە ناوچەی جادریە، کە ئێستا زانکۆی بەغدایە، رۆژێکی هاوین بوو، لەگەڵ برادەرێکی عەرەب هاتن، جان سەرخۆش بوو، دوای چوو لەسەر نوێنەکەم خەوت، بەڵام دواجار بەسەریدا رژابووەوە، ئیدی ئەوە دواجار بوو "جان" ببینم، تا ساڵی ١٩٩٢ لە کەرکووک لە چایخانەیەکی بەرامبەر سینەما عەلەمەین دیمەوە، وەلێ کەسی نەدەناسییەوە، دوای ئەوە چوو بۆ ئوردن.

چۆڵی لەناو چۆڵی

لەناو ئاوێنەکانی بینەراندا

له گۆڕەپانی (نەسر)
دوای سەعات نۆی شەو
دەبێ چاوەڕێی موعجیزەکانی دیکە بن
بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانەی
کە بۆ پڕکردنەوەیان دز و قەشە و
سۆزانی بەشداری دەکەن .؟
ئەو دەریایانەی کە لە کیسمان چوون
دەبێ بەچی قەرەبوو بکرێنەوە
تەنیا بە تەسبیحاتی پەککەوتەکان
بەزەدە جوانەکانیانەوە
کە شیاوی دۆزینەوەی ناخەکانن
گۆڕەپانی نەسر
گۆڕەپانی نەسرە..

جان دەمۆ، یەک دیوانۆکەیەکی بە چاپ گەیاندووە، بەناوی (اسمال) واتا شرەوپرە، بیست و حەوت شیعری لەخۆ گرتووە، خانەی ئەمەدی بەغدایی چاپی کردووە. هەر وەکو چۆن (واڵت وایتمان) تەنیا نامیلکەیەکی چاپ کرد بەناوی (پەلکە گژوگیا) و، بووە یەکێک لە کۆڵەگەکانی شیعری هاوچەرخی ئەمەریکی. سەرگۆن دەڵێ شیعرەکانی جان دەمۆ سوریالی و دادائین..

دەشێ ئیقۆنەکان، مردووەکان
پاسەوانی نەکرێن
بەڵام ئەی دەریا چۆن؟
ئەی زوڕنای داگیرکەران چۆن؟
قسە سوودی نییە: خۆیان پاسەوانی خۆیان دەکەن
یان ئەوەتا زینەوەری هولامین و ئەوە دەکەن.
لە ئاژاوەی ئاماژەکانە، لەوێ هەمیشە ئاماژەیەک هەیە
- پاسەوانیکردن.
لافاوی زەمەنەکان، یان ئەرخەبیلەکانی خەو؟
چەند تیمساحێک هەن ئەم جیهانە هەڵدەدەن
دەرفەتیش نییە
حسین عەجە دەچێتە هایدگەرەوە:
دەیەوێ بیکاتە سوارەیەک

بۆ دەنووسن شاعیرەکان (سەعدی یوسف)
ئەمەریکایان بەجێ هێشت
یان تەنیا لە ئیمارات دەبێتە شیوێک؟
تاشەبەرد چییە؟
دوا گوندێکە کە ئەنجام عەشاماتەکان، چەرخەکان
پەنای بۆ دەبەن
هەلی بەرماوە چییە؟ بۆ؟
هۆی مانەوە چییە لەوێ؟ هەر تەنیا مانەوەیە؟
لە گردۆلکە لەکان.
نە قوڕ ما و، نە زڕەزڕ
لەوێ لە جیرە جیڕ هیچی دیکە نییە
لێی دەترسن؟
دە بگرن ئەوەتا قونکە جگەرە.

***

سەرچاوەکان:


١- سایت ئیلاف ٢٠٠٩ ٨ی سەبتەمبەر
٢- رۆژنامەی القدس العربي / ٢٠٠٣ /١٧ی مایس
٣- سایتی النور
٤- رۆژنامەی الاتحاد ٢٠٩
٥- دیوانەکانی سەرگۆن پۆڵس، دار الجمل
٦- روح الحیە فازڵ عەزاوی..
٧- کۆواری الاقلام فایلی تایبەت بۆ حسین مەردان و عبدالامیر الحصیري.

لێکۆڵینەوە

د. عادل گەرمیانی

# خەسڵەتەکانی ڕەخنە



سادەترین پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەیە: پرۆسەیەکی مەعریفی و شیکارییە ڕەخنەگر وەک خوێنەرێکی زیرەکی دەق بەسەر جەستەی دەقەکە دەیکات بە مەبەستی خستنە ڕووی خەسڵەتە باش و خراپەکانی لە ڕووی هونەرییەوە .

ڕەخنەی ئەدەبی بەلای (ڕینیە ویلیک)ەوە خاوەنی کۆمەڵێ ئەرکە، وەکو: "لە مانا گشتییەکانی ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، دەرخستنی چێژ و ڕەگەزە ئەدەبییەکانە، دیاریکردنی مەبەستی شاکاری ئەدەبییە"[١].

هەروەها لەبارەی پێناسە و چەمک و ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین: "وەک سیستم و پرۆسەیەکی مەعریفی سەکۆی گردبوونەوەی ئەو فرە ڕوانین و ڕەهەندە جۆربەجۆرانەیە، کە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا میکانیزمی کارە ڕەخنەییەکانی پێ ڕەنگڕێژ دەکرێت، زادەی ئەو زەوینەسازییە کە ڕەخنەگر بۆ تۆمارکردنی

مەعریفەیەکی فراوان لە پەیبردن بە ماهییەتی دەقی ئەدەبی هەوڵی بۆ دەدات "[٢].

هەردەم ڕەخنەی ئەدەبی زادەی پاش لەدایکبوونی دەقی ئەدەبییە، چونکە خودی دەقە ئەدەبییەکە دەبێتە کەرەسەی لەبار بۆ کردەوە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگر، کەوا بە ئەرکی هەڵوەشانەوەی توخم و ماکەکانی بنیاتی هونەریی دەقەکە هەڵدەستێت، کە بە پێچەوانەی ئەرکی پێکەوەنانی نووسەری دەقەکە دەبێت. لێرەدا پێویستە بوترێت مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبی یەکسەر ببێتە مایەی نووسینی ڕەخنەیی لەبارەیەوە، چونکە لەم ڕۆژگارەدا هەر ڕۆژنامە یان گۆوارێک چەندین دەقی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام تەنیا دەقی سەرکەوتوو دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ڕەخنەگر تا لەبارەیەوە بۆچوونی ڕەخنەیی خۆی پێشکێش بکات .

ئەرکی ڕەخنەگر ئەرکێکی گرانە و، هیچ بەو شێوە ئاسانە نییە وەک هەندێ لە ڕۆشنبیرە ساویلکەکان تێی دەڕوانن، چونکە دەبێت ڕەخنەگر خاوەن ئاستێکی مەعریفیی بەرزتر بێت لە ئاستی مەعریفیی نووسەری دەقە ئەدەبییەکە، یان بەلایەنی کەمەوە هاوتەریبی ئەو ئاستە مەعریفییە بێت.

ڕەخنەی ئەدەبی وەک نووسینێکی پەخشان ئامێز، هەروەها وەک بەرهەمێکی ژیری و مەعریفیی کۆنە لەناو مێژووی ئەدەبیی جیهانیدا و بۆ سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ لە سەدەکانی پێش زایندا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی زۆر کۆن نییە و، سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوەی نووسراو بۆ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەناو شیعردا خاوەن مێژوویەکی هەندێ کۆنترە و، دەکرێ سووکە ڕەخنەکانی ناو چوارینەکانی بابا تایەری هەمەدانی بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردەیە لەناو شیعری کوردیدا دابنێین.

لەبارەی چەمک و ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ئەبرامز دەڵێ: "ڕەخنە ئەو لقەی لێکۆڵینەوەیە کە پێوەندیی بە پێناسەکردن و پۆلێنکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەدەبەوە هەیە "[٣].

ڕەخنە وەک کارێکی هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، یان وەک پیادەکردنی تیۆرێکی ڕەخنەیی بەسەر دەقێکی ئەدەبی، سوودی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری گەشەسەندن و نەشونماکردنی دەقی ئەدەبی لەناو ئەدەبی گەلاندا .

یەکێک لە دیاردەکانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردی زۆریی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆوارەکانە، کەوا هەریەکەیان چەند لاپەڕەیەک تەرخان دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبییە ڕەگەز جیاوازەکان. هەروەها زۆریی دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و زۆریی چاپخانەکان ڕوویەکی تری پرشنگداری ناو دیاردەکانی ڕۆشنبیریی هاوچەرخی کوردیمانە. ئەم جۆرە دیاردە ڕۆشنبیرییانە باری ڕەخنەگری کوردی گران کردووە لە خوێندنەوەی سەرجەم دەقە ئەدەبییە بڵاوکراوەکان لە لایەک، بەڵام لە لایەکی ترەوە زەوینەی زۆر لەباری لە بەردەم ڕەخنەگری کوردی ڕەخساند بۆ هەڵبژاردنی دەقی

باش و سەرکەوتوو بۆ پرۆسەی ڕەخنەکەی .

ڕەخنە، ئەگەر بە واتا یۆنانییە کۆنەکە وەربگرین کەوا حوکمدان و بڕیاردانە، ئەوا بەلامانەوە زیاتر پرۆسەیەکی مەعریفیی شیکارییە بەسەر جەستەی دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە دەکرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندن تا لە ئەنجامدا ببێتە دەروازەیەک بۆ بڕیاردان .

گومان لەوەدا نییە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی مەعریفییەوە گرینگیی خۆی هەیە، چونکە دەقی ئەدەبی لە ڕووی هونەرییەوە زۆر پێویستی بە ڕەخنەی ئەدەبی هەیە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تا بەهۆیەوە دەقنووس بە هەڵە هونەرییەکانیدا بچێتەوە، هەروەها خوێنەریش پێویستی بە ڕەخنەی ئەدەبی هەیە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە. لێرەوە دەتوانین بڵێین پرۆسەی ڕەخنە کارێکی مشەخۆری نییە بەسەر جەستەی دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە، هەروەها ڕەخنەگر زۆرجار بە نووسەری دووەمی دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە دادەنرێت بەحوکمی ئەوەی ڕەخنەگر بە زیرەکترین جۆرەکانی خوێنەری دەق دادەنرێت.

سادەترین پێناسەی ڕەخنە هەڵسەنگاندنی ڕەخنە لێگیراوەکەیە و، ئەم کارە هەموو کەسێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر، یان نەخوێنەوار و ناڕۆشنبیر دەتوانێ پێی هەڵبستێت. وشەی باشە یاخۆ خراپ و هیچ نییە زیاتر لەم جۆرە ڕەخنە سادەیە بەکار دێت، بەلام پێناسەی ئەکادیمیی ڕەخنە ئەوەیە پرۆسەیەکی شیکردنەوەی مەعریفیی پراکتیکییە بەسەر جەستەی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە دەکرێ بە مەبەستی خستنە ڕووی ئاستی داهێنان و ئیستاتیکای شاراوەی ناو دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکەدایە پاش هەڵبژاردن و پیادەکردنی تیۆرێکی ڕەخنەیی بەسەر دەقێکی ئەدەبی بەمەرجێ گونجاندن لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە ئەگەر بە زۆرەملێ ئەم پیادەکردنە و شیکردنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکە بکرێت ئەوا ڕەخنەگر لە هەڵسەنگاندن و بڕیارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو دەبێ ڕەخنەگر بەپێی جۆری تیۆرە ڕەخنەییە پشت پێبەستراوەکەی پرۆسەی نەشتەرگەریی خۆی بەسەر دەقە ئەدەبییەکە بکات.

چەمکی ڕەخنە گشتییە و، دەتوانین بڵێین بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی مەعریفی بە مەبەستی خستنە ڕووی ئاستی لێهاتوویی خاوەن دەق و بەرهەمەکەیە. هەروەها ڕەخنە بریتییە لە نزیککردنەوەی پەیامەرگری دەق و بەرهەمە مەعریفییەکە لە سروشتی ڕاستەقینەی ناخەوەی ئەو دەق و بەرهەمەیە بە حوکمی ئەوەی ڕەخنەگر بە زیرەکترین خۆێنەر و پەیامەرگری ئەم جۆرە دەق و بەرهەمە مەعریفییە دادەنرێت.

هەروەها ڕەخنە بە واتای خوێندنەوەی زیرەکانەی دەق و بەرهەمەکە دێت، کەوا بە تێرامانی شیکاری لە دەق و بەرهەمەکە دەڕوانێت، واتا ڕەخنە خوێندنەوەی ئەزموون و ئایدۆلۆجیای خاوەن بەرهەمەکەیە لەگەڵ دەرخستنی دیاردە مەعریفییەکانی ناو دەق و بەرهەمەکەیە.

ڕەخنە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی زیرەکانەیە بۆ دەق و بەرهەمەکە، هەروەها ڕەخنە

پرۆسەیەکی شیکاری مەعریفییە بەسەر جەستەی دەق و بەرهەمەکە لە لایەن ڕەخنەگرێکی تایبەتەوە دەکرێ بە مەبەستی خستنە ڕووی ئاستی داهێنان و جوانکاریی شاراوەی ناو ئەو دەقە، یان بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە.

کاری ڕەخنە کارێکی مشەخۆری نییە بەسەر دەق، یان بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە، بەڵکو بە کارێکی تەواوکەری داهێنانی دەقە یا بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە دادەنرێت. لێرەدا پێویستە بوترێت دەقنووس، یان خاوەنی بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە بە کاری پێکەوەنانی بنەما هونەرییەکانی دەقەکەی هەڵدەستێت بەپێی سروشت و جۆری دەق و بەرهەمەکە، بەڵام ڕەخنەگر بەکاری شیکردنەوەی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە هەڵدەستێت بەپێی جۆرە ڕێباز یا میتۆدێکی ڕەخنەیی گونجاو لەگەڵ جۆری ڕەگەز و جۆری بابەت و شێوازی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە. لێرەدا هەردوو لایەنی پێکەوەنان و شیکردنەوەی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکە زیاتر لە پێناو گەیاندنی پەیامی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکەیە بە خوێنەر و پەیامەوەرگرەکەیەتی، کەواتە ڕەخنە بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی دەق و بەرهەمە ڕەخنە لێگیراوەکەیە.

ڕەخنەی ئەدەبی، وەک پرۆسەیەکی مەعریفیی پیرۆز، خاوەن چەندان خەسڵەتە، هەریەک لەم خەسڵەتانەی خوارەوە زیاتر کرۆکی ڕەخنەمان بۆ دەخاتە ڕوو:

١- ڕەخنە بریتییە لە چەند هەنگاوێکی گرینگی وەک (هەڵبژاردنی دەق - خوێندنەوەی دەق - ڕاڤە و شرۆڤەکردنی دەق - هەڵسەنگاندنی دەق - بڕیار لەسەر دەق) . هەریەک لەم هەنگاوانە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ هەنگاوەکەی پاش خۆی و، لە ئەنجامدا سەرجەم هەنگاوەکان دەبنە زنجیرە ئەڵقەیەکی بەدەم یەکتر بەستراو بەشێوەیەک نابێت هەنگاوێک پێشووتر بخرێت. بۆ نموونە ناکرێت هەڵسەنگاندنی دەق پێش شیکردنەوەکەی بخرێت، یان بڕیاردان پێش هەڵسەنگاندن بخرێت.

٢- ڕەخنە زادەی بیر و بۆچوونی ڕەخنەگرە لە ئەنجامی چەند خوێندنەوە و تێرامانێک بۆ دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە لای ڕەخنەگر دروست دەبێت، ئەم لایەنەش لە ئەنجامی کارتێکردنی دەقە ئەدەبییەکە لە ناخەوەی هزر و بیری ڕەخنەگر دروست دەبێت، کەوا دەبێ لە هەڵبژاردنی دەق بۆ ڕەخنەکەی زۆر سەرکەوتوو بێت، چونکە دەقی باش و سەرکەوتوو کەمتر خاوەن هەڵەی هونەرییە و، ئەوسا ڕەخنەگر توانای ڕەخنەیی خۆی زیاتر ئاراستەی جۆری داهێنانی ناو دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە دەکات. لێرەدا جۆری هەڵبژاردنەکە پابەند دەبێت بە ئاستی ڕۆشنبیریی ڕەخنەگر و ئەزموونی خوێندن بەلای ڕەخنەگرەوە.

٣- ڕەخنە پرۆسەیەکی شیتاڵییە و، بریتییە لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەری ئاسایی دەق، چونکە ڕەخنەگر بەپێی گۆشەنیگایەکی هەڵبژێرراوی خۆی دەڕوانێتە بابەتە

ڕەخنە لێگیراوەکە. هەروەها ڕەخنەگر بە مەبەستی گەیاندنی خوێنەری دەق بە خۆشی دەق ئەم کارە شیکارییە دەکات.

٤- هەموو ڕەخنەیەک لەوانەیە ببێتە جۆرە داهێنانێک ئەگەر ڕەخنەگر سەرکەوتووانە گەشتی کرد بەناو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە و پەردەی هەڵمالّی لە لایەنە شاراوەکانی ناو دەقەکە. تەنانەت داهێنانی ڕەخنەگر هەندێ جار دەبێتە مایەی هاوتەریبی داهێنانی دەقنووس لەناو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە. کەواتە ڕەخنە جۆرە داهێنانێکی مەعریفیی نوێیە لە ئەنجامی خوێندنێکی ڕەخنەیی سەرکەوتووانە دێتە کایەوە، چونکە ڕەخنەگریش وەک نووسەری دەق دەیەوێ توانای مەعریفیی خۆی لە ئاست بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە بخاتە ڕوو تا بەهۆیەوە هەندێ زانیاری پێشکێش خوێنەری ئاسایی دەق و نووسەرەکەی بکات. کەواتە ڕەخنە کارێکی مشەخۆری نییە بەسەر جیهانی بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە، بەڵکو پرۆسەی ڕەخنە دەبێتە کەرەستەیەک یان تەواوکەرێک بۆ داهێنانی نێو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە.

٥- ڕەخنە تاقیکردنەوەیەکی مەعریفییە، یان جۆرێکە لە کارکردن بەسەر جەستەی دەقە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە دەکرێ بەپێی جۆرە ڕێبازێکی ڕەخنەیی. واتە نەبوونی میتۆدێکی ڕەخنەیی لە پرۆسەی ڕەخنەکە دەبێتە مایەی نەبوونی لایەنێکی ئەکادیمی لە پرۆسەی ڕەخنەکە و، ئەوسا یەکێک لە خەسڵەتە گرینگەکانی لەدەست دەدات، چونکە ڕەخنەی بێ میتۆد سوودێکی مەعریفیی ئەوتۆی نابێت بۆ خوێنەری ئاسایی دەق.

٦- ئامانجی هەموو ڕەخنەیەک زیاتر هەنگاونانە بەرەو مانای بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە و کەشفی ئەو مان و واتایەمان بۆ دەکات واتە ڕەخنەگر بە ئەرکی پەردە هەڵماڵین لە ڕووی واتای شاراوەی دەقە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە هەڵدەستێ، واتە هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن جۆرە واتایەکە بەپێی جۆرە بۆچوونێکی ڕەخنەگر دەخرێتە ڕوو.

٧- پرۆسەی ڕەخنە بەجۆرە دابەزین و شۆڕبوونەوەیەک دادەنرێ بۆ ئەو شوێنەی لە ناخەوەی بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە هەیە، کەوا لە لایەن دەقنووسەوە شاردراوەتەوە و خوێنەری ئاسایی بە ئاسانی دەرکی پێ ناکات، بۆیە پێویستی بەوەیە ڕەخنەگر دەستی بگرێت و پەردەی بۆ لابات لەسەر ئەو شوێنە شاردراوەیە.

٨- ڕەخنە سەرەتایەک دادەمەزرێنێ بۆ ئاخاوتنێکی تر لەبارەی ئاخاوتنی ناو جیهانی بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکەوە، واتە ئاخاوتنی ڕەخنە بەتەواوکەرێکی ئاخاوتنی ناو بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە دادەنرێ، چونکە تێگەیشتنی ڕەخنەگر بۆ بەرهەمە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە جیاوازترە لە تێگەیشتنی نووسەر و داهێنەری دەقە ئەدەبییەکە لەگەڵ تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی دەقە ئەدەبییەکە.

٩- زمـانی ڕەخنە باڵاترە (میـتـازمـانە) لە زمـانی بەرهەمـە ئەدەبییـە ڕەخنە لێگیـراوەکـە، واتە نووسـەری دەقی ئەدەبی بـەپێی ڕەگـەزی دەقـەکـەی جـۆرە زمـانێکی هـەڵبـژاردە لەناو دەقـەکـەیدا بەکار دەهێنێ . بـۆ نموونە زمـانی هۆنراوە تا ڕادەیەک جیاوازە لە زمـانی شـانۆ یان چیرۆک، بەڵام زمـانـی ڕەخنە لەبارەی ئـەو ڕەگـەزە ئەدەبییـانـەوە لە ئاسـتـێکی باڵاترە، چونکە زمـانی نووسـەری دەق بە ئـەرکی پێکەوەنانی جیـهانی دەقـەکـە هـەڵدەستێ، بەڵام زمـانی ڕەخنەگر بە ئەرکی شیکردنەوەی جیهانی دەقەکە بۆ خوێنەری دەقەکە هەڵدەستێ. زمانی ڕەخنـە زمانێکی عەقڵی پوختکراوەترە و جیاوازترە لە زمانی بەرهەمـە ئەدەبییە ڕەخنە لێگیراوەکە، کەوا جۆرە سـوود وەرگـرتنێک لە هـەردوو زمـانی سـۆز و عـەقڵ تیـایدا وەبـەرچاو دەکـەوێت بۆ زیـاتر نزیکخستنی لە ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری دەقە ئەدەبییەکە.

١٠- ڕێبازی ڕەخنە زیاتر شیکارییـە، چونکە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستـە پێشـەکی چەند لایەنێکی شیـتـەڵ بکرێتـەوە بۆ خـستنە ڕووی ئەو لایەنانـەی ڕەخنەگر دەیەوێ بیخاتە ژێر زەرەبینی ڕەخنەکەیەوە .

١١- ڕەخنەی ئەدەبی جۆرە تێپـەڕاندنێکە بۆ دەقە ئەدەبییـە ڕەخنە لێگیراوەکـە، واتە ڕەخنەکـە دەبێت لە ڕێی ڕاڤـەکردن و شیکردنەوە شتێک بڵێت باشتر و ڕوونتر بێت لەوەی لەناو دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە وترابێت، چونکە ڕەخنەگر زیرەکترین خوێنەری دەقی ئەدەبییـە، کەواتە نابێت ڕەخنەی ئەدەبی کەمتر زانیاریی تێدا بێت لەوەی لەناو دەقە ڕەخنە لێگیراوەکەدا هەیە.

پەراوێزەکان:

(١) رينيه ويليك – مفاهيم نقدية، ترجمة: د. محمد عصفور، سلسلة كتب عالم المعرفة (١١٠)، الكويت، ١٩٨٧، ص٥٠

(٢ ) کارزان کەریم ئەمین – ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی (بەنموونە ماستەرنامەکانی ئەدەب ١٩٨٨–٢٠٠٠ )، نامەیەکی ماستەرە پێشکێشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠٠٩ ، ل١.

(٣) م. هـ . ابرامز – المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية ، ترجمة: د. عبدالله الدبا، مجلة الثقافة الأجنبية، ع/٣، ١٩٨٧ ، ل ٥٦.

لێکۆڵینەوە

د. هاوژین صلێوە

# جەلی و پرسیاری شیعر؟

هەڵبەتە بنەماڵەی جەلی زادە بنەماڵەیەکی دیاری شاری کۆیەن، هەر لە باب و باپیرانیانەوە کەسی هەڵکەوتوویان هەبووە لە بواری ئاینی و زانست و ئەدەب و هونەر، چونکە باوکی جەلیش مەلا بووە، دواتر کوڕەکەشی (جەلی) بووەتە مەلا، ئەو کاتیش مەلا لە چەندین شوێن خوێندوویەتی و خۆی پەروەردە کردووە و شارەزای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە، ئەم بنەماڵەیە مەلای گەورە و مەسعوود محەمەدی بیرمەند و چەندانی تری تیا هەڵکەوتووە.

کەشوهەوای کۆیە و باری ڕۆشنبیری هەردەم لەپێش بووە، ئەو کاتیش حاجی قادر و ئەختەر و... چەندانی تر بوون بەپشکۆی ئەم ئاگردانە و گەشاندوویانەتەوە، سەبارەت بە ناوی (جەلی)یش د. مارف خەزنەدار دەڵێت: "ناوی عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادەیە لە ساڵی ١٨٨٤ لە کۆیە لەدایک بووە، سەرەتا لە لای باوکی خوێندوویەتی لە قۆناغی فەقێیاتیدا هاوڕێی حاجی قادری کۆیی بووە، پێکەوە ڕوویان کردووەتە ناوچەی باڵەکیان و لەگوندی شێخ وەتمان لە حوجرەی مەلا محەمەدی کاک عەبدوڵڵا خوێندوویانە، عەبدوڵڵای جەلی زادە لەو ماوەیەدا دڵی دەچێتە حەلیمەی کیژی مەلا محەمەدی مامۆستای، ئەو کچە جوان بووە و گوایە دەستی شیعریشی هەبووە، بەڵام هیچ شیعرێکی نەماوەتەوە، لەوانەیە هەردووکیان شیعریان بۆ دڵدارەکەیان هۆنیبێتەوە"[١]، دواتر باوکی شاعیر کە بەم دڵدارییەی زانیوە بەوە ڕازی نەبووە کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەم کچە بخوازێ، ئەم مەسەلەیە کارەساتی لێ کەوتووەتەوە، (حەلیمە)ش بەنەخۆشیی سیل کۆچی دوایی کردووە و (جەلی)ش بە کامی دڵی خۆی نەگەییوە[٢] "جەلی لەگەڵ باوکیدا حەجی کردووە، لە ماوەی جێبەجێکردنی شەعاعیری حەج مەلا ئەسعەدی باوکی کۆچی دوایی کردووەو لە وڵاتی حیجاز

بەخاک سپێردراوە، ئیتر خۆی گەڕاوەتەوە کۆیە و بووە بە جێنشینی باوکی"[3] د. مارف خەزنەدار دەڵێت: "جەلی شیعری نەکردووە بەپیشە، لەبەر ئەوە شیعری کەمە، شیعری لە موناسەبە وتووە، لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە ئەو بەرهەمەی لە بەردەستدایە هەمووی شیعری ئەو شاعیرەمان نییە و بەشێکی لەناو چووە"[4] شاعیر لە شیعرێکی دڵداریدا دەڵێت:

کە بێری هاتە ناو مێگەل سەراسەر قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو، شێخ تەریق، عارف نەما هۆشی
حەبیب دیتی ڕەقیب وەستاوە چارۆگەی بە ڕوو دادا
گوتم هەوری سیا هات و شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی[5]

شاعیر زۆر بەجوانی وێنەیەکی وەسفی خستووەتە ڕوو کە لە شێوەی کورتیلە چیرۆک و گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەچێت، بە شێوەیەکی جوان و لە ئاستێکی هونەریی بەرز دەری بریوە، ئەویش وەسفی یارە کە بینیویەتی، بەڵام لە ترسی ڕەقیب چارۆگەی بە ڕووی داداوە و خۆی لە شاعیر شاردووەتەوە، وەک ئەوە بووە هەور بەری خۆرەتاوی گرتبێت ئەوا ڕووناکیی یارەکەی لە بەرچاو بزر بووە.

شاعیر وەکو نالی وەکو شاعیرە بەرزەکان ئاستی هونەریی شیعری خۆی ناسیوە و دەڵێت:

دەفتەری ئەهلی هونەر ئەگەر بگرن لەم عەسرەدا
ماڵی بێ ئیقبال نەبێ وەڵا جەلی سەر دەفتەرە[6]

شاعیر شانازی بە شیعری خۆی دەکات و ئاستی هونەریی خۆی دەخاتە ڕوو کە بە توانایە، بێگومان دەبێ شاعیر کۆمەڵێ شیعری جوانی هەبێ، تاوەکو ئەم ڕەئییە دەربڕێ، چونکە بەو چەند شیعرە ئەم لاف و شانازییە لێ نادات.

"پەیدابوونی بیری کوردەواری بە شێوەیەکی تازە لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کاری کردبووە سەر خوێندەوارانی ئەو سەردەمانە، کە زۆربەیان مەلا بوون، جەلی یەکێک بوو لەو مەلایانەی هەستی کوردایەتییان لە لا دروست بووە"[7]

جەلی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

با بکەم تەبدیلی نەزم و قافیە و ڕەویە و عەرووز
بەم زمانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستێ
بیکەمە کوردی زمانی خۆمە چاکی تێ دەگەم
خودایە تۆفیقم بدەی من بەندە و تۆ مەولاستی[8]

شاعیر گلەیی لەم بارە وەستاوەی شیعری کوردی دەکات و داوا دەکات ڕەوییە و عەرووز بگۆڕێت، واتە ئەم قتفییە بە زۆرەملێیانە بگۆڕێت و بە زمانی کوردی شیعر بنووسرێ، بێگومان هەموو شتێک سەرەتا بەقسە دەربڕین و ناڕەزایی دەربڕین دەبێت، ئینجا بەرەو جێبەجێکردن

دەچێت، بێگومان نالی لە سەردەمی خۆی ڕەخنەی لەوانە گرتووە کە گوتوویانە بە زمانی کوردی شیعر نانووسرێ لەم شیعرەدا نالی دەڵێت:

... کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کردیە خۆ کوردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا...[9]

بەڵام ئەوەی جەلی جگە لەوە داوا دەکات کێش و ڕەوییە و عەرووزیش بگۆڕێ، ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە حیسابی بۆ دەکرێ، چونکە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح و پیرەمێرد و... ئەم هەوڵەیان جێبەجێ کرد، بەڵام نارەزایی دەربڕینەکانی (جەلی) جێی باس و پرسیارە، واتە سەرەتا نارەزاییەکە لەناو خودی شیعرەکاندا بەرپا بووە، شاعیران نارەزاییان لەم هەموو کۆت و بەندە لا درووست بووە، دواتر پەیتا پەیتا ئەم هەوڵە دراوە و جێبەجێ کراوە، دەربڕینی ئەم بیرە لەناو جەرگەی شیعری کلاسیکیی ئەو کات جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە. خێزانی (جەلی)یش شاعیر بووە، ناویشی (حەزینە) بووە، بەڵام ناوی خۆی (زەینەب) بووە، کچی شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەدە، چوار ساڵ دوای مردنی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، مردنی مێردەکەی کارێکی زۆری کردووەتە سەر هەست و سۆزی و بەم شێوەیە دەڵێت:

ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بێنە گریان و شین

حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامل کۆچی کرد بۆ ژێرزەمین

حەیفە بۆ ئەو کۆهی عرفان و دەلیلی ڕاهی حەق

پێشەوای ئەهلی مجەت ئەو ڕەئیسی المعاشقین[10]

سەرچاوەکان:

١- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠

٢- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٣- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی.

پەراوێزەکان

١ - د. مارف خەزنە دار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٩.

٢- س.پ.ل٤٩ ٣ - س.پ.ل٤٩ ٤- س.پ.ل.٥٠ ٥ - س.پ.ل٤٩ ٦ - س.پ.ل٥٢ ٧ - س.پ.ل٥٢

٨ - س.پ.ل٥٣

٩ - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.

١٠ - کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، ل٤٨

لێکۆڵینەوە

سەردار جاف

# ئیدیۆم و شتی تر
# لە (زەردەمار)

زەردەمار دەتوانین بڵێین یەکێکە لە بەرهەمە باشەکانی (محەمەد سەعید زەنگنە) لە دوو توێی نۆڤلێتێکدا سەردێکی جوانمان پێشکێش دەکات، نووسیار هزر و توانستەکانی فیکری خۆی تێدا خستووەتە کار، شتگەلێکی لەبەر دید رۆ ناوە، کە دواتر بە وردی لەسەری دەدوێین، سەرەڕای ئەوەی بە زمانێکی جیاواز تۆماری کردووە، دەشێ بڵێین تام و بۆی نیمچە پەخشانێکی پاراوی پێ بەخشیوە، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا هەست دەکرێ زمانەکەی سادە و سانایە، لە هەندێ شوێنی تردا زمانی هەواڵمان پێ دەدات و لە هەندێ شوێنیش هەست دەکەین بەلاغێکی سەربازیمان بۆ دەنووسێتەوە، بەهەرحاڵ گەمەی بەزمانەکە کردووە، لێ لەو ئاستەدا نییە بێ گرێ و گۆڵ بێ، لە کرۆکی باسەکەماندا پەنجە دەخەینە سەر خاڵە لاوازەکانی زمانەوانی، کە ناکرێ لە شوێنێکی وەهادا تۆمار بکرێن.




ئەگەر زەردەمار شاکاری نووسەر بێت کەواتە هەست دەکرێ قەڵەمەکەی لە پێکوتەدایە، ئەمەش دەخوازرێ بانگهێشتنی بکەین هەنگاوی گەورەتر بنێت و بەرەو رۆمان نووسین هەڵبکشێ، ئێمە لە چاوەڕوانین و ئەویش

پێویستە هیمەتی خۆی بکا، لێ ئێمە لە زەردەمارەوە دەتوانین بەرفراوانی و هەناسەدرێژیی نووسەر بخوێنینەوە و، وا هەست دەکەین دەتوانێ داهێنانی گەورەتر بکات و هێندە بە زەردەمارەوە چەق نەبەستێت.

زەردەمار مەبەستمان چاپی "یەکەتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک"ە کە لەژێر ژمارە (٧٢)ە، کە ساڵی ٢٠٠٦ لە چاپخانەی ئەرابخا بەچاپ گەیشتووە، بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر ئێمە ئەم روونکردنەوەیەمان خستە بەر دید، چونکە ناو بەناو باس لە ژمارەی لاپەڕە دەکەین ئەو کات لای تۆی خوێنەر بەرچاوڕوونی دەبێت کە مەبەستمان کام چاپە.

## ئیدیۆم

کورد لە رووی ئیدیۆمەوە دەوڵەمەندە، با بزانین ئیدیۆم چییە؟ ئیدیۆم ئەو قسە نەستەق و پەندی پێشینانەیە کە بە ڕستەیەکی کورت واتایەکی ناڕاستەوخۆ بەدەستەوە دەدات، بۆ نموونە کە دەڵێین (کای کۆن بە با دەکا) واتا سەرهات و رووداوێک و قسەیەک دەگێڕدرێتەوە کە پێشتر روویان دابێت یان وترابێت، یا کە دەوترێ کای کۆن بە با مەکە، واتا ئەوەی رووی داوە رۆیشت و ئێستە شتێکی تر لە ئارادایە و باسی کۆن مەکە، حەمە سەعید زەنگنە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی لێزانانە و لە کارزانییەوە ئەو ئیدیۆمانە بەکار بێنێ و تام و چێژێکی تایبەتیشی پێ بدات، سەرباری ئەوەی زۆر نموونەی هێناوەتەوە، کەچی لەبەر ئەو تام و چێژەیە کە زۆر کەس باس لە سەرکەوتنی ئەم نۆڤلێتە دەکەن و بە شاکاری دادەنێن، نامانەوێ زۆر لەسەر ئەم ژانرە بدوێین، چونکە ئەم کارە پڕ لە ئیدیۆمە، تەنیا باس لە یەک لاپەڕە دەکەین بزانین چەند جار لە لاپەڕەیەکدا ئیدیۆمی هێناوەتەوە، لە لاپەڕە (٥٢)دا، دە جاران ئیدیۆمی هێناوەتەوە، کە بۆ خۆی لاپەڕەکە (١٦) دێرە و بە فۆنتی (١٦)یش چاپ کراوە، ئەمەش ئەو ئیدیۆمانەن لەم لاپەڕەدا بەکاری هێناون: "هاودەنگی چاکە، جاجگە خۆشەی بن دانی دۆست و ناحەز، دەک غیرەت سەگ بتخوا، باوکی دڵی خۆشە کوڕی هەیە، بە خوا وەجاغی کوێرە، کوڕم کاشکا مارێکم بوایە، هەڵگرە دار بکوژە مار، ئەدی ئەگەر غیرەت نەبوو. . پاڵی لێ بەرەوە و رۆنیشە، دۆم وەدانیشتن ماڵی وێرانە، دەستی خەڵکی ماری پێ بکوژن". لە لاپەڕەیەکدا هەبوونی (١٠) ئیدیۆم نیشانەی سەلیقەیی و ئاشنابوونی خودی نووسەرە لەم بوارەدا، بۆیە چاکتر وایە لەوە زێتر لەسەر ئەم باسە نەچین و تەواوی نۆڤلێتەکە پڕە لەم ئیدیۆمانە و دووبارەبوونەوەشی تێدا بەدی ناکرێ، هەر بۆیە ناونیشانی ئەم باسەمان بەم ژانرەوە گرێ دا، چونکە زیرەکانە قەڵەمەکەی لێ خستووەتە کار، تاوەکو خوێنەریش سەرنجی ئەم لایەنە بدات.

## کرۆکی ژانر

دەشێ ئەمە بەتەنێ کرۆکی باس نەبێ، وەلێ دەکارێ بێژین گۆناگۆنە لە زەردەمارا، لێرە و لەوێ ناو بەناو رەخنەی زمانەوانی لەناو رۆمانی کوردیدا دەخرێتە روو، هەرچەندە شێوازێکی باوی سەردەمییانەی وەخۆ نەگرتووە، وەک ئەوەی رۆمانی کوردی هیچ گرێ و گۆلێکی زمانەوانیی تێدا نەبێت و بە دروستی و رەوانی هەنگاوەکانی خۆی بنێت، کە لە زۆر لە رۆمانەکاندا رەچاوی زمان نەکراوە و ئەو رەونەق و سەلیقەیەی پێوە دیار نییە، گرینگترین خاڵ لە رۆمانی کوردیدا نەبوونی جیاوازیی زمانە لە نێوان گێرانەوە و نووسین و حیواری سەردەم و حیواری کۆن و رابردوو و تێکەڵکردنی ئەم جۆرە حیوارانە، هەندێ جار هەست بە رەوانبێژی دەکرێ هەروەک چۆن لە شیعر و ئەدەبیاتیدا بەرجەستە دەبێت یاخۆ جاری ئەوتۆش هەیە لە دەروازەی فۆرمی گشتگیرە و ئاوێتەبوون لە نێوان ئاخاوتنی ئاسایی و نووسیندا بەدی دەکرێ، ئا لێرەوە پێویستیمان بە ئاگایی و ئاستی ئاگابوون و ئەرکەکانی هەیە.

بەبۆچوونی (رۆلان بارت: ١٩١٥ ــ ١٩٨٠) بیرمەند و رەخنەگری ئەدەبی فرەنسایی: "ئەدەب جگە لە زمان، بە واتا هێماکان لە سیستەماتیک و نەبوونی ئەم پێرەوە لە نامەکەیدا، بەڵکو لەم میتۆدەدایە" بەم پێیە زمانی رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک لەگەڵ زمانە ئەدەبییەکانی تر جیاوازە، زمانی شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شانۆنامە و پەخشان و... تاد جیاوازن لە زمانی چیرۆک و رۆمان، ئەم ژانرە پەل دەکوتێ بۆ زۆر بواری جیاواز و هێندە قووڵ دەبێتەوە رەنگە لە مەغزای باسەکەی خۆمان دوور بکەوینەوە و دەربچین و ئیدی لەم چوارچێوەیەدا پێکوتەمان بێ.

تێروانین بۆ زمان بەو پێیەی ئامرازێکی دەربڕینە یان فاکتەرێکی وێناکردنە و سادەکردنەوەیەکی رووکەشانەی ساویلکەییشە و سنووری وەڵامدانەوەی ئەرک و ماهییەتە دژوارە سەخت و تێکچڕژاوەکان دەبەزێنێ، زمان لە یەک کاتدا وێنای فیکر و ئامرازەکانە، هەر لە رێگەی زمانەوە بیر دەکەینەوە و بە هۆیەوە بەردەوام دەبین دەربڕیش دەبین.

لە رۆماندا زمان خۆی لە خۆیدا تێروانین و ئاسۆی بەرفراوانی کۆمەڵایەتییە، ئایدیۆلۆجیەتی ژمارەیەک کۆمەڵایەتیکردەنی و نوێنەرە بەرجەستەکراوەکانە، ئێمە لە زەردەماردا بە بەردەوامی ململانێمانە لە کێشمەکێش و بگرە و بەردەداین، بەردەوام لەسەر پشکۆ ئاگرێکی نائارامداین و هەست دەکەین دڵمان لە مشتماندایە و حەز دەکەین بەپەلە دەقەکە کۆتاییی پێ بگەیەنین بزانین بەرەنجام چی دەبێت، هەندێ کۆڵکە خوێندەواریش کە حەوسەڵەیان نامێنێ بەپەلە خۆیان بە دوا دوای ئەم نۆڤلێتەوە سەرقاڵ دەکەن بۆ گەیشتن بەئاکام، نایانەوێت بە قۆناغەکاندا تێپەڕن و زوو بەزوو بەئەنجام بگەن، ئەمەیش نیشانەی بوونی کێشمەکێش و ململانێی توندە لە نێوان دوو دوژمن (مرۆڤ و مار) لێرەدا دەتوانین بڵێین تەواوی نۆڤلێتەکە پێوەستە بەململانێ و کێشمەکێشەوە.

ئەم حاڵەتە وای کردووە کەسێتی یان (پاڵەوان)ی نۆڤلێتەکە بیرکردنەوە و ئەندێشەی هەمیشە

لای کوشتنی زەردەمار بێ، نووسیار لە بەرجەستەکردنی کەسێتی نۆڤلێتەکە و سەرقاڵکردنی بە پرسێکەوە وای کردووە لە ئارمانجی نووسینەکەی سەرکەوتوو بێ، پێمان وایە:

**کەسێتی + رووداو = ئەزموونی مرۆڤایەتیی خاوەن بەڵگە دیاریکراوەکان.**

بەم کارە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە نووسیار لە تەک پاڵەوان و رووداوەکە بەباشی ئاوێتە بووە و، باڵای کردووە، هاوکات هەست دەکرێت لە کێشمەکێشێکی دەروونیی بەردەوامدایە لە تەک خود و رووداو و خوێنەردا، کەواتە ئەم هەنگاوەشی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، ئێمە پێویستە ئەوەش بخەینە روو کە نووسینەوەی رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک بە زمانێکی گونجاو و شیاو زۆر زەحمەت و ئەستەمترە لە نووسینی شیعر و شانۆنامە.




کات لە زەردەماردا جێگەی مشتومڕێکی بەردەوامە و پێویستی بەخوێندنەوەی ورد هەیە، کە بۆ ئێرە رەنگە باسەکەمان زۆر دوور و درێژتر بکاتەوە، بۆیە جێی دێڵین بۆ قەڵەمێکی تر کە لەسەری بدوێ.

دەربرین و دەستەواژەکان و ئیدیۆم و ئیستاتیکای زمان و موفرەداتی حیوارەکان و رێکخستنی گێڕەرەوە، کە نووسیار بۆ خۆی پاڵەوانی نۆڤلێتەکەیە بەواتا گێڕەرەوەیە (الراوي) یە و پاڵەوانی زەردەمارە، زمانیشی زمانێکی پەخشانی و چەقبەستووە بە واتا شێوەزاری هەمەڕەنگی بەکار نەخستووە و هەمووی بەیەک ستایل نووسیوەتەوە، ئەمەش لە چیرۆک و نۆڤلێت و رۆماندا قابیلی قبوڵ نییە.

## زمانی نووسین لە زەردەمار

وەک ئاماژەمان پێ دا ئەمە یەکێکە لە بەرهەمە بەپێزەکانی چیرۆکنووس محەمەد سەعید زەنگنە، لێرەدا گەرەکمانە هەڵوەستەیەک لەسەر زمانی ئەم نۆڤلێتە بکەین، بەرایییەکەی بە زمانێکی ئەدەبی و پەخشان نووسینێکی جوان و پاراو داڕشتووە، لێرە و لەوێی نۆڤلێتەکە هەندێ وشە خزاونەتە ناو رستەکانەوە یان بۆ ئەو شوێنە ناشێن یانیش زمانی سیاسی و رۆژنامەوانییە، بۆ نموونە لە بەراییدا دبێژێ: " ئەو پاژەی ئێمە دەسەری ژیانمان دەگوزەراند، تاریکی بوونی خۆی سەلماند " تەماشا وشەی «سەلماند» هەست بەغەریببوونی خۆی دەکا لەم ناوەندەدا، چونکە رستەیەکی تەواو بەزمانی پەخشانی هاتووەتە گۆ و (سەلماند) لێرەدا وشەیەکی رەق و سیاسییانەیە، چاکتر بوو بنووسێ "تاریکی بوونی خۆی برانبووەوە یان تاریکی بوونی خۆی مەحکەم یان قایم یا یەکلا کردبووەوە یا تاریکی بوونی خۆی داهێنابوو"، لە لاپەڕە (٧)دا دەڵێ: "

ها له پێشم و وا له نێوان دەرگەی هەردووک وەتاغەکەدا، پێچ دەخوا و شەپۆل دەدا و چریسکەی دێت " چاتر له بریی وشەی «شەپۆل» وشەی «گوژمی» بەکار بردبا، شەپۆل بۆ دەریایە و گوژم له بریی تاوسەندنیش بەکار دەهێنرێت. له لاپەڕە (٩) دەڵێ: "ماڵی مامم هەروا سێ گوریسێک لێمانەوە دوور بوو، بۆیە وام بە چاک زانی بچمە ئەوێ. .. ئەوانیش له رووداوەکە وەئاگا بێنم، تا بە دەنگمەوە بێن و بە هاوکاری و هەماهەنگی هەردووکلا. ..... " بۆ ئەوەی ئەو زمانە جوانەی بەکاری هێناوە خەسڵەت و بنەماکەی هەروا بە جوانی بمابایە باشتر خۆی له زۆر وشە دوور بگرتبا، ئێمەش لێرەدا ئەوەی دەیخەینە روو مەبەستمان رەچاوکردنە له نووسینەکانی داهاتوویدا، بۆ ئێرەش باشتر بوو له بریی رستەی دووەم کە له لێرەدا هەیە بیگوتبا (بۆیە بە پەله خۆم گەیاندنێ و. ...) هەروەها له بریی وشەی «هەماهەنگی» «هەرەوەزی» بەکار بخستبا.

نووسین نەمازە له ژانرە ئەدەبییەکان بەگشتی ئەو دەقەی پێوەستبوونێک له نێوان خودی نووسیار و خوێنەردا دەخوڵقێنێ ئیدی ئەو خوێنەرە دەستەبژێر بێ یان کۆگیر بێ، ئەوانیش دەزانن چۆن دەخوێننەوە و سەرنجیان بەلای نووسینەکەدا رادەکێشرێ، هەریەکە لەم دوو جۆرە خوێنەرە سەرنجی جیاوازە، کەسی ئەدیب (چیرۆکنووس و رۆماننووس و نۆڤلێتنووس و شاعیر و .. تاد) و رەخنەگریش خوێندنەوەیان جیاوازە، رەخنەگر دەقەکان وردتر و قووڵتر شیتاڵ و شرۆڤە دەکا، بۆیە پێویستە هەموو ئەوانەی دەقی ئەدەبی بەرهەم دێنن، زۆر بە وردی بیر له لەدایکبوونی دەق و زمانی نووسینی دەقەکەی بکاتەوە و هەریەکە و شێوازی خۆی جیاوازە، مەبەستمان له کایەکانی ئەدەبە، کە هەریەکە و بەجۆرێک له جۆرەکانی نووسین هاوێر دەبێ، بیرکردنەوە له خستنە بەردەستی خوێنەر بیرێکی ئاقڵمەندانەی دەوێ و دوا بریاری بڵاوکردنەوەی دەقیش خۆی له خۆیدا بریارێکی بوێرانەیە، چونکە پاش بڵاوکردنەوە و کەوتنە بەردەستی خوێنەر ئیدی له موڵکی تاکی نووسیار دەردەچێت و دەبێتە موڵکی کۆی نەتەوە و گەل، له بەرامبەریشدا قەڵەمەکانی تر ئازاد و سەربەستن و بە چ دیدێک لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی بۆ دەکەن، "دەقیش روو ئەکاتە خوێنەرێکی نادیار، بە شێوەیەکی ناوەکییش ئاراستەی هەموو ئەوانەیە کە ئەزانن چۆن ئەخوێننەوە، ئەم گشتگیرییەش بۆ جەماوەر یەکێکە له بەرەنجامە سەرنج ڕاکێشەکانی نووسین، کە ئەتوانین بەوێنەیەکی پارادۆکس گوزارشتی لێ بکەین، لەبەرئەوەی ئێستە گوتار بەپاڵپشتێکی مادییەوە لکاوە، پڕتر ئەبێ له رۆح، بەو مانایەی کە رزگار ئەبێ له تەنگی هەڵوێستی زارەکی ڕووبەڕوو".

کەواتە خوێندنەوەی (زەردەمار) بەو ئاراستە ئەنجام دەدەین، کە له داهێنانی تردا برای نووسیارمان رەچاوی وردەکارییەکان بکا تاوەکو بەرهەمەکانی پڕ خوێنەرتر بێ، له لاپەڕە (١١)دا دەڵێ: "خەڵکی ئەو مەڵبەند و ناوانە هیلاک و. ..." پێمان باش بوو وا بایە: "خەڵکی ئەو دەشت و هەوارانە هیلاک و. ..."، جگە لەوەش نووسیار له پێشگری کردارەکاندا هێشتان خۆی ساغ نەکردووەتەوە جارێک بە (دە) و جارێکی دی بە (ئە) تۆماری کردووە و نووسینی خۆی ئەنجام

داوە، پێویستە خۆی لە نووسینەکانیدا ساغ بکاتەوە و یەک ڕێچکەی نووسینی هەبێت.

لە لاپەڕە (١٣)دا دەڵێ: "درۆم نەکردبێ. . !! کەڵبەیەک یان دووی مابوو. .." هەموو دەزانین کە وشەی (کەڵبە) ناشیرینە و تەنیا بۆ دوو دانی درێژی (سەگ و گورگ و پشیلە و شێر و پڵنگ و بەراز و.. تاد) بەکار دێ، چاکتر بوو بێژێ "دوو ددانێ، یان دووی ناوەندی مابوون" لە لاپەڕە (١٥) دەڵێ: "بینی پێوە ناو نۆشی کرد" باشتر وا بوو بڵێ "بینی پێوە نا و چۆڕبڕی کرد"، لە لاپەڕە (٣٠)دا دەڵێ: "مامەم بۆی سەلماند" باشتر بوو بڵێ "مامەم ئەشەدوویەکی بۆ پیا هێنا"، لە لاپەڕە (٣٤)دا دەڵێ: "ئەوەیشی بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت " لە بریی بە ئەنجام دەگەیەنێت بنووسرابا "مەیسەر کرد"، ئەگەر زمان مایەی ساغی و دروستبوونی گەیاندنی مەبەست بێ ئەوا لێرەدا مەبەست جوانکارییە لە دەقدا هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەیخەینە روو، تەماشا لەم دەربڕینەی دێتە پێشەوە نووسیار مەبەستی شتێکی ترە و کەچی خوێنەر پێچەوانە لێی حاڵی دەبێ، وەک ئەوەیە بۆ (شێخ رەزای دێلێژە بگەڕێتەوە کەچی لە راستیدا خۆی مەبەستێکی دی هەیە، کە لە لاپەڕە (٣٧)دا، دەڵێ: "هەناوت بەردابنەوە دەک شێخ رەزای دێلێژە هەناوت بەربێتەوە" لێرەدا خاڵبەندییەک زەرورەتە بکرێت و نەکراوە کە دەبێ لە نێوان "دێ لێژە و هەناوت" کە ئەوە نەبوو ئەو قسە بۆ شێخ رەزای دێلێژە دەگەڕێتەوە، کەواتە دەبێ بۆ راستکردنەوەی ئەم رستە بە ئەم جۆرە بنووسرابا، "هەناوت بردین سەبووح، بۆ خاتری شێخ رەزای دێلێژە هەناوت بەربێتەوە".

لە لاپەڕە (٣٩)دا دبێژێ: "پێدەچوو کە پەیمانی تا دوا هەناسەی بێ وچانی شەڕکردنی مارەکەی دابێت " ئەمە لە قسەی ڕێزمانی رەوان دەچێ و دوورە لە قسەی ئاسایی خەڵک بۆ نۆڤلێت و رۆمان زەحمەتە، چونکە زۆرجار وا پێویست دەکا نووسیار لەبەر زەرورەتی رستەیەک خۆی بگەیەنێتە ناو خەڵکانی پێوەست، بۆ نموونە کرێکارانی مەسعەد و خەباتە، گەرەکە نووسیار لێیان نزیک بێ موفرەداتی قسەکردنیان بزانێ یان ئەوانەی لە مەیانی باڵندەفرۆشان چۆن دەپەیڤن، یاخۆ فیتەر و پیشەکانی تر بە هەمان شێوە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا، بۆیە هەر جێگەیەک حیواری خۆی هەیە، بۆ نموونە کە دوو ئافرەت پێکەوە قسە دەکەن، کە یەکێکیان سوێند بۆ ئەوی تر دەخوا دەڵێ: "ژنەکە بەو قورئانەی بە زەیستانی لەژێر سەرتانەوە. ......" ئیدی ئەمانە حیوارن و پێویستە چیرۆکنووسان لێی ئاشنا بن، هەرچەندە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی چیرۆکنووس ئەوەیە کە پێویستە هەزار چیرۆکی خوێندبێتەوە، زۆر خوێندنەوەی چیرۆک زمانی چیرۆک و رۆمان و نۆڤلێتمان بۆ سانا دەکا، بەڕای ئێمە لە بریی "پەیمان و بەڵێن" بنووسرابا "تا بەلادا دێ کۆڵ نەدا و شەڕی خۆترێن بکا".

لە لاپەڕە (٤٠)دا دەڵێ: "جا دەڵێن کابرای سەیرکەر گوتوویە: ئەوەی لەم ململانێیە خوێناوییەشدا وە من بریا. ........ تا دەگاتە کۆتایی حیوارەکە "مادام ئەمە حیوارە و حیوارێکی گێڕانەوە و کۆنە پێویستی دەکرد وەک خۆی بنووسرابایەتەوە و زمانی سەردەمی تیا بەکار نەهێنرابایە، کە هەموو ئەو وشانەی لەم حیوارەدا هەن هەموو تازەباون گەرەک بوو نووسیار ئەوە

لە بەرچاو بگریێ، شتی تری هاوشێوە لەم نۆڤلێتەدا هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەم دانەیەمان وەک نموونە هێنایەوە و با خۆی و خوێنەر پێکەوە بە دووی بگەڕێن، زمانی ئەو حیوارە کۆنانە وەک خۆی بمابایەتەوە زۆر چاتر و ساغلەمتر بوو، دەکرا نووسیار بێژێ: "برا وەچل قورحان زوڵمێ فرەم لەو بزنمژۆکە کرد، گوناهە و وەگەردنم ئالاوە تا رۆژی قیامەت هەر پێوەی دەتلێمۆ نازانم خوا چۆن لەو گوناحەم خۆش دەویێ، خەم و خەفەتی ئەو بزنمژۆکە دایم عەزیەتم دەدا" یانی شتێکی هاوشێوەی ئەمەی بنووسیبا.

نامانەوێ لەوە زێتر بەناو موفرەداتەکانی ئەم نۆڤلێتەی محەمەد سەعید زەنگنەدا بچین و بۆ خۆی ئەگەر وردتر بیخوێنیتەوە ئەوا رەنگە لە رووی داڕشتنی وشەسازییەوە هەڵەی زۆری لێ بگریێ و لە چاپەکانی داهاتووی ئەگەر کرا راستیان بکاتەوە، هەرچەندە ئێمە داوای لێ دەکەین داهێنانی تر بکا و لەناو زەردەماردا پەنگ نەخواتەوە و هەموو کات لەسەر وێردی نەبێت چونکە هێز و توانای نۆڤلێتەکەی دادەگرێت، چاوەنواڕی شاکاری لێ دەکەین و بەئومێدی خەرمانێک کاری ئەدەبین لێی، چاوەکانی خۆش بن و پەنجەکانی نەڕزێ و بیری ساغلەم و دروست بێ، دڵنیاشین ئەو داهێنانەی ئەو نەبا ئەم نووسینەی ئێمەش نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا داواکارین لە کەموکوڕیمان بمانبەخشن و خوێنەر بۆ خۆشی قسەی هەبێت.

پەراوێز:

* کۆگیر: لە جیاتیی جەماوەر و گشتگیر بەکارم هێناوە لێرەدا مەبەستم خەڵکی (عەوام)ە.

سەرچاوە:


* نۆڤلێتی زەردەمار، نووسینی: محەمەد سەعید زەنگنە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک بە ژمارە (٧٢)،ساڵی ٢٠٠٦.

* ئاخاوتن و نووسین، پۆل ریکۆر، و: ئەحمەد رەزا، کۆواری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٤٩، ساڵی ٢٠٠٨.

* اللغة في الرواية، مستوياتها و وظائفها، نذير جعفر / سوريا، منتديات القصة العربية.

وتار

مەحموود عومەر حەمە

# مەنسووری یاقووتی نووسەری کوردی، کوردی نەنووس




نووسەری بەناوبانگی ئێرانی مەنسووری یاقووتی، بە رەگەز کورد و کوردی نەنووس، نووسەری خەرمانێک لە رۆمان و چیرۆک و کورتەچیرۆک و شیعر و بابەتی فەرهەنگی و کولتووری و مێژووییە.

دوور لە ئایدۆلۆجیا و جیهانبینی ئەو مامۆستا پایە بەرزە پەیڕەوی رێبازی ریالیزمە و ٢٦ کتێبی چاپکراوی هەیە و ١٢ کتێبیشی ئامادەن بۆ چاپ.

جگە لە (پاجوش) دوو کتێبی تری وەرگێڕراونە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەشبەحاڵی خۆم زۆر سەرسامم بە نووسینەکانی، دوای ئەوەی چیرۆکی (پاجوش)م خوێندەوە و کاری تێ کردم، دەستم کرد بە کورداندنی چیرۆکەکە و بە نیازم وەک خۆی لە دوو توێی کتێبێکدا بە چاپی بگەیەنم. لێرەوە ویستم وە دوای ژیاننامە و ناسین و ناساندنی مەنسووری یاقووتی بکەوم و بە ئەوانەی بناسێنم کە نایناسن، ئەوە بوو لەو ماوەیەدا داوام لە هاوڕێیەکی رۆژهەڵاتیم کرد، کە رۆمانێکی ئەو نووسەرەم بۆ بنێرێ، ئەو هاوڕێیەم گوتی: خۆم هەرگیز ئەو ناوەم نەبیستوە و چوومە تەواوی کتێبخانەکانی شارۆچکەکەشمان کتێبی ئەو نووسەرەمان دەست نەکەوت و تەنانەت نەشیاندەزانی کە کوردە.

من وای بۆ دەچم پەراوێزخستنی، یا راستتر بڵێم خۆپەراوێزخستنی ئەو کەڵەنووسەرە بە رەگەز کوردە بۆ بیروبڕوا دژە ناسیۆنالیستییەکەی بگەڕێتەوە. خۆی لە کورتە وتارێکدا نووسیویەتی "هاوکات کە سەرگەرمی نووسینی ئەم چەند دێرە بووم، ئیمەیلێکم لە لایەن کوردێکی خۆشەویستەوە پێ گەیشت، کە لەوێدا باسی لە زمانی بێگانە واتا (فارسی) کردبوو داوای لێ کردبووم لە جیاتیی فارسی بە زمانی کوردی بنووسم. زمانی رەوانی فارسی کە لە کۆندا وەک هەنگوین و شەکر کڕیاری هەبووە و تا هیندستان و چین و ئەرمینیا و عەرەبستان و بەشێک لە رووسیا، گەورە شاعیر و نووسەران پێیان نووسیوە و بیروتێزەکانی خۆیانیان لە تخوبی فەلسەفە و حیکمەت و پەروەردە و رەوشت و هزر پێ دەربڕیوە، لە روانگەی هەندێ کەسەوە کە بەهەڵە زمان بە سەرچاوەی کێشە و نەهامەتییەکانیان دەزانن.

ئەو بۆچوونانە بەرەنجامی نەداری تیۆری و کەمیی ئاگاییی سیاسییە، کێشەکانی خەڵکی کوردستانیش لە کێشەکانی خەڵکانی دنیا جیاواز نین، هەژاری و نەداری، ستەم و چەوساندنەوەی ژنان و چەوساندنەوەی گەل و نەتەوەکان، دواکەوتوویی گەلێک رەگ و ریشەی لە جیهانی سەرمایەداریدا داکوتاوە نەک لە زمانی فارسیدا. ئەمە سەر لە خۆشێواندنە و ............" تا ئێرە بەسە، کە کەڵەنووسەرێکی مەزنی فارسی بە رەگەز کورد لە رووی ئایدۆلۆجیاوە بناسین.

مەنسووری یاقووتی، بە پێنووسی خۆی:

زیاتر لە نیو سەدەیە لە شاری کرماشان نیشتەجێم و هەر چیم هەیە و تایبەت بە منە لە چاوی ئەو شارەی دەزانم، ژیانی فەرهەنگی و هونەریم لێرە دەستی پێ کرد و، لە رۆژانی منداڵیم لەو شارەدا بیرەوەریی شیرینم لان، لە ناسنامەکەمدا شوێنی لەدایکبوونم گوندی (کێوە نان)ە لە پارێزگای کرماشان نووسراوە و، مێژووی لەدایکبوونم رۆژی ٥ی رەشەمەی ١٣٢٧ (١٩٤٨)ە.

هەندێ لە بیرەوەرییەکانی رۆژانی سەردەمی منداڵیم لە کتێبی (منداڵی من) تۆمار کراون، تەمەنم نزیکەی ٧ ساڵان بوو، کە لەگەڵ خێزانەکەمدا کۆچمان کرد بۆ شار و لە گەڕەکی (پشت بەدەنە) نیشتەجێ بووین، ئەو سەردەمە کرماشان شارێکی بچکۆڵە و جوان بوو وەک ئەمڕۆ سیما



و دیمەنی نەشێوێنرابوو، خوێندنم لە قوتابخانەکانی داریوش و کەزازی تەواو کرد و، ئەو مامۆستایانەی کاریگەری زۆریان لەسەرم هەبووە دەتوانم ناوی (عەباس سەرمەدی مامۆستای فەلسەفە و ئەسغەری واقیدی کرمانشاهی و بەڕێز سادقی و ئەمیری کامکار)، ببەم.

ماوەی ١١ ساڵ مامۆستا بووم، لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٧٩ بەبێ هیچ هۆ و بیانوویەک لەسەر کارەکەم دەرکرام، لەو کاتەوە بەبێ ویستی خۆم و بەناچاری ملم دەبەر کرێکاری ناوە و تاکو ئەمڕۆش هەروا بەردەوامم، دایکم بەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە لە منداڵیدا بۆی دەگێڕامەوە کاریگەری لەسەر فراوانبوونی تێگەیشتنم لە چیرۆک دانا و دوای ئەویش (شانامە خوێن) کە لە گوندەکەمان بە ئاوازێکی خۆش شانامەی دەخوێندەوە.

خوێندنەوەی چیرۆکم لە سەردەمی منداڵییەوە دەست پێ کرد لە ماوەی یەک ساڵدا تەواوی کتێبەکانی کتێبخانەیەک، کە شەوی بە یەک ریال وەرم دەگرتن خوێندمنەوە و، لە قوتابخانەش ساقیت بووم.

له سەردەمی گەنجێتیدا دەستم بە چیرۆک نووسین کرد و یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکم بەناوی (برین)ەوە بوو، کە لە ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی (شبگیر) لەژێر چاودێریی خوا لێخۆشبوو (وەلی محەمەدی) بڵاو کرایەوە، تا ئێستە زیاتر لە (٢٠) کتێبم لە بوارەکانی کورتە چیرۆک، رۆمان، رەخنەی ئەدەبی، فۆلکلۆر، لێکۆڵینەوە بڵاو کردووەتەوە و نزیکەی ١٠ رۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی بڵاونەکراوەم هەنە.

سەدان وتار، هۆنراوە، کورتە چیرۆکم لە بڵاوکراوەی جیا جیادا بڵاو کردوونەتەوە .

یەکەمین کورتە چیرۆکم بەناوی (ماشاڵڵا خان) لە لاپەڕەی ئەدەبی و کۆواری تارانی وێنەییدا بڵاو کراوەتەوە . ئەو لاپەڕەیە بە ناوی دەروازەوە بوو لە لایەن حسنی شهرزاد بڵاو دەبووەوە . نزیکەی ١٠ کتێبی بڵاونەکراوەم هەنە......

ژیانی سیاسیی من بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی ئێران زۆر زوو دەستی پێ کرد، هێشتا قوتابیی ناوەندیی کەزازی بووم، کە دەسگیر کرام، خەریکی تاقیکردنەوەی فەلسەفە بووم کاتێک لەلایەن ساواک و دادگەی سەربازی یەک ساڵ دەرنەچوون و گەڕانەوەم لە خوێندن ١٣٤٦ (١٩٦٧) لە ساڵی ١٣٥٦ دەسگیر کرامەوە، خرامە زیندانی (شهربانی کرماشان و دوایی کۆمیتەی هاوبەش دژە خراپەکاری، بەهاتنە سەر کاری حکوومەتی (بەختیار) کە دەرگەی زیندانەکان کرایەوە، ئازاد کرام . لە رۆژی شەشەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٣ (١٩٨٤) بۆ چەندەمین جار لە تاران دەسگیر کرامەوە و، رەوانەی زیندانی دیزل ئابادی کرماشان کرام، بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە زیندانە جیا جیاکاندا ژیانم بەڕێ کرد .

پێش ئەمەش واتە لە پووشپەڕی ١٣٦٠ (١٩٨٠) بەدواوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ ژیانی ژێرزەوینیی خۆشاردنەوەم بەڕێ کرد و لە کارگەکانی تاران وەک کرێکار کارم دەکرد. تاکە تاوانیشم خۆشەویستی نیشتمانی خۆم و باوەڕی پتەوم بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و داهاتەکانی ئەو وڵاتە بەپێی لێوەشاوەیی و توانا بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت، بوو.

تێبینی: بەشێک لەو زانیارییانە لە ویکی پیدیا و بەشێکی تریان لە پەیجی تایبەتی مەنسووری یاقووتی، بەشێک لە وتاری (ایران گهواره فرهنگ و تاریخ و تمدن) ٢٧ی شهریور١٣٨٦، نووسینی: یاقوتی، وەرگیراون.

وتار

سویدا

# زمانی شیعری فروغ

له فارسییەوە : رزگار جەباری




فروغ خودان دوو سەردەمی جیاوازی شیعرییە

سەردەمی یەکەم رۆمانتیک و هەڵچوونی سۆزداری. بە سێ کتێبی (دیل)، (یاخی) و (دیوار) کە پتر لە دوو کتێبەکەی دواتری خوێنەری هەیە.

سەردەمی دووەم کە تەنیا شەش یان حەوت ساڵی تەمەنی دەگرێتەوە، بە دوو کتێبی

(لەدایکبوونی دیکە) و (باوەڕ بێنین بەدەستپێکی وەرزی سارد).

تایبەتمەندییە زمانییەکان لە شیعری فروغدا:

زمانی فروغ زۆر سادە و نزیکە لە پەخشان. نزیکترین زمانە لە زمانی ئاخاوتنەوە. ئەم سادەییە هەم لە هەڵبژاردنی وشە و هەم لە رستە بەندییە شیعرییەکان و هەم لە بەکاربردنی هەڵبەستدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو بە شێوازی (نیمایی) شیعر دەهۆنێتەوە، واتە شیعرەکەی کێشەدارە، بەڵام هێندە لە زمانی ئاسایی فارسییەوە نزیکە کە تا رادەیەک تێیدا هەست بە کێش ناکەین.

هەموو بوونی من ئاوێنەیەکی تاریکە
کە تۆ لە خۆدا دووبارە دەکاتەوە
بەرەبەیانی شەفەق....

تەواو کێشدارە بەڵام سروشتی پەیڤی فروغ دەبێتە هۆکار، کە ئێمە لە پەخشانی نزیک بکەینەوە و کێش لەنێو دەچێت. لە شیعری ئەودا ئەدەبییەت واتە پێکهاتەگەلی زۆر تازە، کەمتر بەرچاو دەکەوێت. دێر لە شیعری ئەودا زۆر سادەیە. ئەو شتەی شیعری فروغ ئاڵۆز دەکات پێگەی ئەوە.

ژیان رەنگە شەقامێکی درێژ بێت
کە هەموو رۆژێک
ژنێک بە سەبەتەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت...

زۆربەی دێرەکانی (لەدایکبوونی دیکە) هەر بەم چەشنەن، بەڵام دواجار ئێمە سەروکارمان لەگەڵ شیعرێکی سادە نییە. شیعرێکە دەبێت هەڵی دەینەوە.

شاعیرێتیی فروغ زیاتر لە تێڕوانینیدایە نەک لەو وشانەی هەڵی دەبژێرێت. بڕێک لە نەریتە زمانییەکانی ئەو خۆبەخۆ لای ئەو بووەتە خوی شیعری. یەکێک لە خوەکانی ئەوە بوو کە کاتێک زۆر هەڵدەچوو یان جەختی لەسەر بابەتێک بکردایەتەوە ئەو گوزارشتەی سێ جار دووبارە دەکردەوە.

دەستەکانم لە باخچەکەدا دەچێنم
دەڕوێن
دەزانم دەزانم دەزانم

ئەو دەڵێت: شاعیری باش ئەو شاعیرەیە هەمیشە شاعیرە، نەک ئەو دەمانەی پێنووس دەگرێت بەدەستەوە.

زاری سروشتی فروغ له شیعرەکانیدا جێگیر دەبێت، که هەندێ جار له رووی ئەدەبییەوه زۆر بەهادار نییه.

له لەدایکبوونی دیکه:

کۆڵانێک هەیه تیایدا

ئەو کوڕانەی عاشق به من بوون....

ئەمه ئاخاوتنی سروشتی فارسی نییه.

شیعری باڵندەشیانی مردنه دڵم تەنگه (چەند ناوی هەیه)

دوا شیعری کۆمەڵەی (باوەڕ بێنین بەدەستپێکی وەرزی سارد) شیعرێکی ئاڵۆز نییه و موئەلیفەکانی شیعری فروغی هەیه. ئەو شەوەی که لەنێو ئەم شیعره و تێکڕای شیعری فروغدا هەیه زۆر جیاوازه لەگەڵ ئەو شەو به شەوانەی که له شیعرەکانی ئەخەوان و نیمادا هەن. فروغ تێڕوانینێکی مرۆڤانەی هەیه، دوور له ئاین و سیاسەت. ئەو تەنیایی، یاسەمین و دەرگیریی تایبەتی خۆی هەیه. شەو له شیعری ئەودا هاوکاته لەگەڵ خەم و یاسەمین. تەنیاییه تاریکەکانی ژیانی خێزانی و تەنیاییەکانی دوای جیابوونەوەکەی. ئێمه له هیچ جێگەیەکی شیعری ئەودا تووشی ڕاڕایی نابین که هەڵێنجانی سیاسیمان هەبێت بۆ وشەی شەو.

من لەوسەری شەوەوە دەدوێم و

لەوسەری تاریکی...

خەم و یاسەمین کۆمەڵه تێگەیشتنێکن که شەوی شیعرەکانی دەخەنه ڕوو. فروغ شەوێک وەسف دەکات که ئێمه پێی ئاشناین، شەوی تەنیایی!

فروغ لەو شیعرەی که دیارییه بۆ کەسێک که ڕەنگه بۆ لای بێت، ڕادەسپێرێ:

ئەگەر بۆ ماڵەکەی من هاتی

بۆ من ئەی میهرەبان

چرا بێنه و دەرچەیەک...

چرا و دەرچەیەکی دەوێت، تاکو له تاریکی و تەنیایی دەربازی بێت. له شیعری (باڵندەشیانی مردنه) هەر ئەم ڕووداوه دەقەومێ. ئەو له شەوێکی تاریکدا بۆ کلاوڕۆژنەیەک دەگەڕێ.

هۆشەنگ ئبتیهاج:

ئیتر ئەو پەنجەرەیه والا بکه

که من به شەکەت هاتووم

لەم شەوه تەنگەدا

فروغ:




دەچمە هەیوان

دەستەکانم بە پۆشتەی شەودا دەکێشم

ئەو بەدوای کڵاورۆژنەدا دەگەڕێ. ئەگەر بیدۆزێتەوە دەیبات بۆ جێگەیەک، بەڵام وەک بڵێی هیچ کڵاورۆژنەیەک لە ئارادا نییە.

چراکانی پێوەندی تاریکن

نیما لە مانگەشەودا:

دەستەکان دەساوم تاکو دەرگەیەک بدۆزمەوە

بە بێهودەییدا دەیپرژێنم

بۆ فروغیش دەرگەیەک نەکرایەوە. پێوەندی بەچرا لێک چوێندراوە، بەڵام لێکچواندنێکی سادە و

ئاسایی.

بۆ فـروغی تەنیـا و نـائومـێـد لەنـاو چوار دیواری شــەوی تاریکدا پـێـوەنـدی چرایە. کـردنەوەی کڵاورۆژنەیەک بۆ دەرەوە و تـەنیـانەبوون و رۆنانی پێـوەندی لەگەڵ جیـهـانـی دەرەوە دەربازبوونە لە تاریکی.

فروغ ئارەزووی ئەوەی لـە دڵدایە کـە پێوەنـدیی لەگەڵ مـرۆڤگەلـی سـادە و بەخـتـەوەر هـەبێت، کـە بەبیانووگەلی سادە هەست بە بەختەوەری دەکەن.

کەس من بە خۆرەتاو ناناسێنێت

کەس من بۆ میوانی پاسارییەکان نابات

مەبەسـتی جریوەی پڕ هات و هەرای پاسارییەکان برێتییە لە دەمـەوبەیان. میوانی پاسارییەکان بەیانییـە، کـە فروغ بەدوایدا دەگەڕێت و لـەنێو ناخـی ئەو شـەوەوە رێگەیەکی بۆ نادۆزێتـەوە. چونکە پۆشتەی شـەو هیچ کڵاورۆژنەیەکی لە خۆیدا هەڵنەگرتووە و ناتوانرێ لێوەی بگەیتە بەیانی.

(نیـمـا) کـاتێک دەرگـەیەک ناکرێتـەوە دار و دیـوار بەســەریدا نـاڕووخـێت. مـرۆڤـێـکی خـودان ئیرادەبوو و بە گوزارشـتی ئەخـەوان پیـاوی ناوپیـاوان! و هـەر وا لێ دەدات. هەمـوو لە خـەودا بوون بەڵام نیما تا کۆتاییی شیعرەکە هەروا لێ دەدات.

دۆش داماو پێی گەمژە لە رێگەیەکی دوور و درێژ...

کۆڵەبارەکەی بەشاندا...

بەڵام فروغ توانـای دەرگە لێدانی نییە. کـاتێ هیچ کڵاورۆژنەیەک پەیدا نابێت، کاتێ تاریکییەکی رەها بوونی دەگرێتەوە، هەموو ئومێدی ئەوەیە کە لەم تاریکییەوە چی خەڵق دەبێت:

من لەنێو ئەم ئایەتەدا هاواری تۆم کرد...

تۆم بە دار و ئاو و ئاگر بەستەوە...

من سـەراپا حەسـرەت بووم، بەڵام تۆم بە دار و ئاو و ئاگر گەیاند. واتا سێ سیـمبـولی ژیان. من تاریکم و لەم ئـایەتە تاریکییـەوە تـۆ بەرووناکی دەگەیت و لەسـەر رایەخی ئەم تاریکییـەدا پشکوتن لەدایک دەبێت. وەک بڵـێی رووناکی لەودیوی تاریکیدایە نەک لـەناو ناخی تاریکی و نەفسـی تاریکی رووناکیی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

هەڵفڕین لە بیر بکە

باڵندە شیانی مردنە!

بە مـردنی باڵندە، فـڕین نـامـرێ و تێگەیشــتنی باڵای فـڕین نەمــرانەیە. تـەنانەت ئەگــەر نما و پاسـادانە عەینییەکەی نەیەتە بەرچاو. ئەو شـەوەی کە هیچ ئاماژەیەکی بۆ بەیانی نییـە. بەو واتایە نییە کە لە بنچینەوە بەیانییەک لە ئارادا نییە.

مرۆڤی خودان ئازار لە نێوانی هێرشی تاریکی، ڕووناکیبوونیان، پتی لە هەست و هونەر و هزریان بەرز دەکەنەوە و دەبنە ئەستێرە.

شاملو لە شیعری نازلی لەبارەی واتانەوە دەڵێت:

ئەو ئەستێرەیەک بوو.

سەرتاسەری ئەم جیهانە تاریکی گرتووەتەوە و بڕیار نییە بەو زووانە ڕووناک بێتەوە؟ تۆ ناتوانیت پڕیشکێک بیت. واتە کیژانی نینۆکێک بە ڕووخساری تاریکیدا، تاکو تاریکی لەو باوەڕەدا نەبێت کە بەهێز و تۆکمەیە.

هەڵفڕین وەک تێگەیشتنێکی خەون ئاسا بۆ مرۆڤ بە شێوەی سیمبولی واتاگەلی ئاڵۆزی لەگەڵدایە. من مەسداقی مرۆڤم. بە لەناوچوونی من مرۆڤایەتی لەنێو دەچێت. هەندێ جار دەبێت خۆمان بەخت بکەین. وەنەوشە گوڵێکە کە دوا دواییەکانی زمستان دەڕوێت، تاکو بڵێت زمستان تەواو بوو. بەڵام خۆی ئاسایی بەهار ئەزموون ناکات.

وارتان وەنەوشە بوو

گوڵی بەخشی و بەڵێنی دا

کە زمستان تێک شکا و ڕۆشت.

ئەگەر باڵندە گرینگ بێت بە مردنی ئەو هەموو شتێک تەواو دەبێت لە کاتێکدا هەڵفڕین هەمیشە هەرمانە.

سۆهراب لە فروغەوە وەردەگرێت:

مردن کۆتاییی کۆتر نییە

زمانی سۆهراب جیاوازە، بەڵام دوا تێگەیشتن هەر ئەوەیە. فروغ مۆدێرنترینی مەسدەقەکانیش وەلاوە دەنێت، بەڵام سۆهراب بەهەمان موئەلیفە باوە کۆنەکانەوە، عیرفانیتر دەڕوانێت.

شاعیر ڕاستەوخۆ دوو ڕستەی شیک و سەربەخۆ لە شەوەوە دێنێتەوە.

هەڵفڕین لە بیر بکە

باڵندە شیانی مردنە!

ئەم دوو ڕستەیە لەگەڵ بەشەکانی پێشوو ڕەنگە گونجانێکی وێنەییی نەبێت، بەڵام هەڵێنجانی شاعیرە بۆ بەشەکانی پێشوو. خۆی بە باڵندەیەکی مردوو دەزانێت کە ئارەزوومەندی ڕووناکییە و ئەم یاسەمینە بەگوزارشتی (هەڵفرین لە بیر بکە) قەرەبوو دەکاتەوە.

ناساندن

عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

# جیت تایل

لە ساڵی ١٩٥٩ لە کیرالای هیندی لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە دوورگەی هۆنکۆنگ تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێجی ویلسۆن لە بۆمبەی بەدەست هێناوە. هۆنراوەکانی لە چەندین گۆوار و پاشکۆنامەدا بڵاو کراونەتەوە وەک "لەندەن مەگەزین، فێرست، ئەجێندا، ستاند، ئیندی بێندێنت، بویتری ریفیۆ، کافایا باراتی، ریڤیۆ ئەندریالۆتۆ.




ژمارەیەک لە هۆنراوەکانی جیت لە کۆمەڵە شیعری "جمکانە، بەشی(١)*" بە بەشداریکردن لەگەڵ فیجایا نامبیسان ساڵی ١٩٩٢ بڵاو کرانەوە. یەکەم کۆمەڵە شیعری تەواوی ساڵی ١٩٩٧ بەناونیشانی "پەیامبەرایەتی" بڵاو کراونەتەوە. دوا دیوانی کە ئامادەیە بۆ چاپ پرۆسەیەکی شیعری نوێیە بەناونیشانی "ئینگلیزی".

هاوبار ئەم شاعیرە سەرپەرشتیی

لە چاپدانی دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆکی کردووە بە ناوەکانی چیرۆکی هیندی نوێ، ١٩٩٦ و حەوت کورتە چیرۆک ١٩٩٧. ناوبراو لە بواری ڕۆژنامەوانیدا زۆر چالاک بووە، لە چەندین ڕۆژنامەی وەک: ئاسیا دیک، سۆت تو چاینە، مۆرننگ پۆست، ئیند ئەبروود، کاری کردووە و، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ ــ ١٩٩٨ لە مۆمبەی نووسەری بەشی ئەدەبی کۆواری جێنتلمان بووە، هەروەها وەک بەهرەمەندێک کاری موزیکی بەڕێوە دەبات و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی بانگلووری موزیکی بەناوی زە کرۆنیک بلوزباند. ماستەرنامەی لە شیعر و نووسینی داهێنەرانەدا لە زانکۆی سارا لۆرانسی نیویۆرک بەدەست هێناوە، ئێستە لە نیویۆرک گوزەران دەکات و سەرقاڵی کاری ئەدەبی و نووسینەوەی شیعرە.

.................................

* جمکانە: مەبەست لێرە جمکانەی کەڵوە ئاسمانییەکانە، کە بە زمانی عەرەبی (برج الجوزا). وەرگێڕ

تێبینی: زەبییە خەمیسی وەرگێڕی ئەم نامیلکەیە، ساڵی ١٩٨٨ لە نزیکەوە جیت تایلی ناسیوە و هۆنراوەکانی ناو دیوانەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە ئەمانەن:

هاوڕێ شاعیرەکانم

بارەکان و قاوەخانەکان و زیندانەکان١٩٩٢

لە باخچەی ئاژەڵانی کابوڵدا شێرێک هەیە.

## بۆ دینیس جۆهانسۆن*

ئەوەیە نیگەرانی
پشکنەرانی جێ هەنگاوەکان
بەسەر قەڵەمەکانەوە کڵپە دەکەن
گوللە قورقوشمینە ئەستوورەکان
بەرزترین شریخەی دەنگ
بۆ ئەو ئاژەڵانەی.. ژیانمان بۆ جێ دەهێڵن.
فیلە بێوەژنەکە بەچاوێکی خەماوییەوە
پارچە تۆپەکانی بینی
دڵی لە ناکاو تەقییەوە و
لە چەند بازنەیەکی بەرتەسکدا
زریکەی لێ بەرز بووەوە،
پارچە تۆپێکی تیژ
متەقی لێ بڕی و .. لە پڕێکدا بەربووەوە
یەکەمین کەس بوو کە بەربووەوە،




هەموو شتەکان گریان گرت
پڵنگەکە ئاگرەکەی سەر شانی خۆی ڕاتەکاند
ئاژەڵە بەندکراوەکان هەوڵیان دەدا
لە کلکە سووتاوەکانی خۆیانەوە هەڵبێن.
بوونەوەرە سیبیرییە ناسکەکان
تووتییەکان و کوندەپەپووەکان
قازی فلامینکۆ،
باڵەکانی بە هێڵە ئاگرینەکاندا بێهوودە دەکێشا.
زیندەوەرەکانی لاما هەر بە تەنها،
زۆر بەسەرسامی وەستان
لەم سەرشێتییەدا .. تا هەتایە کەودەن بوون.
کێشایان بەسەر سکی بەتاڵی خۆیاندا.
هەردوو چاوی داتەقیبوو،
شێرەکەم بە لاجانگێکی شەپرێوەوە
شیوەنی بەسەر تەرمێکی
بێ تواناادا دەگێڕا..
دەبێ هەر لێرە بم..
من چاوەڕوانی ئەو پیاوانەم
کە لە سفری تەکوینەوە
بەرەو ئێرە ...

بەرەو من دێن.

.........................................................................

* دینیس جوهانسۆن: وەرگێڕێکی بەریتانییە ساڵی ١٩٢٢ لە کەنەدا لەدایک بووە، سەردەمی منالّیی لە قاهیرەی میسر و لە سودان بەسەربردووە، لە تافی منالّیدا دەستی بە خوێندنەوەی عەرەبی کردووە و پاشان لە زانکۆی کامبرج خوێندنی عەرەبیی تەواو کردووە. لە زمانی عەرەبییەوە زیاتر لە (٣٠) بەرگە کتێبی گەورەی وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی. کە زۆربەیان ڕۆمانن. هەریەک لە (نەجیب مەحفوز و ئیدوارد سەعید) بە پێشەوای وەرگێڕانی عەرەبی بۆ ئینگلیزی ناوزەد کردووە.

**بارانەکانی مۆنسۆن***

زبانی هێلکە شەیتانۆکە،
داری مانگرۆڤ،
هەناسە تاڵەکانی ڕووبارێکی خاو،
هەوای شێداری بارگاوی بە بۆنی خاک،
لە چاوەڕوانیدا سەرشێت بوو،
ئێستە ئامادەیە لە بەرزاییدا خۆی ڕاتەکێنێت و
نقومی تینوێتیی خۆڵی زەمینە وشکەکان بێت،
ئامادەیە هەناسەیەکی ئەم وەرزە هەڵمژێت،
هەر بۆیە ئەرکی هەموو ئەوانەیە
کە بەسەر زەویدا دەڕۆن.. لەنگەر بگرن و
نوێژ و سوپاسگوزاری و قوربانییەکانی پێشکەش بکەن.
لەودیوی ئاسوودەیی زەوییەکانی کیرالادا
دەڕوانێتە ئەو هێمنییەی
کە دەکەوێتە پێش گڤە و لرفەی کاولکاری گەرداو.
لەو فڕۆکەخانە بچووکەدا شتێک هەیە
شەپۆڵەکانی ڕووبار بجووڵێنێتەوە
کە سوورە لەسەر ئەوەی چۆنی دەوێت
دەبێت هەر وا بێت ..
مێژووەکەی،
ئەو نووستوانە دەیجووڵێننەوە کە
لەسەر باسکی بازنەییدا بەسەر یەکتریدا بەردەبنەوە.

پاشان بارانی راستەقینە دادەکات
هێزێکی هەرەمەکی دێت و
بە پاڵپشتیی دابارینی شەستەباران
زریانێکی بە تەوژم.. عەرشی بەرسیلەکان و
شورای باخچەکان دەرووخێنێ
دارمێوەکان .. هەڵدەکێشێ
خۆی دەکێشێ بە هەناوی دارخورما ساواکاندا
دارلیمۆکان لە بێخەوە هەڵدەکەنێ
شاباڵی دارئەناناسەکان پێشێل دەکات،
پاشان رووخساری جیهان
لە لرفە و هاژەی ئاو نقووم دەکات
بە ئیقاعی دەریاکان شێتگیر دەبێت و
لە رێی دەمەکانەوە زۆر بەشێتگیری
ئەشکەنجەیەکی بەردەوام
بەسەر زەوییە سەوزەکاندا دەنیشێتەوە
بەسەر رووبارەکاندا
بەسەر بای هەڵنەکردوو دەنیشێتەوە.
کونەمارەکان تژی دەبن لە ئاو..
مەیموون و فرندەکان لاڵ دەبن.
ترس گوربەکان شێت دەکات
گاگەلەکان کۆ دەبنەوە.
ئەو خانووانەی کە ئاوێکی زۆر
بەنیگەرانی رووی تێ کردوون
رێگەیەک هەر بە ئاوەرۆچوون و
سیستمێکی تر دەبیننەوە.
ئاو لە رێی گۆشتەوە ئاو دەخولقێنێت
شێتی تەواوی ئاو .. یان ئاو،
بوونەوەرە ئاوییەکان لە ئاوەوە
لە رێی ئەم رەچەڵەکەوە..
لەدایک دەبن.

........................................

* بارانەکانی مۆنسۆن: ئەو بارانە بە تەوژمەی وڵاتی هیند و ناوچەی خوارووی کیشوەری ئاسیا دەگرێتەوە کە لافاوی لێ هەڵدەستێت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاو بۆ ٢م و کارەساتی گەورە و، زیانی مادی و گیانی و قوربانیی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

**تەرمەکەی داپیرەم**

کام چیرۆک و سەرگوزشتەیە،
تۆ لە جیهانە داخراوەکەتدا هەر دەیزانیت،
چیرۆکی هێمن و بەکاوەخۆ،
ئەو داخراوییانەی بەسەر ئێسکەکانتا پێچراو بوونەتەوە،
سەروقژ، نینۆکی پەنجەکان، خشڵە کۆنەکانت،
کە لە دەست و بازووت هەڵکێشران.
ڕۆشنایی لە کەنارەکاندا ئاوا دەبێت و
لە گۆشەیەکی ئەم کڵێسا تاریکەدا
نە تا سەر دەبێت و نە دەبینرێت.
ئەو ڕۆشناییەی لە باشووری
سەوزاییە قووڵەکانەوە سپی دەچێتەوە.
ئەم تابوورە گەورەیە بەکزی و
دەست لەسەر سنگ ڕادەوەستن،
کراسە سپییەکان و جلە هەڵواسراوەکانمان
لێ دەسێننەوە.
سروودی سەر بە ئیقاعە دێرینەکانمان خوێندەوە،
تەڵسەم و تەرنیمەکانمان بە زمانێک دەوت
کە بیرمان دێتەوە و کەسمان واتاکەی نازانین.
ئەو وشانەی مەحاڵە شی بکرێنەوە.
"پاراشیمۆ، دیافام، شودام، سۆلمۆ"،
ئێوارە ناولەپە لەرزۆکەکانی
پاتریرک گرژ دەکاتەوە.
دووکەڵیش لەم ژوورە بەسەنگەدا
لە دەستێکەوە بۆ دەستێک

له کۆتاییەکەوە بۆ کۆتاییەک دەگوازرێتەوە.
مەسیحییە سوورییەکان
کە یەکەمینی هەڵگری بیروباوەڕن،
بە لێکدانەوەیەکی ئاگرین
چاوەنواڕی رزگارکەرەکەتن لە مەسیحییەتدا..
دایک.. دڵە کراوەکەی لە رۆژمێرەکەدایە.
دوو نوێنی تاک بە تاک لە هۆڵەکەدان،
بەوەی تۆ و هاوسەرەکەت
ژیانی پیرۆزی هاوسەرگیریتان بەسەربرد.
لە دوو مەکری پێکەوە نووساودا هاوسەرگیریتان کرد.
منداڵەکانتان لەسەر چاکەخوازی پەروەردە کرد،
"میتا"ی بچووکتان بوو بە ئەفسانە،
قوربانییەکانی لە دراو و برنج و سەڵەواتەکان بینی،
دواتر سەرهەڵدانی بەکاوەخۆی بیرەوەری،
زەوییە رێک و تەختەکانت پیر بوون،
لە بیرچوونەوەی زەقی ناوەکان، رووخسارەکان.
تۆ لە هێڵێکی درێژدا بۆ نووسەرەکەت
بوویتە شکۆداری و نەرمونیانی..
لە ماڵێکەوە کە چەندین نەوەی کوڕ و کچی پێ گەیاند،
بە تەنها رۆیشتی و بەرەو ئەبەدیەت هەڵکشایت.
بە درێژاییی تەمەنت ڕووبەڕووی ئەو نەفرەتە بوویتەوە
کە بەر هەموو ژنانی خێڵ کەوت،
لەگەڵ ئەو پاشگەزبوونەوەیەی
کە لە رێی شکۆمەندییەوە
خواردن و خواردنەوە رەت دەکەنەوە،
هەڵدێر بەرەو پیربوون
لە هەموو ئەوانەی تەمەنە دوور و درێژە
کە تۆ ژیان:"نەخێر .. بۆ ژیانێکی درێژ "
ئەو وتانەی ئێستەش
لە هۆڵی خانووە وێرانەکەتا دەنگ دەداتەوە.

چاوپێکەوتن

رۆژ هەڵەبجەیی:

# ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەمیشە گەڕانە بە دوای نادیاردا

لەم ژاوەژاوی تەکنەلۆجیا و سەرقاڵی و زۆروبۆریی شیعردا، لەم ناسەقامگیرییە دەروونییەدا، دەنگێک پڕ بە گەرووی عەشق دەچریکێنێ، تەژی وێنەی بە خەیاڵ و مەرکانەی شیعر دەڕازێنێتەوە، رۆژ هەڵەبجەیی دەمێکە شیعر لە رۆحی ئاڵاوە و هاوبالای وشەی جوان و خەیاڵی باڵا، حەسرەتەکانی ژیان ئەڕازێنێتەوە، بۆیە ئەم کورتە ئاخاوتنەمان لەگەڵی ساز دا:

سازدانی: نەوشەفەق



* ئەگەر ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەخزێتە ناو هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانەوە، ئەو دەقانەی کە ئافرەت دەیاننووسێتەوە، دەبێتە ئاوێنە نمای خۆیان و هاورەگەزەکانیان وایە دەبێ ئەدەبی ئافرەتان و پیاوان هەبێ و جیا بکرێنەوە؟ ئێوە سەبارەت بەو پۆلینکارییە چی دەڵێن؟


ڕۆژ هەڵەبجەیی

– زۆرجار ئەم پرسیارەم لێ کراوە، پرسیارێکی نامۆ نییە، ئەدەب بە گشتی موڵکی مرۆڤە یان جوانترە بڵێین هەڵقووڵاوی خەیاڵی مرۆڤە... جا مرۆڤ پیاو بێت یان ئافرەت لای من جیاوازیی نییە، من لەگەڵ پۆلینکاریدا نیم بوترێ ئەمە ئەدەبی ژنە و ئەمە هی پیاو... بەڵام هەندێ جار هەست دەکەی ئەم تێکستە هەستی ئافرەت نووسیویەتی نەک پیاو، واتە هەستی ئافرەتانەی خۆی دەردەبڕێ، تەنیا هەست پێوەرە ئەویش بۆ هەموو تێکستێک ناشێت.

* لە پرۆسەی نووسینی ئێوەدا تا چەندە ئاگایی هەیە ئەدی ڕۆڵی نەست، ئاخۆ چەندی پاشخانی ڕۆشنبیریی فەزای نووسینی نووسەر فراوان دەکا؟

– سەبارەت بە من هەست و نەست بەشدارە، زۆرجار لە بێ ئاگایی شتم نووسیوە زۆر جوان بووە تەنیا نەست بەشداریی تێدا کردووە... بەڵام پاشخانی ڕۆشنبیری بۆ شاعیر زۆر پێویستە، هەردەم وتراوە هۆشیاربوونی شاعیر شیعری باش بەرهەم دێنێ.. تا شاعیر بەخوێندنەوەی قووڵی فەلسەفیدا بڕوات زیاتر شیعرییەت بەرهەم دێنێت ... ئەو شاعیرانەی ناخوێننەوە فەزای ڕۆشنبیرییان زۆر لاوازە.. شیعری باش پێویستی بە پاشخانی ڕۆشنبیریی باش هەیە. دواجار خوێندنەوە دەبێتە هۆی فراوانبوونی خەیاڵ، تا خەیاڵ فراوان بێت شیعر نووسینیش کراوەتر دەبێت.

* بە ڕای ئێوە بۆچی شیعری کوردی نەیتوانیوە سنوورەکانی وڵاتان ببڕێ یاخۆ بە جیهانی بکرێ؟

– من لەگەڵ ئەوەدا نیم شیعری کوردی نەیتوانیبێت سنوور ببڕێت، چونکە خودی شیعر لۆکاڵی نییە بەڵکو گەردوونییە.. شیعری باش هەمیشە باڵەفڕە و سنوور نازانێت. بەڵام کەم تا زۆر شیعری کوردییش بەهۆی تەرجەمەوە سنووری بڕیوە، بۆ نموونە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و چەند شاعیرێکی تریشمان شیعریان تەرجەمە کراوە و سنووریان بڕیوە. بەڵام بەو جۆرەی شاعیرانی جیهان نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشتا کورد خاوەنی کیانی خۆی نییە یان باشترە بڵێین خاوەن دەوڵەت نین.. ئەگەر دەوڵەت بووینایە ئێمەش هەموو شاعیرەکانمان ئەو سنوورەیان دەبڕی. دەتوانم بڵێم شیعری کوردی ئێستە کەمتر نییە لە شیعری جیهانی ئەگەر زیاتر نەبێت.

* ئەگەر ئەدەب گەڕان بێ بەشوێن نهێنییەکانی مرۆڤ، ئەدی ئێوە ئەگەر لە ئەنگوستێکدا بگەڕێن بۆ کام نهێنییە دەگەڕێن؟

– ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەمیشە گەڕانە بە شوێن نادیاردا، یەکێ لە بنەماکانی

شیعری ئەمڕۆ ڕۆشتنە بەئاقاری نادیاردا یان دەبێت تێکستێکی کراوە بێت، واتە فرە ڕەهەند، تا کراوە بێت زیاتر کۆد و نادیار هەڵدەگرێت.. من هەرگیز نامەوێ سادە بنووسم، بە واتایەکی تر دەقی داخراو کە بوونی لای من نییە. من حەز بەوە ناکەم بەیەک خوێندنەوە خوێنەر لێم بگات، شیعر تا بەئاقاری نادیار و تا پڕ نهێنی بێت زیاتر تەئویلی بۆ دەکرێت.

* ئەدیبان بەردەوام کاریگەریی پێشینەیان لەسەر بووە، گەر ئێوە ئەم حەقیقەتە بنووسنەوە، کێ بوون کاریگەرییان لەسەر ئێوە زیاتر هەبوو؟ بە ئەدیبی ناوەخۆیی و جیهانییەوە؟

– بۆ هەمیشە شاعیران کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان لەسەر بووە، ئەوە شتێکی زۆر بەڵگەنەویستە.. من خودی خۆم کارای پۆستەرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و قەسیدەکانی جەمال غەمبارم زۆر لەسەر بووە... ئەمە بەنیسبەت ناوەخۆوە، جیهانییەکانیش زۆر کارام بەئەدەبی ئێرانی بە تایبەتی شاعیری هاوچەرخی ئێرانی (سوهرابی سوپهری و فروغی فروخزاد) بەڵام دواجار شاعیر دەبێت خودی خۆی هەبێت، ڕاستە کاریگەری هەیە و هەبووە.

* تا چەندە گەمەکردن بە وشە و دروستکردنی وێنەی تەمومژاوی لە دەقەکانتدا بوونەتە هۆی درەنگ تێگەیشتنی خوێنەر لە شیعرەکانتدا؟

– گەمەکردن و یاریکردن بە وشە شعرییەت دروست دەکات یا جوانترە بڵێین ئەو هەڵخلیسکانە لە وشەسازیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانی شیعر و شیعرییەت، وێنەی شیعری، تا چەند گەمە بکەی لەگەڵ وشەدا ئەوەندە شیعرییەت بوونی دەبێت و ئەوەندە لە زمانی باو دوور دەکەویتەوە... من لەگەڵ ئەو گەمەکردن و هەڵخلیسکانە زۆر بەگەرمی مامەڵە دەکەم، بۆیە هەندێ جار خوێنەرەکانم پێم دەڵێن لە شیعرەکانت ناگەین.

* دوایین پرۆژەی نووسینتان چییە؟

– کۆمەڵە شیعرێکم داناوە بۆ چاپ بەڵام هێشتا ناوم لێ نەناوە. بەڵام ئەم ساڵ ئەو پێنج کۆمەڵە شیعرییەی هەمبوو هەمووی لە دیوانێکدا بەچاپم گەیاندن ئەویش لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسووڵ) بەچاپ گەیەنرا، لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

شیعر

دانا عەسکەر

# ژنبوون......!



کات " ٨ " ە ، چارەکی دەویَ بۆ مردن،
من دەکەومە نێوان تۆ و زیزبوونەوە،
تۆ دەکەویتە پەنای دڵتەنگی "ئاو"ەوە،
ئاو خەریکە بۆ پەرداخێک توینێتی،
خۆی هەڵدەداتە سەر بەرماڵی زێوانەوە .
ئێرە گەڕەکی قومارچییەکانە،
ئێواران چراکان دەدۆڕێنن ،
سبەینان خیانەت لە بەتانی دەکەن و
بەدزیی سەرینەوە ژنەکان دەبەنەوە ماڵە باوان.
کات "١٠" یە، چارەکی دەویَ بۆ ئاسوودەیی،
من دەکەومە ئەوسەری باخە پیرەکانەوە،
ئەو خەریکە ئەسپەکان زین دەکات و
سەرپۆشەکەی دەدا بەدەم ترسەوە،
ئەو لێرەیە..
لای ماڵی گریان، لای کەروێشکە ژنەکانی مەرگ،

لای شەپۆلە خیانەتکارەکان، لای ڕاوچییە دڵڕەقەکان .
کات "٢٤" و "١٠" دەقەیە،
من لەوسەری ڕەشەبایەکی پیرەوە هاتووم،
گۆچانەکەم دەستی ناگاتە زەوی،
شارەزای سروەی پێکەنینێک نەبووم،
ئاگام لە قاقا و گریانی کانییەک نەبوو،
نەمزانی سۆراخی تفەنگ بخۆم یا قوربانی!
نەمزانی خوێن لە ئاشتی تۆراوە،
یا ئاشتی نیازی نییە لێرە هەڵ بکات!.
کات هیچی نەما بۆ من، منیش بە پەنای ئەودا،
بەبۆنی جلەکانیدا ..
قۆپچە بە قۆپچە، گیرفان بە گیرفان و
پەنا بە پەنای جەستەیدا بەدووی نهێنیی ئارەزوودا دەگەڕێم و
لە کۆڵانەکانی چێژەوە دەگەمە سەر نهێنیی ژنبوون.
ژنبوون بەخوڕترین تاڤگەی ئینسانبوون.
ژنبوون بە سەلیقەترین زمانی کەناری.
سەختترین کێوی ئاشنابوون و
هێمنترینماڵی دنیا.
کات ئەگەر "١٢" نەبێت،
چارەکی دەوێ بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەری دوژمن،
ئەگەر باران نەبێت،
زۆری نەماوە تفەنگەکان سەرەوخوار بکەین و
بەخۆمان و تەمەنێک شەرمەوە بگەڕێینەوە شار،
ئەگەر هاوین نەبێت،
زۆری نەماوە ریشمان بەدەم سەرمای عەجوزەوە هەڵوەرێ و
تەزبیحەکانمان بە میدالیایەک بگۆڕینەوە و
ئەدیداسەکانیشمان بە جووتێک پۆستاڵ،
زۆری نەماوە شۆڕش خۆی هەڵبواسێ و

شیعرەکانیش ببنە دراوسێی " ممدوح عدوان و کنفاني"،
زۆری نەمابوو شیعر تووڕە بێت و بە هەگبەیەک بەرد و
تووڕەکەیەک فیشەکەوە خۆی بکاتە ماڵەکانمانەوە،
بەرد بگرێتە ئاوێنە و فیشەکیش بە ژنەوە،
زۆری نەمابوو هەنار سوخمەکەی دادڕێت و
کەروێشک بکەوێتە بۆسەی جاشێکەوە،
ژنبوون
ژنبوون دڵڕفێنترین بۆنی دنیا و
حەرامترین سێوی دنیا .



شیعر

بورهان ئەحمەد

# لە کەناری سوێریدا



لە ڕۆخی شیرینییەکی تاڵەوە گەیشتمە ئێرە
ئێستاکە،
چاوەکانم ئامێری بازگەی پشکنینن
جەستەم یەک پارچە
بووەتە چاوگەی جوگرافیای تەماشا
لە کتێبخانەی سەرما
وشە و فریشتە و پەری
یەکتری لە ئامێز دەگرن
بەسەر پێڵووی ئاوەوە
نەغمەی تامێکی تر دەبەخشنە سەما
خەیاڵی ڕستەیەک نەماوەتەوە
لە قافڵەی لاپەڕەیەکی تردا جێ مابێ
هەناسەکانم، گۆڕاونەتە سەرچاوەی تامەزرۆیی دۆلفینێک
ڕۆحم هەوێنی پەنیری ناسکی و شۆخییە
خەریکی دروێنەکردنی ئەم هەموو جوانییەن

هەموو دیمەنێک
کەمانی سەرسامیم دەژەنێ
خولیا شمشاڵی قامکەکانمی هێناوەتە جۆش
دەستەکانم پڕ بوونە لە پاسەوانی بینین
قاچەکانم لە ڕەهاییی گەڕان و پیاسەی ونبوو
هەموو خاڵێکی نیگام
موتوربەی پنتی دووربینی پانتاییی تاسەیە
هەر هەنگاوێکم، کە دەینێم
هەڵگری پێگەی ڕووبەری چاودێری دلۆڤانییە
دڵم لەناو سوێرێتیی
دڵی (بحر المیت)دا ئاسوودە و بەختیار و ئازادە
ئەمە یەکەمین جارمە لەگەڵ لم و خوێ
تەبا و گونجاو و دۆست و هاوڕا بم
هەنگوینی شانەی زمانی کەسەکان
شیرینییان بە دەریاچەی خوێ بەخشیبوو
خوێ زەخرەفەی پەیوەندییەکانی دەکێشا
لەناو لەپی هەموو کەسێکدا
گوڵێکی جاویدان
بە شکۆوە شین بووبوو

لە کووچە و کۆڵانی خوێنیانا
عەتر هاتوچۆی دەکرد
بۆن و بەرامەی چرپە
پیاسەی زمانی دەنووسییەوە
ئای خوای گەورە ...
من بە دوای چیدا وێڵم؟
عەوداڵی دۆزینەوەی چ جۆرە خۆشەویستییەکم..؟
ئاوهانێ
دوای هەنگاوی ڕاکردووی خۆم کەوتووم

ئەوەتا، پووش و پەڕی وەریوی
خەرمان و باڵندەی
خەیاڵی بابردووی خۆم کۆ دەکەمەوە
یاخود دەمەوێ پێناسەی شوێن بکەم
شیلەی رووومەتی کات دەلێسمەوە
شیری نێو زاری چۆلەکە و شەکراوی سەر سینەی بولبول و گمەگمی کۆتر دەنۆشم
یاخود مەبەستمە بە سوپای ئەڤین
هێرش بکەمە سەر
ئەو هەموو ئازادییەی پێشتر نەمدیوە
یاخود بەنیازم
ئاوهانێ
بە لەشکری حەز و حەسرەت
ئابڵووقەی شارەکان بدەم
پەنجەکانم فێر بکەم
چۆن چۆنی کاغەزی بەربەسنی فڕین
بدڕێنن
هەر ئاوهاش
تەپۆڵکە و گردی خوێی
سوێرێتیی رق و کینە و بوغز
خاپوور کەن



عەمان / کەناری (بحر المیت). ١٨ / ١٠ / ٢٠١٢

شیعر

ستار ئەحمەد عەبدوڕەحمان

# شیعر لە ڕۆحم دەردەکەم



قەڵەمەکەم دەگرمە خۆم
وشەکانی لە بەرگی نەبەردی دەدرووم
لاپەڕەکان بۆ سڕینەوە جێ دەهێڵم
ناونیشانێک لە بەخشندەیی
بابەتێک بۆ سەربەستی
دەدەم لە تەوێڵی دەرگەکەتان
کراوە بێ وەکو نیگات
بڵند بە شێوەی گردەمەند
بزێو بێت چوون دڵی ئێمە
پیتەکان لە بناری ویژدانا دەنوێنم
خەون بۆ ماچ و
چەک بۆ قەڵەمێک دەشکێنم
بە ناخی بەفرا ڕۆ دەچم
شوێنپێت  دەخەمە رستەوە
زوڵفت دەکەم بە فاریزە

هەناسەم بە خوێنم ڕەنگ دەکەم
تابلۆیەک لە گڵ دەکێشم
ئاشتیی ئاڵا و
دەروون پایتەختی جوانی بێت
پێستم لە جەستەم دادەماڵێنم
شیعر لە ڕۆحم دەردەکەم
جڵەوی وشە بەردەدەم
پەرچەمی ئاو ڕادەکێشم
بەرەو دوورگەی ڕووناکی و گوڵ
قەڵەمەکەم لە خوێنم وەردەدەم
هەڵوێست دەدەمە ناونیشان
پەنجەکانم بە قژت هەڵدەواسم
بۆ ئەوەی پەیوەستەکان
بمکەن بە تۆ
لەنێو ڕۆژا
مەمکی ئەستێرەکان بمژم
تۆ بڵێی بەمووژەی خامە
نەخشەی هەناوت بکێشم
ناخی قەڵەمیش بپێوم
یاخود لە جێی وشە و ڕاستی
هەنگاوم بە گوللە دەسپێرن
مین لەژێر پێم دەنێنەوە
دەترسم خاک
لە تابلۆی ڕەنگا کوێر بێت و
لەم نیشتمانەدا
جێگەی من و تۆ نەبێتەوە



شیعری وەرگێڕاو

نزار قەبانی

# نزاکانی جیابوونەوە

له عەرەبییەوە: سازان کەریم



دەمەوێ کەمێک ڕقت لێم بێتەوە
با کەمێک جیا ببینەوە
تۆ ئەو یادەوەرییە ئازیزانەی لە نێوماندایە
تۆ ئەو عەشقە جوانەی
تا ئێستەش بەسەر لێومانەوەیە
تا ئێستەش نەقشی بەسەر دەستمانەوەیە
تۆ ئەو نامانەی بۆت نووسیوم
تۆ پاشماوەی ئەو خۆشەویستییەی
بەسەر قژما، بەسەر پەنجەکانمەوەیە
تۆ یادەوەرییەکان،
خەمە جوانەکان،
خۆشەویستیمان،
کە گەورەترە لە هەموو قسەکان
گەورەتر لە خەندەی سەر لێوان
تۆ جوانترین چیرۆکی ئەوینی نێوانمان
تکا دەکەم با جیا ببینەوە

هەر با دۆست بین و
جیا ببینەوە
ئەوە نییە لە هەموو وەرزێکدا باڵندەکان
جیا دەبنەوە لە سینگی هەردەکان
هەتاو، ئەی خۆشەویستم
جوانتر دەبێتەوە کاتێ،
شۆڕ دەبێتەوە بەرەو زەردەی ئاوابوون
دە تۆش لە ژیانی مندا
ببە بە ژان و گومان
بۆ تەنها جارێک
بۆ من ببە بە داستان
ببە بە سەراب
لەناو زارمدا ببە بە پرسیار
پرسیارێکی بێ وەڵام
لە پێناوی ئەوینێکی جوانتر
ناو دڵ و برژانگەکان
بۆ خۆی بکات بە ماڵ
بۆ ئەوەی هەمیشە جوان بم
بۆ ئەوەی تۆش نزیکتر بی
تکا دەکەم برۆ !
وەک دوو عاشق،
با جیا بینەوە
وێڕای ئەم هەموو عەشق و سۆزە
با جیا ببینەوە،
من دەمەوێ لە دڵۆپی فرمێسکەکاندا بمبینی
دەبا بسووتێین،
دەبا بگرین خۆشەویستم
زەمانێکە لە بیرمان چووە
چێژی گریان
بۆ ئەوەی،



ئاسایی نەبێ خۆشەویستیمان
خۆڵەمێشی نەبێ تاسەمان
دەبا جیا ببینەوە،
دڵنیابە خنجیلانەکەم
هێشتا ئەوینی تۆ پڕ چاو و پڕ ویژدانە
هێشتا هەر مەدهۆشی ئەوینە گەورەکەتم
هێشتا خەون بە ویساڵتوە دەبینم
ئەی سوارچاکی خەونم، ئەی شازادەکەم
من لە سۆزی خۆمان دەترسم
لە هەستی خۆمان دەترسم
نەوەک بێزار بین لە تاسەی خۆمان
لە ژوانمان دەترسم
لە کەفوکوڵی ماچمان
دە بەناوی ئەوینێکی قەشەنگ
کە وەک بەهار لە ناخماندا ڕواوە
کە وەک هەتاو لەناو بیلبیلەماندا هەڵکراوە
دە بەناوی جوانترین چیرۆکی خۆشەویستیی زەمان
بۆ ئەوەی گەشاوەتر بێ ئەوینمان
درێژتر بێ مەودای تەمەنمان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی (النور)



چیرۆک

نەشمیل کرمانج

# گەڵاکان چۆن هەڵدەوەرن؟

کە دایکی و خوشکی دێن، پێم وایە تێدەگەن تاقەتی ئەوان نا، تاقەتی خۆشمم نییە. دایکی دەڵێ: "گوتوویە لێم تێ بگا و شتەکەم لێ گەورە نەکاتەوە بوارم داتێ تالایەکی دەخەم بەلایەکدا." من هێشتا هەر سڕم و ئەوان چاویان لە منە و منیش چاوم دەبڕمە ئەو تابلۆیانەی بەرامبەرم، کە سێ دانەمان بەدیوارەکەوە هەڵواسیبوو. لە نێوەڕاستدا وێنەی کچێکی چکۆلەی جوان کە لە هەر لایەکەوە چاوت لێ بکردایە ئەویش چاوی لێ دەکردی. بزەیەکی جوانی لەسەر لێوان بوو. پاڵی دابوو بە دارێکەوە. چووبووینە سەفەر. ئەو کاتەی لەبەر دوکانەکە ڕاوەستابووم، چاوم دەگێڕا. ئەو چاو لێکردن و بزەیە لە دوورەوە عاشقیان کردم. لە دوکانێکی گەورە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو.

لە دوورەوە وام زانی بەکامێرا گیراوە، بەڵام کە چوومە ژوورێ و لێی نزیک بوومەوە تێ گەیشتم قەڵەمکێشە. هەستم کرد لەگەڵم دەدوێ. هێندەی تر عاشقی بووم. یەکسەر کڕیمان و هێنامانەوە. ئەودەم ئەویش پێی جوان بوو. ئێستە دەڵێم بڵێی لەبەر دڵی من بووبێ یان نا؟ کە هێنامانەوە پێیان دەگوتم: "دەڵێی وجاخکۆیری بۆ هێندەت منداڵ پێ جوانە."

هەرچۆنێک بوو بەحسێبی بێ کاریی منیان دانا. لە جیاتیی ئەوەی شتی چاک و جوان بۆ خۆم بکڕم کۆڵێ پارەم داوە بە شتی وا. بەوە باشبوو وێنەکە هی کوڕ نەبوو، دەنا حەتمەن خۆیان بۆ کوێر دەکردم لەبەرئەوەی چەندم دڵ بەکوڕەوەیە و

نیمە. دوو تابلۆی خەتیشمان لەو شانە و شانی کچەکە هەڵواسیبوو. خۆمان بڕیارمان دا دوو شیعر هەڵبژێرین و بیبەین بۆ خەتخۆشی بەناوبانگی شار بۆمان بنووسێ: من "مرۆڤ دژواریی ئەرکە"م هەڵبژارد و ئەویش" منەت ژ خودایێ کو بەعەبدێ خۆ مەلایێ، ئێکسیری غەمی عیشق نە دینار و درهم دا". لە بنەکەشیاندا نێوی شاعیرەکانمان نووسی: شاملوو و مەلای جزیری. مامۆستای خەتخۆش نێوی خۆشی لەژێرەوە نووسیبوو، بەڵام بەداخەوە هونەرمەندی وێنەکێشمان نەدەناسی. ئەو دەم زۆرمان پێ باش بوو باران ڕۆژانە چاوی بەم شتانە کەوێ و کاریگەریان لێ وەرگرێ. دەمانویست هەر خۆمان ببینە وێنەیەکی ڕاستەقینە لە خۆشەویستی و عەشق و ڕاستی لە بەردەستیدا، بەڵام لەوانەیە ئەوە هەر خەون و خەیاڵەکانی من بووبن بەتەنیا. تازە لێی کەوتوومە گومان تەنانەت کاتێ سەعاتی کارەکەی بەبۆنەی ئەوەوە کە باران ناهێڵێ لەناو ماڵ کارەکانی باش بەڕێوە بەرێ، گۆڕی، گومانی وا هەر بەزەینم دانەهات هیچ، پێشم وابوو دەبێ ڕێز لە سەربەخۆیی کەسایەتیی عازیزانم بگرم.

دەمەوێ بڵێم:" پێم وایە ئەمە یەکێک لە قسە ڕاستەکانی بێ، من لەو باش نەگەیشتبووم"

لەو شەوەوە وردە وردە خەریکە بۆم ڕوون دەبێتەوە و تێ دەگەم. هەرچەندە دەمزانی ماوەیەکە مەیلی جارانی نەماوە کە چی بەدەم خەوەوە توند باوەشی پێدا کردم. خەریک بوو خەوم لێ بکەوێت. دەستی کرد بەڕامووسینم. منیش زۆرم بیر کرد بوو. دەستم کرد بەهەڵمژینی بۆنی. هەمیشە دەیزانی بەوە سەرخۆش دەبم. چاوم قوچاندبوو و باوەشم پێدا کردبوو. هەر ئەوەندەم لێ حاڵی بوو بەدەم خەوەوە بەقوربانی کەسێکی تر دەبێ. منیش ئەوەندەم پێ کرا خێرا خۆمی لێ جیا بکەمەوە. ئەو دەمیش کەوتمە گومانی ئەوە بڵێی لە جیاتیی بۆنی خۆشەویستی ئەوە بۆنی شەهوەت بێ هەڵی دەمژم و شەهوەت بووە منی بە عیشق هەڵخەڵەتاندووە؟ هەستم کرد شەهوەت تێکەڵی هەناسەم بووە و دەروونم لەگەڵی هەست بەنامۆیی دەکا. بۆیە سڕ سڕ بووم. هێڵنجم دەهات. بێزم لە خۆم دەکردەوە. واتە من بوومەتە سەتڵێک بۆ ئەوەی زبڵی شەهوەتیم تێدا ڕۆ کات؟ هێڵنجم دەهات. خۆ من ئەو چیرۆکەم بۆ خوێندبووە وا بەسەرهاتی شەوی بووکێنیی شیرینی گێڕابووەوە. ئەو کاتەی شیرین تێ دەگات خوسرەو پەرویز مەستە، پیرێژنی خزمەتکاری بۆ دەنێرێتە پشت پەردە. بەیانی کە شا دەچێتە لای، پرسیاری لێ دەکات چۆن کاری وای لەگەڵ کردووە. پێی دەڵێ، کاتێ کە تۆ مەستی نەئاگات لە خۆتە و نەدەشزانی لەگەڵ کێی. چ فەرقێکی بوو من بم یان

پیرێژن. بەڵام بۆ من گرینگە لە باوەشی خۆشەویستیدا بم یان نا. ڕێگە بەشاش نادەم بمخاتە باوەشی شەهوەتییەوە. دەبێ جەنابی شا لەوە بگا کە هەم لە باوەشی شیریندایە و هەمیش ئەوە شیرینە لە باوەشیدا.

کە ئەو دەنگە وەگوێم کەوت، لە وێککەوتنی بەردە چەخماخەکانی منداڵیم دەچوو وا بابم بۆی هێنابوومەوە و دەمگرتن بەدەستمەوە و هەڵدەهاتم بۆ ژێرخانی ماڵەکەمان. خوشکم دەکەوتە دووم. جاری وا بوو دوو پلیکانمان دەکردە یەکێک بۆ ئەوەی زووتر بگەینێ. دەچووینە تاریکترین سووچی ژێرخانەکە. لێکمان دەدان تا تیشکێکی چکۆلەمان بۆ ساز کات و بپرژێتە سەر کەلوپەلەکانی دایکم. بەڵام ئەمجارەیان ئەو وێککەوتنە گڕێکی گەورەی ساز کردبوو و پرژاندبوویە هەناوم. ئەو دەم دڵی دنیام پێی خۆش بوو، کەچی ئێستە ئاگام دەکرد دڵم پێی هەڵدەقرچا. ئاخر ئەو دەم دەمزانی تاریکاییەکە چی تێدایە، بەڵام ئەمجارەیان شتی تری بۆ وەدەر دەخستم. ئەو شتە تازەیەی بۆمی ڕوون کردبووەوە لەرزی دەخستە جەستەم. باشە دەبێ دڵم خۆش بووبێ بەو شتە درۆیەی لە تاریکایی نەزانیدا خۆی حەشار دابوو یان دڵگرانی زانینی ئەو ڕاستییە ناخۆشە بم وا بۆم ڕوون بووەتەوە؟ بەڕاستی دەبێ ئێستە دڵ بە کامیان خۆش کەم؟ سەرم لێ شێوا بوو نەمدەزانی ئاوی ساردە بەسەرمدا دەڕژێ یان گڕی ئاورە تێم بەردەبێ. لەولاشەوە دەتگوت کەسێکی زەلام بەجووتێ چەکمەی ئاسنینەوە لەسەر سینگم ڕاوەستاوە و توند گەرووی گرتووە و ناهێڵێ هەناسە بکێشم. دەمم ویشک ویشک هەڵاتبوو. زمانم بووبووە بەرد. کە ئەویش پرخەی دەهات، دەتگوت بەشی منیش هەوا هەڵدەمژێ.

وردە وردە کەوتمە بیرکردنەوە. پێم وابوو ناوی ئەو کچەی خزمیانە وا پێشتر بۆی باس کردبووم کە ئەو کاتەی لە گوندەوە لە دەست بابی هەڵاتبوو بۆ ئەوەی لە کابرایەکی پیری مارە نەکەن و پەنای هێنابووە ماڵی ئەوان. کاکی ئەویش پێی فێر بووبوو و شەوانە چووبووە جەستەی و ئەمیشی چەند جار هان دابوو، کەچی کە ئەم بەسەریدا هاتبوو بەقسەی نەکردبوو. کاکی جنێوی دابوویە کە چ پیاوێکی خێرییە. ئەو دەم بەپێکەنینەوە گوتبووم: "کوڕە تۆش دەستێکت هەر گەیاندووەتێ."

گوتبووی: "نە بەخوا. من ڕێی خۆم بەدەرس خوێندن لەو جیا کردەوە."

"دەبێ ئێستە کاکت بۆی وەدەر کەوتبێ کێ خێرییە."

"کاکیشم بەدبەخت بوو. عالەمێک خێزان بووین و دیو و پێشخانەیەک. بابم ڕەعایەتی هیچی نەدەکرد و هەموو شەوێک دەپەڕییە سەر دایکی بەدبەختم. تازە

به ڕۆژیش هەر خەریکی حەز لێکردوویی بوو. دایکیشمیان یان دەتۆرا و دەڕۆیشت و بەجێی دەهێشتین یان تەسلیم دەبوو."

دیسان بەپێکەنینەوە گوتبووم: "ماشەڵڵا تیریشی بەختەتا نەچووە هەر هەڵیان ڕشتووە."

پاشان بۆ وەی بیلاوێنمەوە دەستم کردبوو بەبۆنکردنی و بەچرپە لە بن گوێی گوتبووم: ئەگەر وا بێ یۆسفی زەمانم پێ براوە. زۆرت شانازیی پێوە دەکەم. مادام بەسەر شتی ئاوادا زاڵ بووی، تۆ زۆر گەورەی."

"نا ئەتۆ گەورەی، بۆیە خۆم پێوە هەڵواسیوی."

وام زانیبوو خاکەڕایانە بەسەرمدا هەڵدەڵێ وقامکێکم نابوو بەدەمیەوە و بەدەم وست گوتنمەوە دەستم گرتبوو و بردبووم پێکەوە بۆنمان بەگوڵەکەوە کردبوو. ئێستە جارجارە سەرێک لە خۆم ڕادەوەشێنم، بۆ ئەوەی تازە سەرنجی ئەوەم داوە ماوەیەکە گوڵەی هەر لە بیر نەماوە.

ئاگام لێیە دایکی دەڵێ:

"ئێمە چمان کرد، کاتی وا ژن چ دەسەڵاتی هەیە؟! بەیانییان تێرمان کوتان دەخوارد و جنێومان دەدرایە و شەوانیش دەهاتنە پاڵمان. ئەوە گەیشتینە ئێستەش و هیچیشمان لێ نەهات و منداڵیشمان گەورە کرد. ژنی باش دەبێ لە کاتی ئاوادا لەخۆبووردە بێ و ماڵ لە خۆی نەشێوێنێ."

بەئیشتیا خەریکە ئەو تووە دەترووکێنێت وا لە گیرفانی دەری هێنا لەوانەیە ناڕاستەوخۆ دەیهەوێ باوەڕەکەی خۆییم پێ بقەبڵێنێ؛ وا ئاگام لێ دەبوو زوو زوو وەبیر حەوت کچەکەی دەهێناوە مێرد دووژمنی سەرە و دۆستی قوونە.

خوشکیشی لەولاوە باوێشکێک دەدا و دەڵێ: "کچێ هەر بەسەر خۆشتی مەهێنە. بچۆ قژت ڕەنگ بکە و هەموو بەیانییان بەر لە هەموو شت خۆت ئارایش بکە. دەبینی بەینێکی تر دەتبا زێڕیشت بۆ دەکڕێ و لە بیریشت دەچێتەوە ."

دیسان هێڵنجم دێتێ و دەنگی ئەو کچە منداڵەم هەر لە گوێدایە.

ئەگەر جاران بوایە، دەمگوت یادی بەخێر بۆ داواکردنیشم هەر ئەو دووانە هاتبوون. خوشکیشم ئەو دەم هەر پێشنیازێکی لەو چەشنەی دامێ و من پێم گوت: "بەقوربان، ئەسڵی کار خۆمانین خۆ ئەو منێکی ڕازاوەی بەرویترینی شایی و زەماوەند و سەر شەقام و بازاڕی پەسند نەکردووە و دەزانێ من ئەهلی ئەم جۆرە درۆ و نمایشانە نیم. ئێمە هەموو ڕۆژێک لەسەر کار بەیەکەوەین."

هەروا کە گوێمی دەکێشا گوتی: "خوشکە نازدار و ساکارەکەم ئێستە کاتی ئەوەیە فێر بی و بزانی کە ژن قەحپە سفەت بێ باشە، ئەگینا دەیدۆڕێنێ."

گوتم: "کەواتە بۆ وەی نەیدۆڕێنین، دەبێ چۆنا و چۆن موعامەلەکە بکەین؟"

گوتی: "ناز و جوانی و عیشوەگەری دەفرۆشی بەمارەیی و زێڕ و هەر شتێک دڵت پێوەی بێ."

گوتم: "کەواتە لە بەدبەختیمەوە هاتووە دڵم بەو شتانە خۆش نییە و لەسەر خۆشەویستی و ڕاستی و هاودڵی و هاوڕێیەتی موعامەلە دەکەم و بەهیوای بەختەوەریم."

گوتی: "خۆزگە تێم بگەیشتایەی. منیش هەر لەبەر بەختەوەریی خۆتە ئەوانەت پێ دەڵێم."

"ڕۆحم لە ڕۆحی ئەو ڕۆژە تۆقی بوو بمکەنە خزم لەگەڵ شتی ئاوا."

ئەوە ڕای دایکم بوو. پاش ڕۆیشتنیان، بەوە باش بوو نەموێرا باسی عەشقە کاڵ و نە کوڵیوەکەمی بۆ بکەم و هەرکە خەریک بووم بەوەی کە دەوڵەمەندی مێشکیم لە بەرچاو گرتووە و ئەم چەشنە قسانەی وا ئەو دەم پێم قۆڕ نەبوون قەناعەتم پێ دێنا.

لەو دەمەدا ئەو تەلەفۆنی بۆ کردم و بێ ئەوەی من لێی بپرسم ئەوان چییان گوتووە، خۆی بەپێکەنینەوە لێی دەپرسیم بۆ من بەر لە هاتنیان خەوتووم و خاڵێکی سووری گەورە کەوتووەتە نێوچاوانم و دایکی و خوشکیم نیگەران کردووە کە نەبا کوڕە جوان چاکەکەیان کچێکی ناحەزی هەڵبژاردبێ. دڵم نەهات پێی بڵێم تازە پەکم لەسەر ڕای ئەوان نەکەوتووە. هەر ئەوەندەم گوت کە:

"باوەڕم بەخۆم بوو بۆیە" و دایکیشم بەدەنگێکی بەرز لەودیوەوە هیوای ئەوەی بۆ دەخواستم بەڵکو زوو سەرم لە بەرد کەوێ.

ڕۆژێکی بارانێکی نەرم دەباری. حەزم کرد بەبێ چەتر بڕۆمە سەر کار. تەڕیش بووبووم. کە گەیشتمە بەردەرگەکە، ئەویش لەوبەرەوە گەیشتێ. چاوم بە شان و پیل و جلەکانی کەوت، وەک هی من تەڕ بووبوون. چاوم هێنا خوارتر. دیم چەترەکەشی بەدەستەوە بوو. کە چاوم هەڵێناوە بۆ سەرێ، چاوم بەچاوی کەوت. هەروا چاومان بڕیبووە یەک. دەتکوت چاوم بۆ ناترووکێ. تا ئەو دەمە زۆرجاران قسەکانمان یەکیان دەگرت. کە باسی شتێکمان دەکرد قسەی دڵی منی دەکرد. ئەو خۆی ئەمانەی بەنیشانەی هاودڵییەکی تایبەت دادەنا کە دەتوانن ببنە هەوێنی عەشق و من گوێم پێ نەدەدا. ئەمجارەیان کارەکەی وەک هی من دەچوو. گێژ

بووبووم. بڵێی بەڕاستی ئەو جۆرەی خۆم پێم خۆشبوو عەشق وا بەئەسپایی هاتبێتە وجوودمەوە خۆم هەستم نەکردبێ. ئاخر حەزم لێ بوو وەک دەریا بچم. وردە وردە گەرم بم. پێم سەیر بوو ئەو خەڵکە چۆن ئاوا زوو عاشق دەبن و دواییش زوو لە بیریان دەچێتەوە. دەمگوت ئەوانە وەک ئاسن وان. زوو گەرم دادێن و زووش سارد دەبنەوە. بێدەنگ و سڕ چوومە سەر مێزەکەم دانیشتم. نیوەڕۆ کە تەواو بووم و هاتمە دەرێ بارانەکە بەخوڕ دەباری. ویستم چەترەکەم هەڵدەم. نەمزانی لە کوێوە هاتە پەنام و چەترەکەی خۆی بۆ ڕاگرتم و نەشمزانی بۆ چوومە ژێر چەترەکەی. هەر سڕ و بێدەنگ بووم. کەمێک لەگەڵی ڕۆیشتم. گەیشتینە گوڵفرۆشییەک. هەستم کرد دڵم بەکڕینی گوڵدانە گوڵێکەوەیە وا چەند ڕۆژە لەوێ داندرابوو، بۆیە زوو بەجێم هێشت. دوایی بۆی دەگێڕامەوە ئەو ڕۆژە بێ ڕەحمانە بەجێم هێشتووە و پێی خۆش بووە لەگەڵم بێتە دوکانەکە. بۆیە قەولم دابوو ئیتر پێکەوە بچین بۆ شت کڕین. پێکەنینم بەخۆم دێ. نەمدەزانی ڕەنگە ڕۆژانێک بێت نەک هەر بۆ هیچ کوێیەک نەیەت لەگەڵم، ئاگای لە شت کڕینەکانیشم نەمێنێ. ئەوێ ڕۆژێ کراسێکم لەو ڕەنگەی پێی جوان بوو کڕی و لەبەرم کرد. سەرنجی نەدا هیچ، کە لێشم پرسی چشتێکم گۆڕیوە پێی وابوو مەبەستم ئەوەیە سەر و چاوم هەڵگرتووە. کە بەناڕەحەتییەوە درکاندم ماوەیەکە بۆ هەموو شتێک ئەوەم پێ دەڵێ بەتووڕەییەوە خەتاباری کردم کە من کاتی شت نازانم و لە کاتێکدا خەریکی سەیرکردنی تەلەڤزیۆن موزاحیمی دەبم. ئەو دەمیش نەختێک سەرم لە گێژەوە هات. سووک دەستم برد بۆ مۆبایلەکەی و چوومە دیوەکە هەرچەندە گەڕام لە نیشانەیەک بەدڵ ئاواتەخواز بووم چاوم بەهیچ نەکەوێت. ئەو کاتەی لەنێو مەسیجەکاندا هیچم نەدیتەوە، هەناسەیەکی ڕاحەتیم هەڵکێشا. ئەو کاتەی لەنێو پێوەندییەکاندا چاوم بەژمارەیەکی نەناسراو کەوت، وا چل خولێک پێکەوە قسەیان کردبوو دڵم کەوتە کوتەکوت. نەمزانی چەند بەدەوری دیوەکەدا گەڕاوم. هەر چۆنێک بوو بە لەرزە لەرز ژمارەکەم گرت کچێکی منداڵ وەڵامی دامەوە. چاوم توند توند قوچاند. ورەیەکم هێناوە بەر خۆم. بەو ناوە قسەم لەگەڵ کرد کە پێشتر لە زمان ئەوەوە بیستبووم. خۆی بوو. خۆم ناساند. هەستم کرد ئەویش کەوتە دڵەکوتە. دیاربوو ناسیمی. وەک بڵێی بیەوێ شتێک بڵێ و بۆی نەیا گوشییەکەی داناوە. لاقیشم کەوتە لەرز کە گوشییەکەم دانا. یەک بەخۆم قیژاندم. بەقیژەکەم باران لە دیوەکەی خۆیەوە هەڵاتە لام و ئەویش لەناو چوارچێوەی دەرگەکەدا بوو. یەک بەخۆم گوشییەکەم دا بە سەروچاویدا. ئیتر لەو دەمەوە سڕ و بێدەنگ بووم و گوشییەکەشم بێدەنگ کردووە.

دەنگی ئەو کچە منداڵە تێکەڵی دەنگی تکەتکی ئاوی شێرەی چێشتخانەکەش بووە و دەڵێی پتکە لەو دەمەوە بەسەرمدا دەکەوێ. دیسان هێلنجم دێتێ. بەهێڵنجدان دەڕۆم بەرەو ئاودەسەکە و بیر لەو دەمانە دەکەمەوە کە دەمەقرەمان دەبوو. زوو ئاشت دەبووینەوە. پێم گوتبوو لە جیاتیی ئەوەی کاتی خۆمان بەگەڕان بەدووی تاوانباردا بەفیڕۆ بدەین، باشترە سەرنج بەچرکەچرکی تێپەڕینی تەمەنمان بدەین. کەچی ئەم ڕۆژانەی دوایی هەرچەندە کە بەدووی تاوانبارەوە نەبووم، ئاگام لە تێپەڕاندنی چرکە چرکەکانی تەمەنیشم نەمابوو. دەگەمە ئاودەسەکە. هێق ئەدەمەوە ناو کاسەکە. لە بەرچاوم وەفاداری و دڵداری و ئاشتی دەبنە ئەو زەرداوەی وا دەیهێنمەوە و دەرژێنە ناو کاسەکە و لەوێوە دەچنە ناو ئاوەڕۆکەوە. دەڵێی لەم چەند ڕۆژەدا تەواوی وجوودم بەدەم هەڵقرچانەوە بووبووە پەڵەهەورێک و لە مێشکمدا کۆ بووبووەوە و بەر دەم و گوێ و چاویاندا گرتبووم. بارانیشیان لە بیر بردبوومەوە. بۆیە ورد ورد قەدەرێکی باش بەبێدەنگی دەگریم تا بەرم دەدات. ئاوەکە بەردەدەمەوە. کە دەیکەم بەسەر و چاومدا، لە جیاتیی فێنکایی هەست بەسەرما دەکەم. دەیگرمەوە. دێمە دەر. دەچم باران بەئارامی هەڵدەستێنم. هەڵدەبەزێتەوە. سەری دەنێم بەسینگمەوە. وردە وردە گەرمی دەکەوێتەوە گیانم. هەندێک کەلوپەلی بۆ دەپێچمەوە. دەمەوێ بەر لەوەی بێینە دەر لە کاغەزێکدا بۆی بنووسم "ئەگەر بمزانیبایە ئاوێنەی دڵت بەدیوارێکی ئاوا کورتەوەیە و دڵم ناتوانێ خۆی تێدا وێنا بکات، قەت ڕێم بەدڵم نەدەدا بێتە بەری." کەچی دادەنوێم قەڵەمەکە هەڵگرم، لە ئاوێنە چکۆلەکەدا ئەو کورە تەمەن دە دوازدە ساڵانە شەرمنە دەبینم وا دەستێ کەوا و پاتۆلی کۆنی ڕەنگاوڕەنگی برا گەورەکەی لەبەردایە و لەوێدا خەوتووە. ڕەنگە خەون بەو شتانەوە ببینێت وا بەئاواتیانەوەیە. هەر مەگین سوک دەستێک بەسەرە تاشراوەکەیدا بێنی و لێی گەڕێی لە خەوە خۆشەکەی وەخەبەر نەیەت و دڵە بچووکەکەی دانەخورپێ . قەڵەمەکە هەروا لەسەر مێزەکە دادەنێمەوە و دەست دەدەمە ئەو ڕۆمانەی دەمخوێندەوە. چاوم بە گوڵەکە دەکەوێ. سیس بووە. گەڵاکانی خەریکە وشک دەبن. تازە ناشیانبینم کە چۆن هەڵدەوەرن. بەئەسپایی لەگەڵ باران دێمە دەر و دەرگەکە سووک پێوە دەدەم جیرە نەکات. دەرێ تەمومژێکە چاو چاو نابینێ. حەتمەن ئێستە دایە پیرەی جیرانیشمان وا هەمیشە لەبەر پەنجەرەیە و چاوی لێمانە تا دەستێکی بۆ هەڵێنین نامانبینێ.

شەوقی چرای چەند ئۆتۆمۆبێلێکم بەکزی لێوە دیارە. زوو زوو هەنگاو دەنێین، بەڵام دەبێ وریای بەرپێمان بین نەکا هەڵکەوین. فریای تاکسییەک دەکەوین و سوار دەبین.

کورتە چیرۆک

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

# سپانەی چیرۆک و پەنجا هۆنراوەی تاکدێریی تر

* کە قومم شووشـاند، نەبووە ئەو پەیکەرەی دەمویست، پـەیکەرێک دەرچوو، قمـقمۆکێکە لە زیوە و بە تێلێکی زێڕین لەسێدارە دراوە.

* پیـازم سـپی دەکـرد، ڕێزەڕێژەی فـرمـێـسک دەراندی: ئێـمـە لە ئی گـریانت راسگۆترین رازگۆترین، ئەی شاعیری نووخاز.

* سرجەنگە...! دوا پاسەوان لە مەراق ما: سەرگەرمی بە موگناتیس خەوێندراوە، دڵگەرمیش بووەتە داردەس.

* ئارەزوویەکم کـپاند نەمدەراند، نە لە جەسـتەم، بەسـەر تەختـاسن بە شـێوەی کوارگێک خـۆی هەڵتوقاند.

* لە رێی بەرەو رۆحگەدا، بە پەیژەلوول هەڵزەنیم و لە پۆپگەدا هەڵزەلیم، چاوجوانێکی چاوپیس پێم هەڵکارابوو...!

* یەکەم گوناحت نە سێوە، ئەو یەکەمە کە خواردت، کرمی ناویەوەت لەگەڵ کوشت.

* لەناو سۆپرانۆدا، تەنەکەچی چەرەک کوت کوت سولاوکەمان بۆ دروس دەکا.

* خەریکی نوومەزراندنی کۆماری ئەفلاتوونم، بەس ئەرستۆیی هاتن بۆ نیشتەجێبوون.

* بینین و بیستن و بۆنکردنی گابۆڕ بە ناچاری، منی کردە هەمیشە ئاشتیخواز.

* پاش خۆرپەقین، کوندەبۆ خەنیبوو، شەمشەمەش ناسناوی (کوێرە)ی لە کۆڵ بووەوە!

* لە مـانگیلە تا تابانی، بەکـابانی تریفە دەرخـواردی تاریکە پەنگێندراوەکەی ناو بەرمیلێکی

دارینەی دەدا.

* تابلۆی زەیتیش هەر دیوارە، لە ماڵەکەمدا بە نادیوار چاو و دڵم دەخۆشێ.

* نۆزدە سپانەی چیرۆکی جاراندە هەشتا و هەشت پەیکەری باکردە، ئەنجامی کۆ: چل چل. ..!

* چ نەفامی مەرگ بۆ نەمینێ؟! پاش وەڕسیین، نەمری وای وت.

* بۆ غار من ناچار، پێیەک لە ئەسپ و پێیەک لە تاژی قەرکەم، تا با ببەزێنم.

* لە ژین چووە زین، شوونەکەی لە سێ جێیەی مێشک و بەهەشت و جەحەندەمدا زیندووە.

* ئەرێ دەنگ بۆ قەتسای، خۆ تۆ نەفرمێسکیت؟! پاش وەڕسیین، نەمریی وای بەخۆی وت.

* مەمکە هەور هات و زەویی تێر شیرباران کرد، منی تێنوو/ منی زوو لە شیرکراو/ منی دەس لە مەمکنەداو/ خۆم و عەردی ژێر پێمی بێبەش کرد.

* فەریار نوونەی دەژنێ و بە دژاواز، پەیامی پاشباش دەبەخشێ .

* لەسەر تەختەمۆمدا بە پیتی بینۆشاد نووسیویەتی: خوێندنەوەی تەلیسمە.

* مشکەمسکە شووشەی بۆ خۆشەی لێ فڕاند: هێ شەنگێ دەڤینێک بە من ببەخشە.

* خوێنی بەرد و خوێنی درەخت و خوێنی ئاوی لێک ئاوێتاند، پیرۆزاوی لێ گرت.

* فەلسەفەم سێگۆشاند، ئەویش ئەزی نیگبەت چارگۆشاند.

* لە کەلێنی دەرگە دانەخراوەکەدا بە پێوانەی مللیمەترێک، روونایی سەودایەکی سۆفیانە لەگەڵ تاریکی دەکا.

* نەکەی لێی کەیتەوە، ماری بن شاگوڵ لە تۆ عاشقترێتی، بۆ تۆ ژەهرێکی سادی و بۆ گوڵەکەی هەتوانێکی مازۆخی.

* شار دایکی گوندە یا پێچەوانەیە، نا زڕدایکێکی خراپە و بە شیری گوژاڵک گەورەی دەکات.

* سەگێکی ناهاری ناو هۆنراوە، قەمپاڵێکی لە روحێتی دا، وای زانی هێسکە بە گۆشتەیە.

* لە دوڕیانی ساڵی نوێدا لە جیاتیی ساڵباش، وتی: سێزدە سێزدە ب............ گ. ............ێ، چی لێ ئیجاد دەبێ.!؟

* ژەنیم هەر ژەنیم، هەسارەیێکی بێ ناو لێم نزیک کەوتەوە، خێرا وتی ئاوازت گەردوونییە، هەر هەندە و خێراتر گەڕایەوە.

* رەنگینی بەنگینی! وا فۆتۆت دەکەم، بۆ پێشبەرگ و پاشبەرگی کتێبێکی بێ پەڕ.

* سەردەمی چاپی ئەلکترۆنییە، خوا تەمەن بدا، بەتەمام دوا پیتی دوا رۆژنامەی کاغەز بخوێنمەوە.

* کۆنە ناوی سەپێنراوی شتەکان دەسڕمەوە، خۆیان ئازادن چ ناوێک لەخۆ بنێن.

* لە کوڵخانچی بووەتە حەمامچی، خاڵناسی جەستانە، لەشی بێ خاڵیش بە نەبوو دادەنێ.

* ڕەچەڵەکناس ڕاستی فەرموو، من بە ڕەسەن دەچمەوە سەر سەرتاشەکەی ئەسکەندەر.

* یارماک بەسەر لێومەوە، لە هەرزەکاریدا لێوەکەی ناسنامەی پێ بەخشیم.

* کوردانە فێرە پیشەیێکی سریالی بووم: کورتان بۆ کێچان دروسکەم.

* لە ناخاوی دەریای دەریاکان، گلمتە شەکرێک خێواوکەکەی کرد بە شیرناو.

* شیعر نا، شیر نەمرەزامی بەلەکی چاوبەڵەکی چا دەکا.

* کە تەنیام و بەتەنیام، ژەنینی کەمانێکی تاکرێ شایستەمە.

* کاتێکی شیاو لە شوێنێکی شیاو، ئێوارەیێکی سپۆرت و ژەنتل لە هۆڵێکی پارانۆیادار.

* جیلۆجیا ئاسمانێکە، لە شیعر شیعرتر و لە فێڵیش فێڵتر.

* بڕشێوە چا دەبی، کە چابووی وەک ریلیفسازێک بڕوانە ڕشانەوەی خۆت.

* کوتکایەتیت جامێتی دەریاچە بشکێنێ، نەرسیسایەتی درەختی قەراغ دەبێتە دژە نەرسیسی.

* چاویلکەی خوێندنم خاڵ و حەوت وەلا دەنێت، پێیەوە زێدە جل دادەکەنم.

* حەفتیان لە حەوت بۆ جاراند و عەبای ئێراقی و خەلیجییان پێ پۆشی، ئافرەتە و هەر خۆی هونەربازی دەرخستنی جۆشینەیە.

* من و نەخۆشی لەگەڵ یەک یاری دەکەین، بەردەوام دەبین، ئەگەر مەرگ نێ و بڵێ: منیش پێک بکەن نەوەک خۆم دەکوژم.!

* لە دوا ئاهیدا، دەبدەبە و دەبابە هاتنە پێش چاوی، یەکەم تێی گرت، دووەمیش لە بنگوێی تەقا.

* چاوم بەهارییە، پشتم هاوینییە، شالاقم پایزییە، مێشکم زستانییە و بە جەڕنافیسێکی کول بورغییەکی سیلاک بادەدەم.

* هەسپم بەڕەوتی جۆگەلەی نیوە سڕ دەڕوات، خۆمی خەوار گۆرانییەکی دژامێر دەڵێم.

* ڕەنگۆڕکێیان کرد بوونە ئەستێرەی ڕەش و شەوی هەرە سپی، لەو نوودۆخەدا مرۆڤیش پێستگۆڕکێی کرد، بڵێ چەوسانەوە بمینێ؟

* خۆشجلەو هاتە بەر درەختی خۆشبەختی، خەساو لەوێ بوو.

***

باکردە: با دروستی کردووە. با تاشیویەتی .

بۆخۆشە: کورتکراوەی بۆنخۆشەیە.

بینۆشاد: لە کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام) ابن وحشية النبطي دەڵێ: جۆرە قەڵەم و پیتێکە، بە لای کوردەوە بینۆشاد و ماسی سۆراتی هەموو زانین و هونەری خۆیان بەو پیتە

نووسیوه.

پارانۆیادار: پەرەنۆیەدار، تووشبووی دەروونئێشەی پارانۆیا. هەر کەسێ ئەو نەخۆشییەی هەبێ، خۆپەرستە و زۆر را لەخۆیە، زوو هەڵدەچێت و لە خەڵکیش بە پارێزە، یان بێ هۆ هەست بە چەوسانەوە بکات.

پاشباش: دوای باش .

پەیژەلوول: پەیژەی پێچاوپێچ. سلم حلزونی.

ئیجاد: پەیدا، کوردێندراوە.

تەختاسن: تەختە ئاسن.

تەقا: تەقی ( بە زمانی منداڵ ).

جاراند: ژمارەیێک جاران ژمارەیەکی تر بکرێتەوە. ضرب حسابي.

جەحەندەم: جەهەندەم. دۆزەخ.

جەڕنافیس: جەرنافیز، دەرنافیس، دەرنەفیز.

جیلۆجیا: جیۆلۆجیا geology زانستی چینەکانی زەوییە.

خۆشجلەو: بە ئاسانی داژوورێ.

دەخۆشێ: خۆش دەبێ.

دروسکەم: دروست دەکەم .

دژامێر: کورتکراوەی دژئامێر.

دژاواز: کورتکراوەی دژئاواز .

دەراندی: ئاشکرای کرد.

خەوار: خەوۆک، عەبدەخەو.

راسگۆ. رازگۆ: راستگۆ. نهێنیگۆ.

ریلیفساز: زەقتاش. ریلیف relief: زەقتاشە، دیوتاشە، دیوپەیکەر، نحت بارز.

زین: گیانێکی نەمر.

ژەنتل: ژەنتلمان، جێنتلمان، جەنتل، جەنتلمان gentleman لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، رێزدار، رەسەندار، رووخۆش، مرۆڤێکە کەسایەتییەکەی رێکوپێکە.

سەرتاشەکەی ئەسکەندەر: مەبەست ئەسکەندەری مەکەدۆنییە (مەقدۆنی) (٣٥٦ ـ ٣٢٣ پ. ز ) بەپێی حەقایەتێکی باوکم: ئەسکەندەر دوو قۆچ بە سەریەوە رسکابوو، هەر جارەی سەرتاشێک قژی بتراشیایە، دەیکوشت، دواجار سەرتاشێک خاوەن منداڵی وردە، زۆر لێی دەپاڕێتەوە و بەڵێن دەدا نهێنییەکەی بپارێزێ، ئەسکەندەریش دڵی نەرم دەبێ و بەڕەڵڵای

دەکات. بەتێپەڕبوونی ڕۆژان زگی سەرتاشەکە هەڵدەپەنمێ و ناچار لەبەر ژانەکەی دەچێتە لای پیرەژنێکی حەکیم (دختۆری میللی) ئەویش پێی دەڵێ نهێنییەکت لە دڵە برۆ بیدرکێنە سکت دەنیشێتەوە. سەرتاش لە ترسان دەڕواتە دەرەوەی شار و لەناو چاڵێکدا هاوار دەکات (ئەسکەندەر دوو قۆچی هەیە) کە ئەم نهێنییە بەتاڵ دەکات، سکی دەگەڕێتەوە ئاستی ئاسایی خۆی. دوای سالآنێک دار قەمیشێک لەو جێیە شین دەبێ، شوان لقی لێ دەبڕن و نەی و دووزەلەی لێ دروست دەکەن، کە بەفوو دەیژەنن ئاوازەکەی دەڵێ: ئەسکەندەر دوو قۆچی هەیە.

سرجەنگ: جەنگی سارد، الحرب الباردة.

سپۆرت: کەسێکە شارستانییە و ڕێز لە دیکان بگرێ، خاوەن گیانێکی وەرزشکارانەیە و بڕوای بە ململانێیەکی پاک هەبێ. ئەم زاراوەیە لەناو گەنجانی شار بەکار دێ و مەبەستی: لە سوعبەت تووڕە نابێ. هەروەها لەناو دەستەیەکی کەم کەسدا بەو کچە دەڵێن کە ئازادە و تێکەڵی کوڕان دەبێت.

سۆپڕانۆ: زاراوەیێکی مۆسیقایە، دەنگی ئافرەت و منداڵانە.

شالاق: شاقاچ.

شووشاند: کردی بە شووشە.

عەبای عێراقی و خەلیجی: عابا، باڵاپۆشێکی رەش، چارشێوێکی رەشی سادەی یەکپارچەیە، ژنی شاران لەبەری دەکەن و سەرولەشی خۆیان پێ دادەپۆشن، پێشەوەی کراوەیە و ژن بەدەستێک یان دوو دەست دای دەخەن و بۆ جوولە و رەفتاری پێویست دەیکەنەوە، رۆخەکانی بەداو یان قەیتانێکی رەش چنراوە. لە شارەکانی عێراق لەبەر دەکرا، زیاتر ژنی ناوماڵ لە دەرەوە بەکاریان دەهێنا، ئافرەتی فەرمانبەر لە کاتی کاردا بێ عەبایە و لەوانەیە هەندێکیان پاش دەوام و لە پشوو لەبەریان بکردایە. عەبای خەلیجی دوای ڕاپەڕین بە چەند ساڵێک هاتە کوردستان و لە دوای رووخانی رژێمی سەدام لە تێکڕای شارەکانی عێراق بەکار هات، ئەم جۆرە عەبایە سەر داناپۆشێت و پێشەوەی بە قۆپچە دادەخرێت هەندە جێی بە تایبەت پشت بە داو و پوولەکەی زێڕین و کریستال نەخش کراوە. ڕەنگی سادەشی هەیە. پاش پەیدابوونی عەبای خەلیجی و بۆ جیاکردنەوەیان، ناوی عێراقی خرایە سەر عەبای خۆمانە.

فەڕیار: فەڕۆک. فەڕکردە. قدیس.

قەتسای: قەتیس مای.

قەرکەم: کورتکراوەی قەرد بکەم .

قمقمۆک: قومقومۆک، گیاندارێکی خشۆکە، درێژییەکەی بستێک و زیاترە، لەناو بەرد و بەردی

تەمووک (تەمۆخ) دەژێ. ڕەنگی شینبۆرە و پنک پنکە.

کولّخانچی: تونگخانەچی، تونگچی، توونچی. کەسێکە کاری داگیرساندنی ئاگردانی گەرماوخانەیە (حەمام).

گابۆڕ: بۆڕەبۆڕی گاگەل کە خوێنی گای سەربڕاو دەبینن. ئەم کۆبۆڕینە یا لە ترسی سەربڕینی خۆیانە یان شین و گریانێکە بۆ کوژراوێکی خۆیان یانیش هاواربردنە بۆ هاناڕەسێک.

مانگیلە: مانگی نوێ، مانگی یەکشەوە، هلال.

مشکەمسکە: گیاندارێکە لە فەرخە مامز دەچێت، ڕاوچی دەیگرن و ناوکەکەی بە شتێک دەبەستن تا خوێنی لەناو کۆ ببێتەوە، ئەو دەفرە خوێنە لەناو جۆ دەنێژرێ، پاش ماوەیێک ئەو خوێنە کە پێشتر بۆنێکی قێزەونی لێ دەهات، دەبێتە مسکەبۆنێکی زۆر خۆش.

ناخاو: ناخی ئاو.

نەفرمێسکیت: فرمێسک نیت.

نووخاز: نوێخواز.

نوودۆخ: بارودۆخی نوێ.

نوومەزراندن: بنیاتنانێکی نوێ.

نوونەی: نەیی نوێ.

هەڵکاران: حەسوودی پێ بردن، ئیرەیی، هەڵکالآن.

یارماک: شوونی یار.

چیرۆک

عوسمان دەروێش

# شاییی جنۆکە

هەرکە سلاوی نوێژەکەی دایەوە بە پەلە بەرماڵەکەی لوول دا و هەڵی دایە سەر نوێنە کەڵەکەبووەکانی سەر سندوقە دوو دەرگەکەیانەوە، کە دەرگەیەکیان وێنەی بوراقێکی لەسەر کرابوو، ئەوی تریشیان وێنەی کەوێک، بوراقەکە جەستەی لە گوێدرێژ دەچوو، بەڵام دوو باڵی گەورەشی هەبوو بۆ فڕین، سەریشی زیاتر لەسەری ژنێک دەچوو بە دوو چاوی گەورە و ڕەشەوە، پرچێکی ڕەش و درێژیش لە تەوقی سەریەوە شۆڕ بووبووەوە و، بەسەر ملیدا داخزابووەوە خوارەوە.

هەمیشە دەرگەکان بەدوو قفڵی بچووک داخرابوون و، کلیلەکانیشیان بە دەرزێقەیەک هێندەی کوللەیەکی هەراش دەبوو لەگەڵ کوژەکەیەکی شین و دوو حەتۆتەی چوارگۆشە و سێگۆشە، کە لە شێوەی نوشتە دوورابوون و پڕیان لە زاخ و مازوو و سۆتکەی هاڕڕاوە بوو. جۆرە بۆنێکی لێوە دەهات ژنان حەزیان پێی بوو لەگەڵ کلیلەکاندا بە ئێلەگەکەی نەشمیلی ژنیەوە بوو، ئەگەر بۆ دەرکردنی شتێک دەرگەکەی بکردایەتەوە منداڵەکانی بۆ سەیرکردنی ناو سندووقەکە بە پەرۆشەوە تاویان دەدا و لە دایکیان نێزیک دەبوونەوە، هەردوو چاوەکەی پڕ بوون لە جلوبەرگی تازە و قەدکراوی نەشمیل و جوامێری مێردی و مناڵەکانیان، بۆنێکی خۆشی سۆتکە و مێخەکی لێوە دەهات لووتی مناڵەکانی پڕ دەکرد، بە نوقڵە

ترشـــەیەک یان نـەعنا و بەرمـــاخ مناڵەکـــانی لـە خـــۆی دوور دەخستـەوە، بۆ دڵنیابوونی خۆی دەستێکی لە تاپۆی خانووەکەی شـاریانی دەدا، کـە لەناو قـوتوویەکی بوخـوردی لوولەییی درێژ هەڵیان گرتبوو، یان ئەو چەند دینارە پاشەکەوتەی جوامێر، کە لەناو کیفێکی بەزەنگیانە چنراو لەناو جلەکانیدا هەڵی گرتبوو، دوای دڵنیابوون لێیان لە جێی خۆی دای دەنانەوە.

جـوامـێـر هـەرسێ مناڵەکـەی لە خـۆی کـۆ کـردەوە بـەدیار زۆپاکەوە دانیشتن، چراکەشیان کز کز دەسـووتا، لەگەڵ هـەموو گرمـەیەکی هـەورەکە و چەخماخە لێدانێکیشدا چراکە پرتەیەکی دەکرد دەیویست بکوژێتەوە.

تاریکە شـەوێکی ئەنگوسـتـەچاو بـوو بارانەکـەش بە لێـزمـە دەباری، دەتوت ئـەوەی لـەنـاو نوێژەکـــەیدا بـەخـــەیاڵ هـاتووە بەسـەرهاتەکـەی شـەریفی دراوسـێـیـان بۆ ژن و منداڵەکـانی بگێـڕێتەوە، کـە چەند شـەوێکی پێشـتـر لە دیوەخـانەکەی ئاغا بەسـەریدا هاتبوو، مناڵەکانی هیچیان تەمەنیان نەگەیشتبووە دە ساڵێ، هیوای کوڕە بچووکیان سـەری خسـتـبـووە سـەر ڕانی دایکی وەنەوزەی خـەوی دەدا.. چرۆ و ئامـانج لەو گـەورەتر بوون، چوارمشقی بەرامبەر باوکیان دانیشتبوون، نەشمیل دەستێکی خستە ژێر سـەری هیـوا و لە عەرزەکەی دانا، دوو سێ ژێرپیاڵە مێوژی هێنایە بەردەستیان، بەهۆی خواردنی مێوژەوە هیواش خەوەکەی زڕا و بۆ گوێگرتن دانیشت.

شـــەریفی عـــەبە عـــەنـتـیکە پیـــاوێک بوو زۆر حـــەزی بە خۆهـەڵکێشـان بوو. جار نەبوو لە کۆڕی دیوەخـاندا ئازایەتی و پاڵەوانێـتـیی خـۆی نەگـێـڕێتـەوە، کـە بەهیچ پـاسـاوێکیش ئازایەتییەکان لە شان و شەوکەتی ئەو نەدەوەشانەوە، باوکیشی پیاوێکی قـۆشـمـە و گاڵتـەچی بـوو، بۆیە بە عـەبە عـەنتـیکە ناوی دەرکـردبوو، بەڵام ئەو وەکـو شـەریفی کوڕی حـەزی بە فشـە و خـۆهـەڵکێشـان نەبوو، تـەنیا حـەزی لە بـەزم و گاڵتـە بـوو، بۆیە گـەورە و بچووکی ئاوایی خۆشیان دەویست. هـەر لەبەر خـاتری گۆڕەکەی ئەویش شەریفی کوڕیان بە درۆ نەدەخستەوە، کە سوڕ دەیانزانی قسـەکانی دوورن لە ڕاستییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە

بەڵێ و وایە وەڵامیان دەدایەوە و گوێیان بۆ قسەکانی دەگرت.

ئەو شــەوە لە دیوەخــانەکـەی ئاغــادا لـە دوای بەســەربردنی کــاتێکی خـۆش بە یاری کـڵاوێن و گـۆرانیی ئەڵڵاوەیسی، کـە زۆربەی گـەنجــان و پیـرەمـێـردی گـوند کـۆ بووبوونـەوە لەوێ جوامێریش یەکێک بوو لەوان، دیسانەوە وەکو پیشەی هەموو جارێکی کاکە شەریف دەستی بە فشە و خۆهەڵکێشان کردەوە، جیا لەوانی تر جوامێر بەڕاستگۆی دەزانی و باوەڕی تەواوی بە قسـەکانی بـوو، بۆیە بەم شـێوەیە قسـەکـانی بۆ نـەشـمـیل و مناڵەکانی گێڕایەوە.

لەم شەوانەدا کاک شەریف بەسەرهاتێکی سەیری بەسەردا هات (دوا قومی لە جگەرەکەی دا و، ئاغزەکەی لەناو تەپڵـەکە فـافـۆنەکـە پلیـقـاندەوە، ســەرینە کـوردییـەکەی هەڵگرت و لە باوەشیدا دای نا، هەردوو ئانیشکی خستە سەری و ناولەپەکانی نووســاند بەیەکــەوە و پەنجــەکــانی ڕاست و چەپی خــزاندە ناویەکەوە و دای خستن و کردی بە کۆڵەکەی ژێر چەناگەی) چاوی لە ئاگرەکەی بەردەمی بڕی بێ ئەوەی ڕووی بەلایاندا وەرچەرخێنێ

- نەشە دەزانی چی بەسەردا هاتووە؟

- نەوەڵلا ئاگەداری هیچ نیم.

مناڵەکان زیاتر گوێ قولاخ بوون و هەستیان بۆ ڕاگرت.

نیــوەشــەوێکی درەنگ لە دەرگــەیانیــان داوە، ئەویش بەپەلە پشتێنەکەی دەبەستێت و بەرەو دەرگەکە دەڕوات، پێش ئەوەی بگاتە دەرگەکە و لێیان بکاتەوە لەودیوەوە پێیان وتبوو دەی کاکە شەریف پەلە بکە، دەرگەی بۆ کردبوونەوە دوو پیاوی بچکۆلانەی قەزەمی بینیبوو، کە بە هیچ جۆرێ نەیانیدەناسی، بەڵام بەژیریی خۆی زانیبووی ئەوان گەلن.

- ئەوان گەل کێن؟

یانـی جنۆکـە، بۆ تێ نـاگـەی، زانیـبـووی ئەوان مـرۆڤ نین و جنۆکەن، ویستبووی بیسمیللا بکات یەکێ لە جنۆکەکان وتبووی

ئەوەی لە دڵتایە مەیلێ ئێمە زیانمان بۆت نابێ، ئەویش بیسمیللای نەکردبوو کەوتبووە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، ئەوان زانیبوویان کاک شەریف دووزەلەژەنە داوایان لێ کردبوو بچێت لەگەڵیاندا بۆ خوارووی ئاوایی لەوێ شایی و هەڵپەرکێیان ساز کردبوو.

- ووی بیسمیللا چۆن نەترساوە؟ ئەی چی کرد، ناشێ بڵێی ڕۆیشتووە لەگەڵیاندا؟

تۆ ڕاوەستە با بۆت بگێڕمەوە کاک شەریف وێڕای ئەوەی زانیبووی ئەمانە جنۆکەن لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەزم و خۆشیی خۆی هەر ڕۆیشتبوو لەگەڵیاندا.

- ووی دایکەڕۆ موچڕک بەلەشما دێت، کۆست کەوێ شەفە چۆن نەترساوە؟

هەرسێ مناڵەکەیان بەناوی جنۆکە سڵمینەوە ترس بەرۆکیانی گرت.

کچێ ترسی چی تێکەڵ بە ئەو گەلە بووە و بەدووزەلەکەی ڕەشبەڵەکی بۆ گڕ دابوون، تاوێکی چاکیش هەڵپەرکێی لەگەڵدا کردبوون، دەیوت ژن و پیاویان لەوێ بوون و هەڵدەپەڕین، هەموویان کورتەباڵا و قەزەم بوون، گلێنەی چاوەکانیان وەک گلێنەی چاوی خۆمان خڕ نەبوون ئەوانەی ئەوان درێژ بوون و دەبریسکانەوە، دەتوت گڵۆپیان تیایە، گوێکانیان درێژکۆلە و کەمێ بۆ سەرەوە هەڵکشابوون... بڕوا بکە نەشە، بەس بە باسکردنەکەی، من ترسم لێ نیشتبوو وا بیرم دەکردەوە ئەگەر ئەو کاک شەریفە نەبوایە هەر کەسێ تر بوایە شەرواڵەکەی پیس دەکرد.

بەبیستنی ئەو قسانە منداڵەکان ڕەنگیان هەڵپڕووکابوو ترس زاڵ بووبوو بەسەریاندا، میزەچوڕکێیان بوو، لە ترسی تاریکی و باران و جنۆکە نەیاندەوێرا بچنە دەرەوە.

جوامێر بێ ئەوەی هەست بە شڵەژان و پەشۆکانی منداڵەکانی بکات درێژەی بەقسەکانی دا..

کـاک شـەریف دەیـوت ئەوەی ترس بێت لە گـیـانی مندا نەبوو وەکو خـەڵکی ئاواییی خـۆمـان تەمـاشـایانم دەکـرد، بەڵام لە دڵی خۆمدا بیسمیللاکەم هەڵگرتبوو نەک لە ناکاودا زەفەرم پێ ببەن، دەمـوت بزانم کـۆتاییـیـەکـەی بە کـوێ دەگـات بۆیە بیـسـمـیللام نەدەکرد.

ـ بەخوا بەغیرەتە، وەڵا کەڵەمێردە.. ئێ دوایی؟

کچێ تۆش خـۆم ئـاسـایی سـاویلکەی، گـوێ بۆ کۆتـاییـیـەکـەی بگـرە بزانـە ئەم قـــارەمـــانە چـی بەســـەر دێ، دەیـوت لەنـاو ئەو شـــایلۆغــانە دەســـتـی ئـەمــیـــانم بەردەدا و ئـەوی تریان دەهـاتە دەسـتـمـەوە، تاوێ هەڵپـەڕکـێ تاوێ دووزەلە لێدان لە نێـوان ژن و پیاویاندا، تا بەرەبەیان مـامەوە، هەموویان جلی جوان و بـاشیان لەبەردا بوو، بەڵام زۆر بەگـومـان بووم لە جلەکـانیـان وەک ئەوەی بیانناسـمەوە وا بوو، کەوا گـوڵ باتمانەکەی کوێخاژنم ناسییەوە زۆر دڵنـیـا بووم کــەواکــەی ئەو بوو، بـۆیە فـرسـەتم وەرگـرت بە ئاگری جگەرەکەم کونێکم لە پاڵدمی لای ڕاستی کرد، بۆ ئەوەی سبەی ئەم بەسـەرهاتە بگێڕمـەوە باوەڕم پێ بکەن و ببێت بە شایەتی قسەکانم.

ـ بەخوا ژیر و ئازایە.

ئحمێکی کرد و سەرینەکەی خستە ژێر شانی و پاڵی دایەوە.. لەگەڵ تێپەڕاندنی دەنکی تەسبیحەکەیدا دەستی پێ کردەوە.

دەیوت یەکێ لە جنۆکەکان بەهەڵسوکەوتیدا دیار بوو گەورەی ئەو خێڵە بوو، فـەرمـانی دا بڕۆن گـایەکـەی مـاڵی خـەسرەو بێنن سەری ببڕن.

ـ ئەیەڕڕۆ جنۆکە چوزانێ ناوی خەسرەوە؟

چوزانم ئەو وای گـێـڕایەوە، بە چـەند چرکــەیەک دووانیـــان گـایەکـەیان دابووە پێـشی خـۆیان و هـێنایان، چۆن مـانگاکـەی خـۆمـان دەناسم ئاوهـا گـایەکـەی خەسـرەوم ناسـییـەوە لەپێش چاوی خۆم سەریان بڕی و شـەق و پەقیان کرد، هەردوو مەنجەڵە گـەورەکـەی مـاڵی سـەی برایمیـان هێنا و دار و چیلکەیان کـۆ کردەوە هـەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو گۆشـتەکە کوڵا، نەمزانی

ئەو هـەمـوو قـاپ و قـاچاغـەیان لـە کـوێوە هێنا، بەڵام دڵنیـام ئەوانەش هـەر هی ئاواییی خـۆمـان بوون، سـفـرەیان ڕاخـست منیش لەگەڵیاندا تێرم لە گۆشتی گایەکە خوارد.

مـچـەی خـولـەی زۆرخـۆر ویسـتی گـاڵتـەی پێ بکات و بە درۆی بخـاتەوە بـە تەشـقـەڵەوە پێـی وت: ئێ کـوڕی باش دوو پـنتک لەو گۆشتەت بۆ ئێمەش بهێنایە.

دەزانم گاڵتەت بە قسەکانم دێت ئێستە بۆتی دەسەلمێنم.

ـ مـچـە.. دووبارە ڕووی تێ کـرد، ئەی ئـەوە نـیـیـە گـایەکـەیان وەکو خۆیەتی ئیتر گۆشت خواردنی چی؟!

ـ ئاغـا نەیهـێـشت زۆری لەسـەر بڕوات، بێـدەنگی کـرد و بە شـەریفی وت بەردەوام بە لە قسەکانت.

ڕووی دەمی لە ئاغا کرد.. بەسـەری تۆ ئاغا هەمـوو شتەکانیان کۆ کردەوە هەریەکەیان بۆ خاوەنی خۆیان گەڕاندەوە.

ـ هەتیو ئەوە نییە گایەکە زیندووە ناشێ بڵێی ئەویشیان چاک کردووەتەوە.

بەڵێ ئاغا گیان ئـەویشیـان سـاغ کردەوە وەکو پێشـوو، بەڵام من پەراسـوویەکم لێ شـاردنەوە بۆ ئەوەی کە ئەم بەسـەرهـاتە بگێڕمـەوە و، یەکێکی وەک مـچـە نەڵێ درۆیە، دوای ئەوەی بۆی گەڕان و نەیاندۆزییەوە لە چیلکە دارێک پەراسوویەکیان بۆ دروست کرد و هێنایانەوە بۆ ماڵی خـەسرەو، لە دوای شایی و نانخواردن زانیم کارێکیان نەماوە ترسم هەبوو دەسـتم لێ وەشـێـنن، زوو فـریا کـەوتم و بیسـمـیللام کـرد وەک ئەوەی تەلەڤزوێنێ بکوژێنیتـەوە یەکسـەر ئەو ناوە خـامـۆش بوو، کەسیان لەوێ نەمان هـەر خـۆم بەتەنیا مامەوە، کاتێ هـاتمـەوە بۆ ماڵی خۆمان دەمەوبەیانی بوو.

دوای گێڕانەوەی قسـەکانی هەموو دانیشـتوانی دیوەخانەکە سـەرسـام بوون، ئەویش بۆ دڵنیـابوونی ئێـمـە زوو زوو داوای لێ دەکردین گرەوی لەگەڵدا بکەین، کە گـایەکە پەراسـوویەکی دارە، کـەس نەیتـوانی گرەوی لەگـەڵدا بکات و ببێتـە هۆی سـەربڕینی گایەکە زیاتر دەنگی بەرز کردەوە بەسـەر خەڵکەکەدا: دەی ئەوەی

باوەڕی بە قسەکانم نایەت با گرەوم لەگەڵدا بکات و گایەکە سەر ببڕین و منیش پەراسووەکەیتان پێشان بدەم.

تەنانەت ئاغاش دوودڵ بوو نەیتوانی گرەوی لەگەڵدا بکات، ڕەنجەی مام ناسر هەرچەند لە هەموومان منداڵتر بوو چونکە خوێندەوار بوو فریامان کەوت.

- چۆن؟

تا ئەو کاتە وەک ئێمە گوێی دەگرت، دوای ئەوەی کاک شەریف داوای گرەوی لێ کردین و کەسمان متمانەمان بەخۆمان نەبوو بیکەین، ڕەنجە وەک ئەوەی لە پۆلدا بێت دەستی بەرز کردەوە بە ئاغای وت، قوربان جەنابی ئاغا من دەتوانم ڕاستی و ناڕاستیی قسەکانی مامە شەریف دەرکەم.

شەریف مۆڕەیەکی لێ کرد و پێی وت ئادەی تۆ دەتوانی گرەوم لەگەڵدا بکەی؟

ڕەنجە بەڕێزێکەوە پێی وت: نەخێر گرەو ناکەم بەڵام کەواکەی کوێخا ژن ڕاستیی قسەکان دەسەلمێنێ، تۆ نەتوت پاڵدمی لای ڕاستیم کون کردووە بە جگەرەکەم؟

شەریف ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا نەیتوانی بێتە گۆ بەسەرلەقاندنێک وەڵامی دایەوە.

بەفەرمانی ئاغا ڕۆیشتن کەوا گوڵباتمانەکەی کوێخا ژنیان هێنا، هەموومان یەک لە دوای یەک کەواکەمان ئەمدیو و ئەودیو کرد جێ ئاگری جگەرە و کونمان تیا نەبینی.

کاک شەریف زۆر پەشۆکا و ڕەنگی تێک چوو، وتی قوربان ڕەنگە کونەکەیان چاک کردبێتەوە.

ئاغا هەندێ تەماشای کرد و پێی وت: دەباشە بڕۆ پەراسووەکەمان بۆ بێنە.

تا ئەو ڕۆیشت و گەڕایەوە هەریەکە و شتێکمان دەوت.

- بەخوا فشەی چاکی بۆ کردین.

- ئەی ئافەرین ڕەنجە وا درۆکانیت دەرخست.

ـ كوڕە بابە لەبەر ڕەحمەتیی باوکی من حەزم نەئەکرد تەریقی بکەمەوە.

ـ قەیناکە با تەمێ بێت ئەوەندە خۆی هەڵنەکێشێ.

ـ ئاخر باوکم گایەک سەربڕابێت و گۆشتەکەی کوڵابێت و خورابێت چۆن زیندوو دەبێتەوە.

ـ ئەی ئەو دەیوت هەموویان بچکۆلە و قەزەم بوون چۆن ئەم بەو زلی خۆیەوە بەدەستیانەوە هەڵپەڕیوە.

ـ وس بن وا گەڕایەوە.

ئاغا پێی وتین ئەگەر هاتەوە هیچی پێ نەبوو سەر مەخەنە سەری لێی گەڕێن ئەگەر پیاو بێت بەسێتی.

لە لای دەرگەکەوە دانیشت سەری نووسان بەسینگییەوە ئێمەش هەموومان تەماشایمان دەکرد، ئاغا پێی وت شەریف کوا پەراسووەکە پێشانمانی بدە.

بەشەرمێکەوە وتی: ئاغا بەخوا ڕەنگە هەر جنۆکەکان دزیبێتیانەوە زۆر بۆی گەڕام نەمابوو.

مچەی خولە زۆرخۆر وتی: شەریف با گرەوەکە بکەین.

شەریف هەستایە سەرپێ و وتی کاکە گیان نە گرەو دەکەم نە لە دیوەخاندا قسە دەکەم دەبەسە ئیتر وازم لێ بێنن.

تا جوامێر قسەکانی بۆ ژن و منداڵەکانی گێڕایەوە هیوا و چرۆ خەو بردبوونیەوە، ئامانج بۆ میزکردن چووە دەرەوە لەگەڵ گرمەی هەورەکەدا ئەویش زریکاندی و بەڕاکردن هاتە ماڵەوە، تا گەیاندیانە لای مەلای دێیەکە، هەر دەیزیڕاند و دەیوت چاوی ناشیرینە گوێی درێژە ئەو پیاوە بچووکە لێم دەدات.

دایک و باوکی بە بیسمیللا بیسمیللا دەرگەی ماڵی مەلایان تاکانەوە.

چیرۆک

ئەسعەد عەزیز محەمەد

# جووڵەی بە بەردبوو . .



بەڕاکردن لە دەرگەی قوتابخانەکە هاتە دەرەوە وەکو ئاماژەیەک بۆ دەربڕینی خۆشی وشادی کارتی نمرەکانی بە دەستی ڕاستی بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە، لە هەموو جووڵەیەکی جەستەیدا بزەی خۆشی ڕەنگی دەداوە، بەدەم لۆقەی ڕاکردنەوە دەیویست هەرچی زووترە بگاتە لای باوکی تا هەواڵی بەیەکەم دەرچوونی پێ ڕابگەیەنێ بۆ ئەوەی پاسکیلی بۆ بکڕێت وەکو پێشتر بەڵێنی پێ دابوو. هەنگاوەکانی زۆر خێرا کردبووەوە بەوێنەی خڕخڕۆکەی پاسکیل دەخولایەوە و بەرەو پێشەوە تەکانی دەدا.

بیرەوەرییەکانی بەرەو چەند ساتێکی تێپەڕبوو گەڕایەوە، لەسەر کاتی دابەشکردنی نمرەکان جووڵەی ڕاوەستا. سەرەتا ناوی قوتابییە دەرنەچووەکان خوێندرایەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی هەر

ناوێکدا ترس و دڵەڕاوکێ بەرووخساری دەردەکەوت لە ناخی خۆیدا دەیپرسی تۆ بڵێی ناوی داهاتوو ناوی من نەبێت؟ کاتێک خوێندنەوەی ناوەکان گەیشتە سەر ناوی ئیکمالەکان ترسەکەی گوشاری زیاتری خستبووە سەر بیرکردنەوەی. دەرگەی بیرکردنەوەی بە ڕووی هەموو شتێکی تر داخستبوو جگە لە ناوەکان. وە کاتێ خوێندنەوەی ناوەکان گەیشتە سەر قوتابییە دەرچووەکان هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵمژی، هەستی بەوە کرد لەژێر بارێکی زۆر قورسدا ڕزگاری بووە، یەکەم ناوی قوتابییە دەرچووەکان ناوی ئەو بوو چونکە یەکەمی پۆلەکەی بوو، ئیتر ئەو ساتە بەتەنیا ئەوەندە ئاگای لە وتەی مامۆستاکەی بوو کە بەیەکەم دەرچووە، تەنانەت بێ ئاگاش بوو لە هەموو ستایش و پێهەڵدانی مامۆستاکەی لە پەلەکردندا خەریک بوو ئەو دیارییەش بەجێ بهێڵێ کە مامۆستایان بەقوتابییە یەکەمەکانیان پێشکێش دەکرد، لە بەردەم دەرگەی پۆلەکە گەڕاندییەوە و دیارییەکەی پێ بەخشی. بێ خواستی خۆی لەسەر شەقامەکە بەبینینی برا بچکۆلەکەی ئامانج کە لەگەڵ چەند قوتابییەکدا یاریی دوو گۆڵیی دەکرد، ئامانجی هاوڕێی بەبیر هاتەوە ماوەی چەندان ساڵە بەیەکەوە لە پۆلێکدان هەموو ساڵێک یەکەمی پۆلەکەیان دەبوو نموونەی قوتابیی ژیر و زیرەک و گوێڕایەڵ و خۆشەویست بوو، زۆرجار مامۆستایان ئامانجی قوتابیان وەکو نموونە بۆ قوتابیانی تر دەهێنایەوە، ئەوەی لە یاد مابوو کاتێک قوتابی بوون لە پۆلی چوارەم مامۆستا یەکە یەکە لە قوتابیانیان دەپرسی حەز دەکەیت لە دوارۆژدا ببیتە چی؟ ئامانج لە وەڵامدا گوتی: حەز دەکەم لە دوارۆژ ببمە پزیشک و نەخۆش چارەسەر بکەم. بەڵام لە پشووی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ باوکی ئامانج بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل مرد، لەوساوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئامانج لە خوێندنەکەی دوا دەکەوێت و بەردەوام کەسێکی خەمبار و بێزارە زۆرجار مامۆستایان گلەییی ئەوەی لێ دەکەن ئەرکەکانی وەکو قوتابی جێبەجێ ناکات و ناخوێنێ، ڕۆژێکیان بۆ ئەوەی ببێتە هاندەری ئامانج بۆ ئەوەی لە سەعیکردن بەردەوام بێت پێی گوت: بۆچی وەکو جاران هەوڵ نادەیت تا یەکەم دەربچیت؟ خۆ تۆ دەتگوت دەمەوێت ببمە دوکتۆر؟!

ئەویش بە نیگایەکی پڕ لە حوزن و هەناسەساردییەوە، پیتە خەماوییەکان لە گەرووی تاساوی گیری خواردبوو حوزن هەموو ڕوومەتی داپۆشی بوو، چاوەکانی دوو گۆماوی پڕ لە حوزن بوون، نیگای تارمایی بێزاری ڕەشپۆشی کردبوو، دڵۆپە فرمێسکەکان لەقوڕگی بەربەستێکیان لەبەردەم ڕێڕەوی پیت و وشەکان دروست کردبوو گوتی:-

- من بۆ ئەوە حەزم دەکرد بخوێنم و بە یەکەم دەربچم لەبەرئەوەی باوکم حەزی دەکرد ببمە پزیشک، لە دوای مردنی باوکم هیچ پێویستم بەوە نییە هەوڵ بدەم و بخوێنم ، نازانم بۆچی بخوێنم؟ لەبەر خاتری کێ ببمە پزیشک؟ زۆر دووریش نییە واز لە خوێندن بهێنم و دەست بەکارکردن بکەم بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خۆم و خێزانەکەم پەیدا بکەم.

بەدەم ڕێکردنەوە چاوی بە چواردەوری خۆی گێڕا، هەمان ئەو ڕێگەیە نەبوو کە ڕۆژانە بۆ قوتابخانە هاتوچۆی تیا دەکرد، بەڵام ئەو شەقامە بوو کە لەوێوە دەگەیشتە دوکانەکەی باوکی،

کاتێ نیازی دوکانەکەی باوکی بوایە ئەم ڕێگەیەی دەگرتە بەر یان هەندێ جار بۆ بۆنکردنی بۆن و بەرامی گوڵزاری باخچەی حەوشە گەورەکە بەم شەقامەدا تێ دەپەڕی، چەندان جاریش بۆ بینینی کچە چاوشینەکە بەم کۆڵانەدا دەهات، بۆ خۆشی لەوە تێ نەئەگەیشت بۆ دەیەوێت ئەو کچە باریکە لەڕولاوازە ببینێ، هیچ هۆیەکی بەهێزی نەبوو کە بەرەو لای ئەو کچەی ڕابکێشێت، بەڵام وێرای ئەمەش زۆر سەرسام بوو بەجوانیی دایکی کچەکە. ژنێک بوو تەمەنی سی و چوار ساڵ دەبوو ڕووخسارێکی خوێن شیرینی ئەسمەری هەبوو، نیشانەیەکی ڕەش لەسەر گۆنای ئەوەندەی تر جوانتر و نەخشینتری کردبوو، چەند جارێک بەڕێککەوت گوێی لێ بووە لەگەڵ ژنانی کۆڵان یان کچەکەی قسەی کردووە، زمانی ئەوەندە پاراو و لووس و شیرین و ناسک بووە وشەکانی بەئەسپایی لە دوو توێ لێو و ددانی دەرئەپەڕین و بەخێرایی تیشک بەرگوێی ئەوەی بەرامبەر دەکەوت، لە وتە و دواندنی ئەو ژنەوە بۆی دەرکەوت کە وشەش بۆنی تایبەت بەخۆی هەیە و، هەر پیت و وشەیەک لەپاش درکاندنی بۆنی جۆرەوجۆر ئاوپرژێن دەکات دەیزانی ئەو وشە جوان و ناسکانە ناتوانن لە بەردەم تەوژمی گوڕی ڕەشەبای وشە چەقۆ ئاساکان خۆیان ڕابگرن و بەپێوە ڕابوەستن. دەیزانی وشەی جوان و تەڕ و ناسک لە فەرهەنگی جنێو و وشە تاڵەکاندا جێگەی نابێتەوە بەڵام هەستێکی نامۆ جڵەوی هێز و توانای بەرەو دوورگەیەکی نەزانراو پەلکێش کردبوو، لە عیشوەی خۆشترین ساتەکانی ژیانی خەونە ناخۆشەکەی دوێنێ شەو جارێکی تر ڕای چڵەکاند، تەزوویەکی کارەبا ئاسا برووسکەیەک لە تەوژمێکی سارد بە شادەمارەکانی خوێنبەری بەگەڕ خستبوو، ئێجگار لەو خەونە ترسناکە تۆقیبوو، بۆ ئەوەی خوای گەورە لە بەڵا و کارەسات بیانپارێزێت پارەی مەسروفی ڕۆژانەی کرد بەخێر و دای بەسواڵکەرێک .

ئاراستەی چاوی بەرەو دوور دەیڕوانی جووڵەی تیشکی چاوی بڕیبووە ئەو پەیکەرەی ئەو سەرشەقامەکە، کە هێشتا زۆری مابوو بگاتە لای و لێیەوە دوور بوو، بێگومان ئەوەی دەزانی ئەو پەیکەرەیە کە سەدان جار بەتەنیشتییەوە ڕۆیشتووە بۆ لای دوکانەکەی باوکی، بەڵام هەرگیز ناوی خاوەنی ئەو پەیکەرەی نەدەزانی و نەیدەزانی کێیە و چ کارێکی بۆ شارەکەیان کردووە تا پەیکەرەکەی لەناو چەقی شەقامەکە بۆ دابنێن. جووڵەی بیرەوەرییەکانی بەرەو دواوە گەڕایەوە لە قوتابخانەکەیدا لەنگەری گرت وانەی یەکەم زانست بوو، قوتابییەکان کشومات و بێدەنگ بوون هەندێکیان خەوی ئەو بەیانییە بەریانی نەدابوو، لە هاوێنەی وردبینی بیرەوەرییەکەیەوە تەختە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە بەرامبەر دانیشتنی قوتابیان گەورە کرایەوە گەورەتر کرایەوە بەخەتێکی درشت لەسەر تەختە سپییە هەڵواسراوەکە بەقەڵەمی ماجیکی ڕەش نووسرابوو:

"چۆن بە بەردبووەکان ڕوودانی گۆڕانەکان دەردەخەن؟" مامۆستای زانست کەوتە باسکردنی بە بەردبووەکان وتی:

– بە بەردبووەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ژیان لەسەر زەوی بەردەوام لەوە نەچووە کە ئەمڕۆ هەیە، لە کۆندا داینەسۆرەکان و ماموسی توکن هەبوو، ئێستە لەناوچوونە و نەماون بەڵام بەهۆی

بە بەردبووەکانەوە دەتوانین ئەوە بزانین کە ئەو جۆرە گیانەوەرانە پێشتر هەبوونە ولەچاخە کۆنەکاندا ژیاون. ئێستە بەڵگەی بوونیان بەتەنیا لەسەر تاوێرە نیشتەنییەکانە و بوونەتە بە بەردبوو، مامۆستا پرسیاری لە قوتابییەکان کرد کێ پێناسەی بە بەردبووەکانم بۆ دەکات؟ کێ دەزانێت بەبەردبووەکان چییە؟ یەک دوو قوتابی هەڵسان بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی وەڵامەکەی بە تەواوی بدەنەوە، ئەو هەستا بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

– بە بەردبوو پاشماوەی یان جێماوەی ژیانی کۆنە کە لە هەندێ تاوێری نیشتەنیدا دەیدۆزینەوە.

زاراوەی دەیدۆزینەوە لە پانتاییی خەیاڵی بیرکردنەوەیدا پەڕییە سەر زاری بەڵام جارێکی تر هێزی کێشکردنی وشەکە وەکو ڕووبارێکی بەهاژە و لرفەوە شەپۆلی سەرکەشی بەرەو دوور ڕای کێشا، بیری بەرەو لای دایکی ڕزگاری دراوسێیان چوو، بە تەنیا ئەو کوڕەی شک دەبرد پێش شازدە ساڵ بەر لە ئێستە سەری خۆی هەڵگرت بەنیازی ئەوەی سەفەر بکات بۆ هەندەران ئیتر لەوساوە کە ڕۆیشتووە هیچ هەواڵێکی لێ نەهاتووە، هەندێک دەڵێن لە ئاوی ئیجە خنکاوە، هەندێکی تر دەڵێن لە ئەوروپا زیندانی کراوە، هەندێک دەڵێن هاوڕێکانی بۆ پارەکەی کوشتوویانە و لە ڕێگە فڕێیان داوە. هیچ سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو ڕاستی و دروستیی ئەو قسانەی نەسەلماندووە. هەنگاوەکانی ماندوویەتیی پێوە دیاربوو، خاوتر بوونەوە... نەگەیشتبووە لای پەیکەرە بە بەردبووەکە... گوڕ و تینی تەوژمی تەقینەوەیەکی بەهێز ڕەشەبایەکی خۆڵبارینی لەو ناوەدا خولقاند، هێزی تەقینەوەکە سەر و پەلەکانی پەیکەرە بە بەردبووەکەی لێ کردبووەوە، بە بەردبووەکە جووڵا، گرمە و ناڵەی تەقینەوەکە دەنگێکی ئەوەندە بەهێز و بەگوڕ بوو، هەموو جووڵەکانی ڕاگرت، جووڵەی کاتژمێرە گەورەکەی سەر پردەکە، جووڵەی هەناسەی سییەکان، جووڵەی زمان و لێو و ددان بۆ کارگەی دەنگسازی، لەو کاتەدا ئەویش بەدەمدا کەوتبوو، دوای چەند چرکەیەک هەستا و کەمێک خۆی داتەکاند و پاک کردەوە، کەمێک بۆ کارتی نمرەکانی گەڕا ئەمجا لە شوێنێکی دوورتر دۆزییەوە. نە ئەو کاتە نە ڕۆژانی دواتریش ڕووداوەکانی پاش تەقینەوەکەی هەرگیز لە بیر نەمابوو بەتەنیا ئەوەندەی لە یاد بوو نەیدەزانی ئەو ڕۆژە بووە یان ڕۆژی دواتر بوو لافیتەیەکی ڕەش لەبەر دەرگەی ماڵیان هەڵواسرابوو بەخەتێکی سپی تیا نووسرابوو کە باوکی لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستی شەهید کراوە.

کورت ڤۆنێگات

# پیاسەیەکی دوور و درێژ بۆ هەتا هەتا

له فارسییەوه: عەبدولخالق یەعقووبی

پێکەوە دراوسێ بوون و پێکەوەش گەورە بووبوون، لە سووچێکی شارەکەیان نێزیک کێڵگە و دارستان و باخە میوەکان، نێزیک دیمەنی بورجی کەڵەزەنگێکی جوان، کە هی قوتابخانەی منداڵە کوێرەکان بوو.

ئێستە ئەوان بوونەتە بیست ساڵان و ئەوە بۆ ساڵە وەختێک دەچێت چاویان بە یەکتری نەکەوتووە. هەمیشە لەگەڵ یەک تەباورەبا بوون و بەگاڵتە و پێکەنین رایان دەبوارد، بەڵام هیچ کات باسی عیشق و دڵداری لە نێوانیاندا نەهاتبووە گۆڕێ.

ناوی کوڕەکە نوت (Newt) و ناوی کچەکە کاترین (Cathrine) بوو. رۆژێک دوای نیوەڕۆ نوت لە زەنگی ماڵی کاترینی دا.

کاترین دەرگەی کردەوە. بەتەماشای کۆوارێکی مۆدەوە سەرقاڵ بوو، کۆوارێکی تایبەت بە تازە بووکەکان.

کاترین گوتی: "نوت!". لەوەی چاوی بەنوت دەکەوێ واقی وڕما بوو.

نوت گوتی: دێی پیاسەیەک بکەین؟

نوت کوڕێکی شەرمن بوو، تەنانەت لای کاترینیش، شەرمنییەکەشی لەژێر پەردەی هەڵیت و پڵیتبێژیدا دەشاردەوە. وەک بڵێی زۆر دوور لەو شتەی کە لە راستیدا کەڵکەڵەی ئەو بوو راوەستابوو. وێ دەچوو مەئموورێکی نهێنیکار بێت، کە بۆ چەند چرکەیەک سەبارەت بەمەئمووریەتی خۆی بۆ شوێنی جوان و دوور یان ناحەزی دنیا دڕدۆنگ مابێتەوە. ئەم شێوە قسەکردنە خوو و خدەی هەمیشەیی ئەو بوو، تەنانەت لەو کاتانەی کە پێوەندییان بەهیوابڕاوی و

ناهومێدیی ئەوەوە بوو.

کاترین گوتی: پیاسە بکەین؟

نوت گوتی: هەنگاوێک پێشتر لە خەڵکانی تر، لەنێو گەڵا و بەرگی درەختان، لەسەر پردەکان...

کاترین گوتی: پێم وا نەبوو لەنێو شار بی.

– تازە گەیشتمە جێ.

– وا دیارە هێشتاش سەربازییەکەت تەواو نەبووە.

نوت وەڵامی داوە: "نێزیکەی حەوت مانگم ماوە". ئەو سەربازی تۆپخانە بوو.

یونی فۆرمەکەی گنجی تێ کەوتبوو و پۆتینەکانی تەپ و تۆزیان لەسەر نیشتبوو. ریشی پێویست بوو بتاشرێت. دەستی بۆ وەرگرتنی کۆوارەکە درێژ کرد: دەکرێ سەیرێکی ئەم کۆوارە جوانەت بکەم؟

کاترین کۆوارەکەی پێ دا: نوت! من بڕیارە شوو بکەم.

– دەزانم. وەرە بابچین پیاسە بکەین.

کاترین گوتی: نوت من زۆر سەرقاڵم... زەماوەندەکەم هەفتەکەی ترە.

نوت گوتی: ئەگەر بچین پیاسە بکەین، کەیفت ساز دەبێ. پیاسە دەتکاتە بووکێکی نەشمیلانە.

نوت لاپەڕەکانی کۆوارەکەی هەڵدەدانەوە. "بووکێکی جوان وەک ئەمە... وەک ئەمەیان.... وەک ئەمە.... ئەمەیان...". تازە بووکە جوانەکانی نێو کۆوارەکەی نیشانی کاترین دا.

کاترین نوقمی روانین لە تازە بووکەکان بوو و بیری لێ دەکردنەوە.

نوت گوتی: ئەمە خەڵاتی منە بۆ هێنری ستوارت چازێن. تۆ دەبەم بۆ پیاسەکردن و ئینجا بووکێکی کەیفخۆشم خەڵاتی ئەو کردووە.

کاترین گوتی: تۆ ناوەکەی دەزانی؟

نوت گوتی: دایکم نامەی بۆ نووسیم. خەڵکی پیتسبورگە؟

– ئەرێ، تۆ شێوەی ئەو دەدەی.

– لەوانەیە.

– نوت، پێت دەکرێ، پێت دەکرێ بێی بۆ زەماوەندەکە؟

– پێم وا نییە.

– ماوەی ئیجازەکەت زۆر نییە؟

نوت وەڵامی داوە: "ئیجازە؟!" خەریک بوو رێکلامێکی دوو لاپەڕەیی لە بابەت قاپ و کەوچکی زیوین دەخوێندەوە.

– من ئیجازەم وەرنەگرتووە.

کاترین گوتی: شتی چاک بڵێ.

– من کارێکم کردووە کە ئەوان پێی دەڵێن "غیابی بێ ئیجازە"!

کاترین گوتی: شتی چاک بڵێ نوت! تۆ خۆ ئەو کەسە نی ئەوان باسی دەکەن.

نوت وەڵامی دایەوە: "دڵنیام کە هەر ئەو کەسەم." هەر وا بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کۆوارەکەوە سەرقاڵ بوو.

کاترین گوتی: بۆ چی نوت؟

"من دەبێ بزانم زیوی دڵخوازی تۆ چییە." جۆری زیوەکانی نێو کۆوارەکەی خوێندەوە: "ئالبیمار، هیتێر، لیجێند، یانرەمبیلێ رۆز؟"

نوت لێی روانی و پێ کەنی: من بەنیازم کەوچکێک بدەم بەتۆ و هاوسەرەکەت.

کاترین گوتی: نوت... نوت، راستییەکەیم پێ بڵێ.

– پێم خۆشە بچین پیاسە بکەین.

کاترین پەنجەی دەستەکانی بەجۆرە دڵتەنگییەک لەنێو یەکدا گوشی: ئەرێ نوت، دەزانی تۆ سەبارەت بەوەی غیابی بێ ئیجازەت کردووە من بەگەمژە دەزانی.

نوت وەک پاسەوانێکی میهرەبان برۆی هەڵتەکاند.

کاترین گوتی: کوێ؟ لە کوێوە؟

– قەڵای براگ

– کارۆلینای باکور؟

نوت گوتی: ئەرێ، نێزیک فایتویل، ئەو جێیەی سکالا ئۆهارا دەچوو بۆ قوتابخانە.

– چۆن گەیشتیتە ئێرە، نوت؟

نوت قامکە کەڵەی هەڵێنا و بەنیشانەی راگرتنی تەکسی رایوەشاند:

– دوو رۆژ.

کاترین گوتی: دایکیشت دەزانێ؟

وەڵامی داوە: من نەهاتووم چاوم بەدایکم بکەوێ.

کاترین پرسی: هاتووی چاوت بە کێ بکەوێ؟

– تۆ.

– بۆچی من؟

– چونکە خۆشم دەوێی. ئێستە دەکرێ بچین پیاسە بکەین؟ هەنگاوێک پێشتر لە خەڵکانی تر، لەنێو گەڵا و بەرگی درەختان، لەسەر پردەکان.

هەنووکە ئەوان پیاسەیان دەکرد، لە دارستانێکی پڕ لە گەڵا و بەرگی قاوەییدا.

کاترین رقی هەستا بوو و زۆری لێ دەگوت.

کوڵی گریانی هەستا بوو. "نوت، ئەم کارە کارێکی تەواو گەمژانەیە."

– چی شتێک گەمژانەیە؟

– بۆچی لە کاتێکی وا تێکەڵ و پێکەڵدا پێم دەڵێی خۆشم دەوێی؟

بۆ ساتێک راوەستا:

– تۆ پێشتر لەم بارەیەوە هیچت پێ نەگوتبووم.

نوت وەڵامی دایەوە: باشتر وایە لەسەر پیاسەکردنی خۆمان بەردەوام بین.

– نا! هەر تاکو ئێرە، زیاتر نا. من هەر نەدەبوو لەگەڵ تۆ هاتبایەم.

– بەڵام ئێستە خۆ هاتووی.

– هاتم هەر تا بەردەرگەی ماڵێ بەرێت بکەم؛ ئەگەر کەسێک بێرەدا بێ و گوێی لێ بێ تۆ باسی چی دەکەی، ئەویش حەوتوویەک بەر لە زەماوەندەکەم...

نوت گوتی: ئەوان فکریان بۆ چی دەچێ؟

– ئەوان پێیان وا دەبێ تۆ شێت بووی.

نوت گوتی: بۆچی؟

کاترین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا: باپێت بڵێم من زۆر زۆر بۆ ئەو گەمژێتییەی کردووتە رێز دادەنێم. من پێم وا نییە تۆ بەراستی غەیبەتی بێ ئیجازەت کردووە، هەرچەند لەوانەیە کردبێتت. من ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە تۆ بەراستی منت خۆش دەوێ. گەرچی لەوانەیە منت خۆش بوێ، بەڵام...

– من خۆشم دەوێی.

– باشە، من زۆر زۆر رێزم هەیە بۆت، پێم خۆشە ببمە هاوەڵت، من زۆرم پێ خۆشە... بەڵام لەمێژە وەختی بەسەرچووە.

کاترین هەنگاوێکی بەرەو لای نوت هەڵێنا: "تۆ هەرگیز تەنانەت ماچت نەکردووم." هاوسەنگیی لەشی بەدەستەکانی پاراست: هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە ئێستە ئەم کارە بکەی. تەنیا نیازم ئەوەیە بڵێم شتەکان هەموو بۆ من چاوەڕواننەکراو بوون. من هیچ بۆچوونێکم، هەرچەندەش دوورەزەین، سەبارەت بەوەی چۆن جوابت بدەمەوە لە مێشکدا نییە.

نوت گوتی: هەر تۆزێک پیاسەی زیاتر... رابواردنێکی خۆش.

دیسان پیاسەیان دەست پێ کردەوە.

کاترین گوتی: چاوەڕێی چیت وەڵام بدەمەوە؟

نوت گوتی: چۆن بزانم چاوەڕێی چیم؟ من پێشتر هیچ کات لە بارودۆخێکی وادا گیرم نەخواردووە.

کاترین گوتی: باشە تۆ پێت وایە من خۆم دەخەمە ئامێزتەوە؟

- لەوانەیە.

- بۆت بەداخم کە ناهومێدت دەکەم.

نوت گوتی: من ناهومێد نیم و هەر بیریشی لێ ناکەمەوە. ئەوەی زۆرم بەدڵە تەنیا پیاسەکردنە.

کاترین دیسان راوەستا: تۆ دەزانی قەرارە چی روو بدا؟

- نا.

- ئێمە تۆقە دەکەین و دەبینەوە هاورێ و هاوەڵی یەکتر. ئەمە ئەو شتەیە بڕیارە روو بدات.

نوت سەری راوەشاند: وایە، جارە جارە وەبیر خۆتم بێنەوە چەندەم خۆش دەویستی.

کاترین بێ ئەوەی بەدەست خۆی بێت دەستی کرد بەگریان. پشتی لە نوت کرد و لە فەزای بەربڵاوی نێو درەختەکانی دارستانی ڕوانی.

نوت گوتی: ئەم کارەت مانای چییە؟

کاترین گوتی: "شێتە!" پەنجەکانی کردنە مشت: "تۆ هەقت نییە..."

- من دەبوایە بەم شتەم زانیبایە.

کاترین گوتی: ئەگەر من تۆم خۆش ویستبا، تا ئێستە ئیجازەی ئەوەم پێ دەدای.

- تۆ ئەو ئیجازەیەت پێ دام.

کاترین گوتی: "ئەرێ." رووی لە نوت کردەوە و لێی روانی. دەموچاوی تەواو سوور هەڵگەڕابوو: "تۆ دەبوایە ئەمەت زانیبایە؟"

- چۆنا و چۆن؟

ئەو گوتی: تۆ دەبوایە بەم بابەتەت زانیبایە. ژنان لە شاردنەوەیدا هێندە زیرەک نین.

نوت هەنووکە نوقمی چاوبڕین لە سیمای کاترین بووبوو. کاترین بەحاڵەتێکی سەرسووڕمانەوە زانی کە ئەو شتەی گوتبووی راستە، ئەوەی کە ژن ناتوانێ عیشقی خۆی بشارێتەوە.

نوت ئێستە لە عیشق دەگەیشت و ئەو کارەی دەیویست بیکا کردی: کاترینی ماچ کرد.

- تۆ ئەوەندە هیچ و پووچی کە بۆم ناکرێ لەگەڵت هەڵبکەم.

کاترین ئەمەی ئەو کاتە گوت، کە نوت بەری دابوو.

نوت وەڵامی داوە: من هەر ئەوەم کە باسی دەکەی.

- تۆ نەدەبوو ئەم کارە بکەی.

- تۆ ئەم کارەت پێ خۆش نەبوو؟

- چاوەڕێی چی؟ شێتانە خۆم بخەمە بەردەستت؟

نوت گوتی: دیسان با پێت بڵێمەوە، من هەرگیز نازانم قەرارە لە داهاتوودا چی روو بدا.

کاترین لە وەڵامدا گوتی: ئێمە ماڵاوایی لەیەک دەکەین.

نوت تۆزێک تێک چوو و گوتی: باشە.

کاترین قسەکەی گۆڕی: من قەت بەوەی یەکتریمان ماچ کرد قەڵس نیم. ئێمە دەبوایە یەکتریمان ماچ بکردایە. ئێمە زۆر لەیەک نیزیک بووین. من هەمیشە بەیادی تۆم، نوت خۆشت بێ!

– تۆش هەروەتر.

– سپاس بۆ تۆ، نوت.

نوت گوتی: سی رۆژ.

– چی؟

– سی رۆژ زیندان. ئەمە ئەو شتەیە، کە قیمەتی ماچێک دێنێ.

کاترین گوتی: من... من پێم ناخۆشە، بەڵام خۆ من داوام لە تۆ نەکرد بێ ئیجازە غەیبەت بکەی.

– دەزانم.

– تۆ بەڕاستی شایانی هیچ خەڵاتێکی پاڵەوانی نیت، بەخاتری ئەم کارە گەمژانەیەت.

نوت گوتی: بۆ پاڵەوانێتی دەشێ باش بێ. ئەرێ هێن ریستوارت چازێن پاڵەوانێکی باشە؟

– لەوانەیە، ئەگەر بەختی ئەوەی هەبێت.

کاترین لەوەی دیسان پیاسەیان دەست پێ کردبووەوە هەستی بەخۆشی نەدەکرد. ماڵاواییان لە بیر چووبووەوە.

نوت گوتی: تۆ بەڕاستی خۆشت دەوێ؟

ئەو بەتووڕەیییەوە وەڵامی دایەوە: بەدڵنیایییەوە خۆشم دەوێ. ئەگەر خۆشم نەویستبا، نەدەبوومە ژنی.

نوت پرسی: چاکەی ئەو لە چیدایە؟

کاترین گوڕاندی: ڕاستی و پاکی. دیسان ڕاوەستا: ئەرێ دەزانی قسەکانت بۆنی جنێو دەدەن؟ هێنری زۆر زۆر زۆر چاکەی هەیە. بەڵێ، لەوانەشە زۆر زۆر زۆر خراپەی هەبێ، بەڵام خۆ هیچ کام لەوانە پێوەندییان بەتۆوە نییە. من هێنریم خۆش دەوێ و نامەوێ سەبارەت بە چاکە و شایستەییەکانی هیچ قسەیەک لەگەڵ تۆ بکەم.

نوت گوتی: ببوورە.

– بەڕاستتە؟

نوت دیسان ماچی کردەوە... چونکی کاترین خۆشی دەویست. ئەوان ئێستە لە باخە میوەیەکی گەورەدان.

کاترین گوتی: ئەرێ نوت، چەندە لە ماڵ دوور کەوتووینەتەوە؟

نوت وەڵامی دایەوە: هەنگاوێک پێشتر لە خەڵکانی تر... لەنێو گەڵا و بەرگی درەختەکان، لەسەر پردەکان.

کاترین گوتی: ئەوان رێگەی خۆیان دەدۆزنەوە... هەنگاوەکان.

لەو نێزیکانە، دەنگی کەڵەزەنگی بورجی قوتابخانەی مناڵە کوێرەکان بەرز بووبووەوە.

نوت گوتی: "قوتابخانەی مناڵە کوێرەکان." ئەو بەحاڵەتی گێژییەکی سەیروسەمەرەوە سەری ڕاوەشاند:

– هەر ئێستە دەمەوێ بگەڕێمەوە.

نوت گوتی: ماڵاواییم لێ بکە.

– هەر کاتێک ویستم دەیکەم. پێ دەچێ بۆ ماچکردن بشێم.

نوت لەژێر کۆمایەک وێنجەی ژێر دارسێوێک دانیشت و گوتی: دانیشە.

کاترین وەڵامی دایەوە: نا.

نوت گوتی: کارم پێت نەداوە.

– باوەڕ بەقسەت ناکەم.

کاترین لەژێر درەختێکی بیست هەنگاو دوورتر لەو دانیشت و چاوی لە سەریەک دانا.

نوت گوتی: بیر لە هێنری ستوارت چازێن دەکەیتەوە؟

– چی؟

– لە بیری مێردە هەرە باشەکەی داهاتووتدای؟

کاترین گوتی: ئەرێ، بیر لەو دەکەمەوە. چاوی توندتر لە سەریەک دانان و مێردەکەی هێنایە بەرچاوی.

نوت باوێشکی دا.

مێش هەنگوین لەنێو درەختەکاندا ویزەویزیان دەهات و کاترین کەم و زۆر خەوی لێ کەوتبوو. کاتێک چاوی کردەوە، دیتی نوت بەراستی خەوی لێ کەوتووە.

نوت بەهێمنی پرخەی دەهات.

کاترین لێ گەڕا نوت سەعاتێک بخەوێت و لەو ماوەیەی ئەو خەوتبوو بەدڵ بیری لەو دەکردەوە.

سێبەری درەختەکان رووەو رۆژهەڵات کشابوون. دەنگی کەڵەزەنگی بورجی قوتابخانەی مناڵە کوێرەکان دیسان بەرز بووبووەوە. چیک– چیک– چیک– چیک. عارەبانەیەک لەوێوە تێپەڕی. لە شوێنێکی دوورترەوە دەنگی هەڵکردنی ترۆمبیلێک، بەترەترو هاڕەهاڕەوە، دەبیسترا کە پاش چەند ساتێک بڕایەوە.

کاترین ژێر درەختەکەی جێ هێشت و بەرەو لای نوت چوو و لەوێ هەڵترووشکا و گوتی:

– نوت!

نوت وەڵامی دایەوە: "ها؟" چاوی کردنەوە.

– درەنگە.

– سڵاو کاترین.

– سڵاو نوت.

نوت گوتی: خۆشم دەوێی.

– دەزانم.

– زۆر درەنگە؟

– زۆر درەنگە.

نوت هەستایە سەرپێ، بەئاخ و ئۆخەوە تۆزێک لەشی ئەم بارەوبار کرد و گوتی:

– پیاسەیەکی تێروتەسەل.

کاترین گوتی: منیش هەر پێم وایە وا بوو.

– لێرەوە ئیتر ئێمە پێکەوە نابین.

– بڕیارە بۆ کوێ بچی؟

– ڕێی جادە دەگرمە بەر تا دەگەمە شار.

کاترین گوتی: خۆشت بێ.

نوت لە وەڵامدا گوتی: تۆش هەروەتر. شووم پێ بکە، کاترین.

– نا.

نوت بزەیەکی هاتێ. بۆ ساتێک بە وردی لێی ڕوانی و دوایی بەخێرایی ملی ڕێگای گرتە بەر.

کاترین چاوی لە نوت بڕی کە لەنێو دیمەنێکی پڕ لە سێبەر و درەخت، جار بەجار بچووکتر و بچووکتر دەبووەوە. ئەو دەیزانی ئەگەر نوت هەر ئێستە ڕاوەستابا و ئاوڕی لێ داباوە و بۆ لای خۆی بانگی کردبا، بەرەو لای هەڵدەهات. ئەو هیچ ڕێگایەکی بۆ هەڵبژاردن نەمابوو.

نوت ڕاوەستا. ئاوڕی دایەوە و بانگی کرد: کاترین.

کاترین بەرەو لای نوت هەڵات و باسکەکانی لە باڵای ئاڵاند.

قسەی بۆ نەدەهات.

سەرچاوە: ایپکاک، کورت ونەگات، داستان کوتاە، ترجمەی پرویزبراتی، رضانوحی، نشر کتاب نادر، تهران ۱۸۳۱، لاپەڕە ۱۷– ۲۸